گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٢)- (٢٤)ی شوبات ٢٠٢٥

# بازنەی گفتوگۆ پلاتفۆرمێکی کراوە بۆ بیرکردنەوە لە ناو بەها هاوبەش و خاڵە جیاوازەکان

### هۆشیار زێباری لە پەنێڵێکی بازنەی گفتوگۆدا:

# هەلێکی گەورەی مێژوویی بۆ کوردستان هاتووەتە پێشەوە دەبێت بە یەکڕیزی و بەرپرسیارییەوە سوودی لێ وەربگرین







# سەردانی وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی ئایاری ٢٠١٦

## ١٥٠

ڕۆژی ١٠ی ئایاری ٢٠١٦، ڕۆبێرتا بینۆتی، وەزیری بەرگریی ئیتالیا بە سەردانێک گەیشتە هەرێمی کوردستان و لە کۆبوونەوەکەماندا باسی بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان کرا. وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا داوای کرد ئاسانکارییان بۆ بکرێت بە مەبەستی هاتنی فەوجێکی سوپای وڵاتەکەی بۆ پاراستنی کۆمپانیا ئیتالییەکان لە بەنداوی مووسڵ. دیار بوو داوایان لە بەغدا کردبوو کە ڕێگەیان پێ بدرێت و بە فڕۆکە بگوازرێنەوە هەولێر، عەبادییش ڕازی ببوو بە مەرجێک چەند ئەفسەرێکی عێراق سەردانی هەولێر بکەن بە مەبەستی پشکنینی فڕۆکەکە، ئەوانیش بە داواکەی عەبادی ڕازی ببوون. ئێمەش زۆر بە توندی ڕەتمان کردەوە کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە کارێکی لەم شێوەیە نادرێت. بە وەزیری بەرگریی ئیتالیام گوت: ئەگەر عەبادی متمانەی بە ئێمە نەبێت، ئێمەش متمانەمان بە عەبادی نییە. فڕۆکەخانەی هەولێر کراوەیە بۆتان، بەڵام ئەو مەرجەی عێراق بەسەریدا سەپاندووین، بۆ ئێمە قابیلی قبووڵ نییە، بیر لە ڕێگەیەکی تر بکەنەوە.

# چاپکراوی نوێ






لە ئامادەکردنی (هيئة تحرير دار سعاد الصباح للثقافة والأبداع) بە چاودێریی خودی (سعاد محمد الصباح) و بە هاوکاریی کوردستان کرۆنیکل، کتێبی (عبدالحسين شعبان جمر الحروف في الطريق الى الحرية والحداثة والتنوير)وەك کتێبی ڕێزلێنان بە بۆنەی ڕۆژی (الوفاء) بە چاپێکی ناوازی قەبارە گەورە و(٤٦٠) لاپەڕە چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم کتێبە باس لە ئەزموونی قەڵەم و داهێنان و ڕۆشنگەریی کەڵە نووسەرێکی عێراق (د.عەبدولحسێن شەعبان) دەکات، وەك وەفایەك لە دەستپێشخەرییەکدا ئەم دامەزراوەیەی سوعاد ئەلسەباح ڕێز لەم کەسایەتییە ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و داهێنەرەی فیکر دەگرێت، ئەو نووسەرە بلیمەتە هەر لە سەرەتاوە ڕێبازی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی پەیڕەو کردووە، لەم بوارەدا چەندین میدالیا و ڕێزلێنانی پێشکەش کراوە، وەك خەباتگێڕێکی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ لە جیهانی عەرەبیدا میدالیای لە ساڵی ٢٠٠٣ پێ بەخشراوە، یەکێتیی مافپەروەرانی عەرەبیش میدالیای پێداوە وەك کەسایەتییەك چەندین جاری دیکە خەڵات کرابوو، دار سعاد الصباح لە ئاهەنگێکی شایستە و بەرچاودا کە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان سازکرا، بە ناوی (يوم الوفاء ) سەرجەم ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا کۆکردەوە کە لە میانی سیمینارێکدا بە ناوی (قراءة في فكر د. عبدالحسين شعبان) سازی کرد، چەندین ئەکادیمیست و مامۆستای زانکۆ و سیاسەتوان و نووسەر و ڕۆژنامەنووس پشکدار بوون.

بەشێکی دیکەی ئەم کتێبە بۆ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە تەرخان کراوە کە باس لە کەسایەتیی ئەم بیرمەند و نووسەرە دەکەن، کە بە نووسەر و توێژەر و داکۆکیکاری دەزانن کە لە ماوەی ژیانیدا مرۆڤێکی خاکی و عێراقی و نەتەوەیی بووە، پێوەندیی ڕاست و تۆکمەی لەگەڵ کورددا هەیە، بە تایبەیتش لەگەڵ نووسەر و ئەکادیمیست و ڕۆشنبیران لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەدا، هەر وەکو لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێکراوە، د.عەبدولحسێن شەعبان یەکێك بووە لە دۆست و پاڵپشتانی گەلی کوەیت، لە ساڵی ١٩٩٠ لەپاڵ ئەم وڵاتە وەستاوە و دژی ستەم و چەوسانەوە وەستاوەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئەرشیفێکی ڕۆژنامەنووسیی ئەم کەسایەتییە بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە چاپی کردوون، دواجار ئەلبوومێکی وێنەیشی تێدایە لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی و هونەری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی.. بە هیوای تەمەن درێژی بۆ نووسەر و ئەکادیمیست و بیرمەندی عەرەبی د. عەبدولحسێن شەعبان.




لە بڵاوكراوەكانی زانكۆی جیهان (ئەتڵەسی كوردستان ٩٧٧-١٩٦٤ زایینی)یە لە ئامادە و پێشكەشكردنی (د.نەوزاد یەحیا باجگر)، بە چاپێكی ناوازەی قەبارە گەورە كەوتە بەردەستی ڕۆشنبیر و جوگرافیناس و مێژوونووس و خوێنەرانی كوردستانەوە، ئەمەیان چاپی دووەمی زیادكراوە.


زانكۆی جیهان ئەم ئەركە پیرۆزەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە و بەم چاپە دەگمەن و ناوازە خستوویەتییە بەردەمی پەیوەندیداران، زیاتر لە (٨) ساڵە بەردەوام ئەو نەخشانە لە ئەرشیفی عوسمانی و چەندین ئەرشیفی گەورەی دیكەی، وەك ئەمریكی و بەریتانی و فەرەنسی و ئەڵمانی و وێبسایتە جیاوازەكانی ئەم بوارە كۆدەكاتەوە و وەك خۆیان خستوویەتیانە ڕوو، وەك دیاردەیەك لە پێناو دەرخستنی ڕاستییە مێژووییەكان، پێشكەش بە گەلی كوردی كردووە، بە دڵنیابوونەوەش لە ئاستی و دروستیی ئەم نەخشانە، هەر وەكو لە پێشەكی ئەم ئەتڵەسەدا ئاماژەی پێكراوە، دەتوانرێت سەردانی سەرچاوەكان بكرێت كە لە كۆتایی ئەم ئەتڵەسەدا نووسراون.

ئەم ئەتڵەسە خۆی لە خۆیدا تۆمارێكی مێژوویی نەتەوەی كوردە، تاپۆیەكە خاوەندارێتیی خاك دەسەلمێنێت، وەك ئەركێكی نیشتمانی، كۆمەڵێك گۆڕانكاری و زیادكردنی (٤٢) نەخشەی دەگمەن، لە چاپی دووەمی ئەڵەسی كوردستان، بخرێتە بەردەم خوێنەرانەوە، كە (١٤٨) نەخشەی گرنگ و دەگمەن لەخۆ دەگرێت، لەم هەزار ساڵەی دواییدا لە نێوان(٩٧٧-١٩٦٤) ی زایینی، لە چەند وڵاتێكی بیانیدا ئامادەكراون و بڵاوبوونەتەوە، تێیاندا ئاماژە بە ناوی كوردستان كراوە، بەمە ئەوە دەسەلمێنرێت كە كورد خاوەنی ئەم خاكەیە.

دانەیەك لە(ئەتڵەسی كوردستان ٩٧٧-١٩٦٤ زایینی) گەیشتووەتە گۆڤاری گوڵان، پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە ئامادەكارو پێشكەشكاری ئەم ئەتڵەسە د.نەوزاد یەحیا باجگر سەرۆكی دەستەی ئەمێندارییەتی زانكۆكانی جیهان و كۆكەرەوەی نەخشەكان( هەمزە ڕەحمان) دەكەین.. كە ئەم خزمەتەیان پێشكەش بە نەتەوەی كورد و كوردستان كردووە.



## چاپکراوی نوێ




(بووژانەوەی پەروەردە لە کابینەی نۆیەمدا) نووسینی مامۆستا (بەکر کەریم حەسەن) بە (١٧٤) لاپەڕە کەوتە بەردەستی پەروەردکار و مامۆستا و خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە، پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن بەڕێز دکتۆر (ئالان حەمە سەعید ساڵح) وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نووسراوە، بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کردووە کە بووژانەوەی پەروەردە لە کابینەی نۆیەمدا، یەکێکە لەو کتێبانەی کە بە گرنگییەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو گۆڕانکاری و هەوڵە ستراتیژییانەی کە لە کابینەی نۆیەمدا هەن لە چوارچێوەی کۆمەڵە وتارێکدا بڵاوکراونەتەوە، جیا لەوەش لە سی و دوو ناونیشاندا بابەتەکان خراونەتە ڕوو کە سوودیان هەیە بۆ کەرتی پەروەردە و دەبنە یەکێک لەو فاکتەرانەی بونیادنانی تواناکان بۆ کارمەندانی پەروەردە.

ئەم کتێبە کۆکراوەی سەرجەم ئەو وتارە پەرەوەردەییانەیە کە مامۆستا بەکر لە ساڵی ٢٠٠٧ - ەوە هەفتانە لە ڕۆژنامە و هەفتەنامە و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بڵاویان دەکاتەوە، کە لە هەر وتارێك لە وتارانە باسی کێشە و گرفت و سەرنج و دەستکەوت و ئەو تەوەرانە دەکرێت کە پێویستیان بە قسە لەسەر کردن و ئاوڕدانەوە هەیە، لە هەر وتارێك زانیاری و بابەتی پێویستی پەروەردەیی دەخرێتە ڕوو، کە بە دڵنیاییەوە شوێنپەنجەی ئەرێنی لە کۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن جێدەهێڵێت و پێویستی بە هەڵوەستە کردنە.

نووسەر لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە پلان و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکی ئومێدبەخش بوو، کە لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە هەنگاوی بۆ هەستانەوەی بزاڤی پەروەردە و فێرکردن هەڵهێنا، بنیاتنانی و ئیدارەدانی سیستەمی نوێی پەروەردە و فێرکردن بە کۆمەڵێك داهێنان و پەرەپێدانی نوێ و بیرکردنەوە و بڕیاردان لە پێویستییەکان بۆ پاشەڕۆژێکی باشتر و ئامادەکردنی مرۆڤی کوردستانی تاکو هەڵگری ئامانجی پێشخستنی نیشتمان بێت و ئەرکی پێشڕەوەی کردنی لە هەموو کایەکاندا پێ ڕاسپێردرێت، بەمە تروسکاییەکی ڕۆشن کەوتە نێو کایەی پەروەردەیی لە کوردستان. دەستخۆشی لە مامۆستا بەکر کەریم حەسەن دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە بەپێزەی، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

دڵشاد میران :

## هاتنی شاندی ئیمراڵی بۆ لای سەرۆک بارزانی خاڵێکی گەشبینە بۆ ئەوەی ئاشتییانە پرسی کورد ڕوو لە چارەسەرکردن بکات



فاروق حاجی مستەفا :

## پێگە و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەع و سیمبولی نەتەوەیی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان دیار و لەبەرچاوە



دکتۆر کاوە ئەزیزی :

## هاتنی شاندی ئیمراڵی بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی لەسەر داوای ئۆجەلان بووە کە بۆچوون و ڕۆڵی جەنابیانی لا گرنگ و کاریگەرە



پرۆفیسۆر جۆن موکوم مباکو :

## ڕەگ و ڕیشەی گەندەڵی بۆ لاوازیی دامەزراوەکان دەگەڕێتەوە







■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

ئەبوبەکر ئەتاچ :



**هاتنی شاندی ئیمراڵی و گەیاندنی پەیامی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر گرنگە و کاریگەریی لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی دەبێت**



نور فەرهاد:

**هیچ شتێک مەحاڵ نییە، هەر خەونێکیش هەوڵی بۆ بدەیت دەبێت بە ڕاستی**

**شیرەی چەوەندەر پەستانی خوێن دادەبەزێنێت**



**ژیری دەستکرد و چـــاویلکە نوێیەکان**





ڕیحان خەزنەوی :

**ئەوروپییەکان ئارەزوو دەکەن زیاتر ئاشنای هونەر و کلتووری کوردی بن**

دەریا عومەر :

**کاراتێ یارییەکی شەڕاناگێزی نییە، بەڵکو هونەری بەرگریکردنە**




ئیبراهیم ئەمین باڵدار
کۆماری عێراق
وەزارەتی پەروەردە
ئەلف وبێ ی نوێ

# زمانی کوردی ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کوردە



**غەفوور مەخمووری**
سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

زمانی کوردی کە ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کوردە، بەردەوام لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هەوڵی قەدەغەکردن و لەناوبردنی دراوە. زمان وەك تایبەتمەندییەکی نەتەوەیی، ئەویش کەوتووەتە بەر مەترسیی شاڵاوی بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بەفارسکردن. لێرەدا دەمانەوێت باس لە دژایەتییەکانی زمانی کوردی لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بکەین. هەر لە کۆنەوە شۆڤێنییەتی عەرەب و تورك و فارس ویستوویانە زمان و کەلتووری کورد بسڕنەوە و زمان و کەلتووری خۆیان سەر کورد بسەپێنن، بۆ نموونە: ئەگەر باسی دەسەڵاتی عەرەبی بکەین، دەبینین لە پاش جەنگی قادسییە لە ٦٤٠ی زایینیدا، کە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی کوردستان بوو لەلایەن عەرەبەوە، ئەو دەستبەسەرداگرتنە عەرەبییە بزووتنەوەیەکی بەعەرەبکردن بوو بۆ بچووککردنەوە و سڕینەوەی بەها نەتەوەییەکانی کورد و پشتگوێخستنی زمان و کەلتووری کورد، و کارکردن بۆ بڵاوکردنەوە و سەپاندنی زمان و کەلتووری عەرەبی، بەمەش ویستیان زمان و کەلتووری کورد لەناو ببەن، بەڵام خۆشبەختانە زمان و کەلتووری کورد لەسەر دەستی هۆزانڤان و ڕۆشنبیرانی کورد پارێزراو مایەوە.

زمانی هەر نەتەوەیەك لەگەڵ لەدایکبوونی نەتەوەکەدا لەدایك دەبێت، بۆیە دەسەڵاتی عەرەبی بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد هەوڵی سڕینەوە و نەهێشتنی زمانی کوردیی داوە، ئەم هەوڵدانەش لە سەدەکانی ڕابردووەوە تا ئێستا درێژەی هەیە.

لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی عێراقیشدا کار بۆ پشتگوێخستن و سڕینەوەی زمانی کوردی کراوە. دوای دروستکردنی عێراق، کەسێکی شۆڤێنیی عەرەب کە ناوی (ساطع الحصري) بوو، کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی زانیاری (المعارف) و لە ماوەی نێوان (١٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٣ تا ٣١ی تەمووزی ١٩٢٧) لە کارەکەیدا مایەوە. (ساطع الحصري) کەسێکی شۆڤێنی بوو، لای ئەوەوە زمان یەکەم پێوەر بوو بۆ خۆبەستنەوەی بە وڵاتی عەرەبییەوە، ڕای وابوو هەر کەسێك بە عەرەبی قسە بکات ئەوە عەرەبە، جا ئایین، یا ڕەگەز، یا مێژووی هەرچییەك بێت. «ساطع» هەوڵی دەدا زمانی کوردی پشتگوێ بخات و بیانووی زۆری دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی کورد بە زمانی خۆی نەخوێنێت و بە زمانی عەرەبی بخوێنێت، ئەوەشی بۆ ئەوە بوو وردە وردە زمان و کەلتووری کوردی بسڕێتەوە. بێگومان هەر

**هەرچەندە لە بڕگەی (ب)ی ماددەی حەوتەمی دەستووری کاتیی عێراقدا هاتووە کە (زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت شان بەشانی زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا)، بەڵام زۆر بە کەمی کار بەو دەقە کراوە**

**ئەگەر لە عێراقدا خوێندنیش بە زمانی کوردی بووبێ، ئەوا بە شتێکی کەمبایەخ سەیر کراوە و پرۆگرامی خوێندن هەمان پرۆگرامە عەرەبییەکە بووە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی**

زمانێك كە پێی نەخوێندرێت و پێی نەنووسرێت، پێش ناكەوێت و گەشە ناكات.

پاشتر ڕژێمی كۆماریی عێراق لە ساڵی ١٩٦٠دا دەستی كرد بە ڕاگواستنی مامۆستایانی كورد لە كەركووك (فەرمانێكی وەزاریی دەركرد و ڕەوانەی كردن بۆ بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی لیوای كەركووك، بۆ ئەوەی هەرچی دەرچووانی «دارالمعلمین» و «معلمات» هەیە لە كوردەكان لە سلێمانی دابنرێت، نەك لە كەركووك)، ئەوەش هەوڵێك بوو بۆ نەهێشتنی خوێندنی كوردی لە كەركووكدا. خوێندنی كوردی و بزاڤی كەلتووریی كورد بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی عەرەبییەوە، چ لە عێراق و چ لە سووریادا دژایەتی كراوە. هەرچەندە لە بڕگەی (ب)ی ماددەی حەوتەمی دەستووری كاتیی عێراقدا هاتووە كە (زمانی كوردی زمانی ڕەسمی دەبێت شان بەشانی زمانی عەرەبی لە ناوچە كوردییەكاندا)، بەڵام زۆر بە كەمی كار بەو دەقە كراوە. ڕژێمی عێراق بەتایبەت بەعس، بۆ ئەوە سوودی لە زمانی كوردی وەرگرتووە، تا بیروبۆچوونە بۆگەنەكانی خۆی لە ڕێی زمانی كوردییەوە بگەیەنێتە كورد، ئەگەرنا بەردەوام دژایەتیی زمان و كەلتووری كوردی كردووە و بڕیاری تایبەتی لەم بارەیەوە داوە. بڕیاری **٦٣٢** لە **١٩٨٩/١٠/٧**ی بەناو (ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕشی عێراق) زۆر ڕاشكاوانە دژایەتیی زمانی كوردی دەكات و بە شتێكی بێبایەخی دادەنێت. لە بڕگەی یەكەمی ئەو بڕیارەدا هاتووە كە قوتابی بە دەرنەچوو (راسب) دانانرێت، ئەگەر هاتوو لە وانەی زمانی كوردیدا دەرنەچوو، ئەو بڕیارەش هەموو ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە كە زمانی كوردییان تێدا دەخوێندرێت. لە بڕگەی دووەمیشدا بڕیارەكە كراوە بە بڕیارێكی یەكلاییكەرەوە و تێیدا هاتووە (كار بە هیچ دەقێكی دیكەی پێچەوانەی ئەو دەقە ناكرێت).

ئەگەر لە عێراقدا خوێندنیش بە زمانی كوردی بووبێ، ئەوا بە شتێكی كەمبایەخ سەیر كراوە و پرۆگرامی خوێندن هەمان پرۆگرامە عەرەبییەكە بووە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی، پرۆگرامەكەش بە هیچ شێوەیەك گوزارشتی لە كۆمەڵی كوردەواری نەكردووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پرۆگرامی خوێندنی كوردی لە عێراق بكەین، دەبینین لە بابەتی مێژوودا مێژووی نیشتمانی عەرەب و، لە بابەتی جوگرافیادا جوگرافیای نیشتمانی عەرەب و لە بابەتەكانی دیكەشدا هەر هەمووی هی عەرەب دەخوێندرا، ئەوەش بۆ ئەوە بووە كە خوێندەڤانی كورد هەمیشە عێراق بە وڵاتی خۆی بزانێت و لەڕێی عێراقیشەوە (نیشتمانی عەرەبی) بە نیشتمانی خۆی بزانێت و مێژوو و جوگرافیا و شارستانییەتی ئەوانیش بە هی خۆی بزانێت، و هەست نەكات كە كوردستان نیشتمانی ئەوە و بەشێكی بە زۆر بە عێراقەوە لكێنراوە و داگیر كراوە.

ڕژێمی بەعس بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی زمان و كەلتووری كوردیی داوە و قوتابخانە كوردییەكانی داخستووە، لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٠-٢٠٠١)ـەوە لە سەرتاسەری عێراقدا لە هیچ قوتابخانەیەكدا خوێندنی بە زمانی كوردی نەهێشت و هەمووی كرد بە عەرەبی، لە (كەركووك، مەخموور، شنگال، زوممار، قەراج، خانەقین، .. و شوێنانی دیكە) و خوێندنی عەرەبی بە سەر كورددا سەپاند.

لەو ڕێیەوە ڕژێمی عێراق ویستوویەتی زمان و كەلتووری خۆی كە عەرەبییە بە سەر كورددا بسەپێنێت و زمان و كەلتووری كوردیش كەمبایەخ بكات. ئەگەر سەیر بكەین، دەبینین ئێستاش كاریگەرییەكی زۆری زمان و كەلتوور و هزر و سیاسەتی عەرەبی بەسەر ڕۆشنبیرانی كورد لە باشووری كوردستاندا دیارە، ئەمە بۆ ڕۆژئاوای كوردستانیش ڕاستە، لەبەر ئەوەی نەتەوەی سەردەست هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات هەموو شتێكی خۆی بەسەر نەتەوەی بندەستدا بسەپێنێت. ئەوەی ڕژێمی بەعس لە سووریا و عێراق دژی زمانی كوردی كردی، توركیا و ئێرانیش بە هەمان شێوە و زیاتریش دژایەتیی زمانی كوردییان كردووە، ئەمەش وای كردووە لە باكوور زمان و كەلتووری كوردی بكەوێتە ژێر كاریگەریی زمان و كەلتووری توركی و لە ڕۆژهەڵاتیشدا كاریگەریی زمان و كەلتووری فارس بەسەر زمان و كەلتووری كورددا هەیە.

ئەم سیاسەتەی داگیركەرانی كوردستان سێ واقیعی كەلتووریی جیالە یەكی دروست كردووە و، وای كردووە، كەسایەتیی تاكی كورد بشێوێندرێت و هەست بە نامۆبوونی كەلتووری بكات. بۆ سڕینەوەی ئەم واقیعە تاڵە پێویستیمان بەوە

**ئێستاش كاریگەرییەكی زۆری زمان و كەلتوور و هزر و سیاسەتی عەرەبی بەسەر ڕۆشنبیرانی كورد لە باشووری كوردستاندا دیارە**

**ئەوەی ڕژێمی بەعس لە سووریا و عێراق دژی زمانی كوردی كردی، توركیا و ئێرانیش بە هەمان شێوە و زیاتریش دژایەتیی زمانی كوردییان كردووە**

**پێویستیمان بەوە هەیە كە شۆڕشێكی كەلتووری بەرپا بكەین بۆ بنیاكردنەوەی كەسایەتیی تاكی كورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون و پەیوەستبوون بە زمان و خاك و كەلتوور و بەها نەتەوەییەكان**

**عێراق بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی زمان و كەلتووری كوردی داوە و كەنارگیری كردووە، ئێران و توركیا و سووریا، ئەوانیش زۆر لە عێراق خراپتر كاریان لەسەر شێواندن و قەدەغەكردنی زمانی كوردی كردووە**



مامۆستا ئیبراهیم و مامۆستا تۆفیق - ١٩٦٠ ئەمەریکا

هەیە کە شۆڕشێکی کەلتووری بەرپا بکەین بۆ بیناکردنەوەی کەسایەتیی تاکی کورد لەسەر بنەمای باوەڕبەخۆبوون و پەیوەستبوون بە زمان و خاك و کەلتوور و بەها نەتەوەییەکان، لەم ڕێیەوە پێویستە هەستی عێراقیبوون و تورکیاییبوون و ئێرانیبوون و سووریاییبوون لە هزری تاکی کورددا بسڕینەوە، بۆ ئەوەی تاکی کورد وەك کوردێك و وەك کوردستانییەك پێناسەی خۆی بکاتەوە.

وەك لای هەموو لایەکمان ڕوونە، لە هەریەك لە وڵاتانی تورکیا و سووریا و ئێراندا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغەیە و ڕێی پێ نادرێت و کوردیان ناچار کردووە بە زمانی ئەوان بخوێنن و بنووسن، دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە کۆنەوە تا ئێستا زمانی خۆیان بەسەر کورددا سەپاندووە و کورد بە ناچاری زمانی دەستەڵاتدارانیان لە کاروباری فەرمیدا بەکار هێناوە، وەك لە پێشەوە باسمان کرد، عێراق بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی زمان و کەلتووری کوردی داوە و کەنارگیری کردووە، ئێران و تورکیا و سووریا، ئەوانیش زۆر لە عێراق خراپتر کاریان لەسەر شێواندن و قەدەغەکردنی زمانی کوردی کردووە.

لە سووریا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغەیە و تەنیا دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت، ئەمەش لە ماددەی (٤)ی دەستووری سووریادا جێگیر کراوە، کە دەڵێت: «زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمییە». شۆڤێنییەتی عەرەبی هەستی بەوە کردووە، کە ئەگەر زمانی کوردی ڕێی پێ بدرێت، ئەوا گەشە دەکات و تایبەتمەندییەکانی خۆی دەپارێزێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا هەستی کوردبوون لەلایەن تاکەکانی کوردەوە بەردەوام گەشە بکات، بۆیە کەوتووەتە دژایەتیکردن و قەدەغەکردنی زمانەکەمان. بێگومان زمان هۆکاری لە یەکترگەیشتن و خوێندن و نووسین و بیرکردنەوەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی هەر نەتەوەیەك، بۆیە داگیرکەران بۆ سڕینەوەی بوونمان وەك نەتەوەیەك بەردەوام شەڕی نەهێشتنی زمانی کوردییان کردووە.

لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتی و قەدەغەکردنەشدا زمانی کوردی لە ڕێی ڕۆشنبیرانی کورد بەردەوام بەرەنگاری داگیرکەرانی کوردستان بووەتەوە و خۆی پاراستووە و لە گەشەکردنیشدایە، بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بەفارسکردن مەترسییەکی زۆری بۆ سەر مانەوە و گەشەکردنی زمانەکەمان هەبووە و هەیە و بووەتە هەڕەشە لەسەر نەهێشتن و سڕینەوەی زمانەکەمان، بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کار بکەین بۆ سڕینەوەی کاریگەرییەکانی زمان و کەلتووری داگیرکەران لەسەر زمانی کوردی و تێکۆشین لە پێناو بایەخدان بە زمانی کوردی و پێشخستنیدا.

**پێویستە هەموو لایەکمان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کار بکەین بۆ سڕینەوەی کاریگەرییەکانی زمان و کەلتووری داگیرکەران لەسەر زمانی کوردی**



# ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی چوارەم کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست





## ١
## بازنەی گفتوگۆ پلاتفۆرمێکی کراوەیە بۆ بیرکردنەوە لە ناو بەها هاوبەش و خاڵە جیاوازەکانماندا

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣، کاتێك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لەبەر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەنگاوێکی پراکتیکیی گرنگی هەڵگرت بۆ دامەزراندنی ئۆرگانێکی سەربەخۆ بەناوی «بازنەی گفتوگۆ»، کە پێشتر لە ساڵی ٢٠٢٢ وەك پێشنیار لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە پەسەند کرابوو، بەڵام نەتوانرا جێبەجێ بکرێت.

بیرۆکەی پێشنیاری ئەم پڕۆژەیە بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ» ئەوە بوو کە دیسان بەرهەمی گفتوگۆی گەڕان بوو بە دوای ئەو پرسیارەی «بۆچی لەم نیشتمانەدا پلاتفۆرمێکی کراوە نەبێت، کە بتوانین ئازادانە بیروبۆچوونە جیاوازەکان، نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە گفتوگۆ لەسەر جیاوازییەکانمان بکەین؟» ئەم پێشنیارە وەك پڕۆژەیەك بە کۆی دەنگی ئەو کاتی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پەسەند کرا، بەڵام جێبەجێکردنەکەی لەلایەن هەمان دەزگاوە کەوتە ساڵی دواتر، کە دوای کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوەکەی گۆڕا بۆ «بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن».

یەکەم کۆبوونەوەی بازنەی گفتوگۆ لە نیوەی دووەمی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن/ بە سەرپەرشتیی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەش بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا، شێوازی کارکردنی ئەم ئۆرگانە جیاواز بێت و لاسایی هیچ کۆڕبەند و پلاتفۆرمێك لەسەر ئاستە لۆکاڵ و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان نەکاتەوە. ڕاشکاوانەتر میتۆدێك دابنێت کە پێشتر کاری پێ نەکرابێت و تاقی نەکرابێتەوە،



ئەمەش بەو مانایەی «بازنەی گفتوگۆ» نەبێتە سەنتەر بۆ ئەوەی مانا بە «بەها هاوبەشەکان و جیاوازییەکان» بدات، بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە بڕیارمان دا، میتۆدی کارکردنمان بەو شێوەیە بێت، کە «بەها هاوبەش و جیاوازەکانی ئەم نیشتمانە مانا بۆ بازنەی گفتوگۆ دیاری بکات»، ئەمەش بە درووستی دووبارەکردنەوەی ئەو «جێگۆڕکێ»یە بوو، کە ئیمانوئێل کانت لە هزری مرۆڤایەتیدا هێنایە ئاراوە، بەوەی پێویستە «هزر و ئەقڵ سەنتەر بن و شتەکان بە دەوری هزر و ئەقڵدا بسووڕێنەوە، نەك بە پێچەوانەوە وەك پێشتر بیری لێ کراوەتەوە»، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا «بازنەی گفتوگۆ» لە دایك بوو، بەبێ ئەوەی پەیڕەو و پڕۆگرامی بۆ دابنرێت. بەم میتۆدە تازەیە بەرنامە دانرا، چۆن بتوانین «بازنەی گفتوگۆ» بکەینە ئەو پلاتفۆرمە کراوەیەی کە خواست و داواکاریی خەڵك لەگەڵ دەستەبژێری بیروبۆچوونە جیاوازەکان، دەستەبژێری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە کۆ بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئازادانە دەستەبژێرەکانی ئەم نیشتمانە وەڵامی خواست و داخوازیی خەڵکی خۆیان بدەنەوە. بازنەی گفتوگۆ وەك وەرشەیەکی کاری «ئەدیتۆری» ئەو ڕایەڵەیە دروست بکات، بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە چۆن کاتێك بەها هاوبەشەکانمان و خاڵە جیاوازەکانمان بە ڕایەڵەی بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان پێکەوە گرێ دەدەینەوە، سیمای جوانی ئەم نیشتمانە بە ئاستێك دەردەکەوێت کە نەك تەنیا لەسەر ئاستی ناوچەیی، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرسامی دروست دەکات.

سەرسامبوون بەم میتۆدە تازەیەی «بازنەی گفتوگۆ» لە یەکەمین گفتوگۆوە بە ناونیشانی «گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی» دەستی پێکرد، بۆ یەکەمین جار بوو لە دوای ڕاپەڕینەوە پلاتفۆرمێك دروست بکرێت و بەشێك بێت لە

ئۆرگانی مەکتەبی سیاسیی پارتێك، کە خۆی پارتی فەرمانڕەوایە و بە ئاستێکی بەرز ئەو تیۆرە گرنگەی مارتن هایدگەر «لەگەڵ و دژ» پێکەوە پیادە دەکات و، ڕاشکاوانە پێش هەمووان بە پارتەکەی خۆی دەڵێت: «لەگەڵ و پشتیوانین بۆ ئەو خزمەتگوزارییە باشانەی پێشکەشی گەلی خۆتانی دەکەن، لەگەڵ و پشتیوانین کە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانتان کردووە بە ئەولەوییەتی کاری خۆتان، بەڵام ڕەخنەشمان هەیە لەسەر ئەو کەموکورتییانەی کە ئیمکان هەیە چارەسەر بکرێن و پشتگوێ خراون».

ئەوەی لە شەش ئەڵقەی وەرزی «بەها هاوبەشەکان و جیاوازییەکان» لە میانەی «ڕاپرسییەکان، ڕاپۆرتە مەیدانییەکان، گفتوگۆکان» و پاشانیش کە لە دوو کتێبی قەوارە گەورەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشی خوێنەران و کتێبخانەکانی کوردستانمان کرد، هەستمان کرد، نەك هەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕەوەندی کوردییش لە دەرەوە، وەك بەرهەمێکی تازە و ناوازە پێشوازیی لێ دەکرێت، فیدباکی کتێبی یەکەم پێی گوتین:

لەسەر ئاستی هاوولاتیان و دەستەبژێر و سیاسەتمەدار و ئەکادیمیست، هەستی جۆرێك لە خۆشحاڵی و شانازی دروست بووە، کە پلاتفۆرمێك هەیە، ئامانجی ئەوەیە پردێك لە نێوان هاوولاتییان و دەستەبژێر و بیروبۆچوونە جیاوازەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە دەسەڵات و کۆی لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستان و ڕەوەندی کوردی دروست بکات.

لەسەر ئاستی لایەنی حوکمڕانی و دەسەڵات لەم نیشتمانەدا، نییەتێکی خێر هەیە، کە دەیەوێت گوێ لە خواست و داواکاریی خەڵك و خەمەکانی نیشتمان بگرێت و، هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بەپێی ئیمکانییەتی بەردەست چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

لەسەر ئاستی ناوەندەکانی توێژینەوە و زانکۆکانی کوردستان و عێراق، جۆرێك لە سەرسامی دروست بوو لەسەر ئەوەی چۆن بەم میتۆدە تازەیە کتێبێك لە دایك دەبێت، کە چوارچێوەیەکە بۆ «لۆژیك و هزری هاوبەش و جیاواز» دەبێتە نەخشەڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و تیایدا هیچ «میتۆدێکی زانستی — المنهج العلمي» لەگەڵ پیادە نەکراوە.

### ٢

### کوردستان لە ناو گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

### ژانی لە دایکبوونێکی سرووشتی لە ناو گۆڕانکارییە مەزندە بۆ نەکراوەکاندا

ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی «کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، کە ڕۆژی ١٩ی شوباتی ٢٠٢٥ بە ئامادەبوونی هۆشیار زێباری ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و ژمارەیەکی بەرچاوی سیاسەتمەدار و بەرپرسانی حزبی و حکوومی و ئەکادیمیست و دەستەبژێری کۆی لایەنە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، شەش تەوەر لەخۆ دەگرێت، کە هیچ کام لەو تەوەرانە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ پێشبینی نەکرابوون، کە لە ماوەی تەنیا شەش مانگدا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەرێنی یان نەرێنی)، ڕوو دەدەن، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

#### یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی.. خوێندنەوە و هەڵوێست

ئەم گفتوگۆیە لە سەرەتای مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٢٤ لەسەر ئەم پرسە گرنگە کراوە، کە یەکێك بووە لە کێشە هەڵپەسێردراوە هەستیارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە، ئەم پرسە مەزندە نەدەکرا بەبێ دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی دووبارە دەست پێبکاتەوە، بەڵام پرسەکە تا ڕاددەیەك زۆر باش لە چوارچێوەی هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی فیدڕاڵیدا

چارەسەر کراوە و، بەم نزیکانە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان دەست پێدەکاتەوە، کە ئەمەیان هەواڵێکی ئەرێنییە و چاوەڕێی هەواڵی خۆشتریش دەکرێت.

**هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق و ئاکامەکانی**

پرسی هەموارکردنەوەی یاسایی باری کەسیی ساڵی ١٩٥٩ی عێراقی نەك هەر پرسێکی زۆر هەستیار بوو، بەڵکو پێشێلکردنی نامرۆڤانەی مافەکانی ئافرەتانە لە عێراقدا، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە لە چوارچێوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ یاساکەی هەموار کردووەتەوە و کار بە یاسای خۆی دەکات، بەڵام بازنەی گفتوگۆ خۆی کردە خاوەنی ئەم پرسە مرۆییە و هەموو لایەنەکانی «عەرەبی شیعە و سوننە، پیاوانی ئایینیی کوردستان، پەرلەمانتارانی عێراق، چالاکانی ئافرەتان»ی پێکەوە لە ناو یەك هۆڵدا کۆکردەوە و، بە کۆی دەنگ سەرکۆنەی ئەم هەوڵە نامرۆڤانەیە کرا، بەڵام بەداخەوە دوای چەند مانگێك و لە چوارچێوەی سەفقەیەکدا لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕێندرا و خاڵێکی ڕەشی لە مێژووی کاری پەرلەمانی عێراقیدا تۆمار کرد.

**هەموارکردنەوەی دەستوور و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا**

لەگەڵ ئەوەی یەکەمین جار نییە لەسەر ئاستی دەوڵەتی تورکیا پرسی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد وەك «پرۆسەیەك» باسی لێوە بکرێت، بەڵام بۆ یەکەمین جار بووە لە مێژووی دامەزراندنی تورکیادا کە کەسێکی وەك «دەوڵەت باخچەلی» سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەتەوەپەرستی تورك، بچێتە پەرلەمان و باس لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بکات و، داوا لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە بکات کە بێتە پەرلەمان و بانگەوازی ئاشتی بدات و کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت، جێگەی خۆشحاڵییە ئەم پرۆسەیە هەنگاوی باشی ناوە و لە هەفتەی ڕابردوو شاندی دەم پارتی هاتنە هەرێمی کوردستان و پەیامی ئۆجەلانیان بۆ سەرۆك بارزانی هێنا و پەیامی بەڕێزیانیان بردەوە بۆ ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵی، ئەم پرۆسەیە کاریگەریی لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردی سووریاش دەبێت، کە سەرۆك بارزانی پشتیوانییان دەکات.

**پرسی سەرژمێریی گشتی لە عێراق و ڕەهەندە یاساییەکانی و ئاکامەکانی**

پرسی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، ئەگەر بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق تەنیا لە یەك ڕەهەندەوە گرنگ بێت، بەوەی ماوەی زیاتر لە ٢٧ ساڵ بوو سەرژمێری نەکرابوو، ئەوا بۆ کوردستان وەك پرسێکی وجوودی گرنگ بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هیچ پرۆسەیەکی سەرژمێریی دانیشتووان نەکراوە کە هەموو دانیشتووانی کوردستان تۆمار بکرێت، لەمەش زیاتر هیچ سەرژمێرییەك نەکراوە کە ئامانجێکی سیاسیی گۆڕینی شوناسی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە عەرەب لەخۆی نەگرێت، بۆیە ئەم سەرژمێرییە بۆ هەرێمی کوردستان و کوردستانیانی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ وەك یەکەمین پرۆسەی سەرژمێری لە قەڵەم دەدرا، ئەوجا گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێوە چوو، کە مەزندەی ئەوە نەدەکرا لە ماوەی یەك مانگدا کێشە هەڵواسراوەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر ئەم پرسە چارەسەر بکرێن، یان پرسی ماددەی ١٤٠ تێکەڵاوی ئەم پرۆسەیە نەکرێت، بەڵام توانرا کێشەکان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە و لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو.

**ئەگەرەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی دەیەم و ئایندەی هەرێمی کوردستان**

ئەم پرسە هەستیار و گرنگە کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٤، گفتوگۆی لەسەر کرا، یەکێك بوو لەو پرسانەی کە لە نیوەی یەکەمی هەمان ساڵدا نەك هەر مەزندەی ئەوە نەدەکرا کە لەم



ساڵەدا هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵکو دوای بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان و پاشانیش ڕەتکردنەوەی کۆتای پێکهاتەکان و، دوای ئەوەش هەڵوێست وەرگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەوەی ئەگەر ئەم پرسە ڕاست نەکرێتەوە، لە کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکشێتەوە، بۆیە هەرگیز مەزندە نەدەکرا ئەو کێشانە بە ئاسانی چارەسەر بکرێن و لە ماوەی ئامادەکاریی کەمتر لە شەش مانگدا هەڵبژاردنێك لە هەرێمی کوردستان بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان ئەنجام بدرێت و، بە ڕێژەی سەرووی ٧٠٪ هاووڵاتیان بەشداری بکەن و ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن و پاشانیش زۆر بە کراوەیی گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، کە ئێستا مژدەی خۆش ئەوەیە ٩٠٪ی کارەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم تەواو بووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا پەرلەمان کۆ دەبێتەوە و دەست بە پێکهێنانی کابینەیەکی تازە دەکرێت.

**دەرهاویشتە سیاسییەکانی کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق**

لە دوایین کۆبوونەوەی ساڵی ڕابردووی بازنەی گفتوگۆ کە لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ بەڕێوە چوو، هێشتا ڕژێمی ئەسەد نەڕووخا بوو، کە بڕیارمان دا،




ناونیشـانی گفتوگۆکەمـان لەسـەر بارودۆخـی ئاڵـۆزی سـووریا بێـت، بۆیـە لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکدا زۆر بە سەرسامی و کتوپڕی نەك تەنیا بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ هەمـوو جیهان بارودۆخەکە بە خێراییەکـی زۆر گـەورە و دراماتیکییانـە گۆڕانـی بەسـەردا هات و بەشار ئەسەد لە سووریا هەڵهات و جەبهـەی تەحریـری شـام گەیشـتە دیمەشـق، بـوو بـە دوو سـەردەمی جیـاواز، بۆیـە ئێمـەش بـە ناچاری دوو ڕۆژ پێش بەڕێوەچوونی گفتوگۆکە ناونیشـانەکەمان گـۆڕی و کردمانـە دەرهاویشـتە سیاسـییەکانی کەوتنـی ڕژێمـی ئەسـەد، ئـەم ڕووداوە گەورەیـەی کـە هەندێك بـاس لـەوە دەکـەن کاریگەریـی لەسـەر گۆڕینـی کـۆی هاوکێشـە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەبێـت، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی ڕووداوێکـی زۆر بـاش بـوو بـۆ کـۆی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست، بـەڵام پێشـتر هیـچ بیرمەنـد و ناوەندێکـی لێکۆڵینـەوە پێشـبینیی ئـەوەی نەکردبـوو لـە سـاڵی ٢٠٢٤ ڕژێمـی ئەسـەد بڕووخێـت.

بـۆ قسـەکردن لەسـەر کـۆی ئـەم گۆڕانکارییـە مەزنـە بۆنەکراوانـە، بازنـەی گفتوگـۆ لـە ڕێوڕەسـمی دابەشـکردنی ئـەم کتێبـەدا پانێڵێکـی بـە ناونیشـانی «کوردسـتان و گۆڕانکارییەکانـی عێـراق و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت» بـۆ هۆشـیار زێبـاری ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕێـك خسـتبوو، لێـرەدا پوختـەی قسـەکانی بـڵاو دەکەینـەوە.

**هۆشیار زێباری**

**لە پەنێڵێکی بازنەی گفتوگۆدا:**

# هەلێکی گەورەی مێژوویی بۆ کوردستان هاتووەتە پێشەوە دەبێت بە یەکڕیزی و بەرپرسیارییەوە سوودی لێ وەربگرین



هۆشیار زێباری جیا لەوەی لە ئێستادا ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە یەکێك بووە لەو سیاسەتمەدارانەی بەردەوام کاری لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەرەی کوردستانی بووە، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە هەتا ٢٠٠٤ بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و لە ٢٠٠٤ تا ٢٠١٤ وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدڕاڵی بووە و، یەکێکە لەو سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکارانەی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان وەك دیپلۆماتکارێکی بە ئەزموون و سەرکەوتوو ئاماژەی پێدەکرێت، لە هەمان کاتدا ئێستا سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەم پەنێڵەی بازنەی گفتوگۆ «کوردستان لەناو گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بە گوتەیەك دەستی پێکرد «هەموو سیاسەتێك لۆکاڵە- All Politics Local» لەم خاڵە گرنگەوە ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لەناو گۆڕانکاریەکاندا بەمجۆرە ڕاڤە کرد.



**یەك پەرلەمان .. یەك حكومەت .. یەك هێزی پێشمەرگە**

ناونیشانی پەنێڵەکە هەر شتێك بێت، بەڵام کۆڕەکە بۆ کەسایەتییەك بێت، کە سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بێت بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوا بێگومان دەستپێکی پرسیارەکان دەبێتە پرسیارکردن لەسەر ئەو پرسەی کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی وەڵامێکی دروست دەکەن، هەر بۆیە «بازنەی گفتوگۆ»ش ئەو پرسیارەی کردە دەروازەی پەنێڵەکە و لێی پرسی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەم گەیشتە کوێ؟ هۆشیار زێباری بەمجۆرە باسی پرۆسەکەی کرد:

**٩٠٪ ی کارەکانی پێکهێنانی کابینەی دەیەم تەواو بوون**

لە سەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنەکانمان بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم، ڕێنمایی و ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە ئەوە بوو، کە ئێمە وەك پارتی هێڵی سوورمان لەسەر هیچ لایەنێکی سیاسیی نەبێت، گفتوگۆیەکی ئازادانە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ بکەین، ئەمەش بەو مانایەی کە بە یەکسانی سەردانی هەموو لایەنەکان بکەین، تەنانەت ئەو لایەنەی تەنیا یەك کورسیی پەرلەمانیشی بەدەست هێنابێت، بۆ ئەمەش سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانمان کردووە، وەك «یەکگرتووی ئیسلامی، نەوەی نوێ، هەڵوێست، بەرەی گەل، کۆمەڵی دادگەری»، بەڵام دەرەنجام گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە دەبێت گفتوگۆی سەرەکیی ئێمە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت، هەتا ئێستا حەوت هەشت کۆبوونەوەی باشمان لەگەڵ یەکتری کردووە و گەیشتووینەتە ئاکامی زۆر باش، لەسەر بەرنامەی کابینەی دەیەم، دەتوانم بڵێم گەیشتووینەتە جۆرێك لە ڕێککەوتن و گفتوگۆکانمان لەسەر نۆ تەوەری سەرەکین و دەتوانم بڵێم بە ڕێژەی ٩٠٪ کارەکانی کۆتایی هاتووە.

لەکاتی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەردوولامان لەگەڵ یەکتری زۆر بە کراوەیی و ڕاشکاوانە قسەمان کردووە، لەلایەن هەردوو شاندەکەوە هەماهەنگی هەبووە و، هەردوولا زۆر بە ئەرێنی لە پرۆسەکە هاتوونەتە پێشەوە، ئامانج لەم ئاراستەیەش بۆ ئەوە نەبووە لایەنەکانی دیکە پەراوێز بخرێن، هەتا ئێستاش دەرگا کراوەیە بۆ هەر لایەنێك دەیەوێت بەشداری لە حکومەت بکات، بەڵام بەرژەوەندیی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان وادەخوازێت کە حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنرێت و پارتی و یەکێتی دوو لایەنی سەرەکیی ئەو حکومەتە بن، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بێتە دی کە سەرۆك بارزانی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ دەکرد «یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە».

زەمینەی گفتوگۆکان بەو ئاراستەیەن، هەتا ئێستا نەچووینەتە سەر پرۆسەی دابەشکردنی پۆستەکانی سەرۆکایەتی، پۆستی وەزارەتەکان، بەڵام دەمەوێت ڕاشکاوانە بڵێم ئێمە وەك پارتی و یەکێتی لە یەکتری تێدەگەین و لێکتێگەیشتن لە نێوانماندا هەیە.

لە گفتوگۆکاندا ڕاشکاوانە ئەوەمان باس کردووە کە دەبێت ئاکامی هەڵبژاردن وەك خۆی کە هەیە و ئاشکرایە، نابێت فەرامۆش بکرێت و ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ «پەنجا بە پەنجا»، بە یەکێتیمان گوتووە «ئێوە شەریکی سەرەکیی ئێمە دەبن و پێداگری ناکەین، هەموو شتێك بۆ ئێمە بێت و پێگەی شەراکەتی سەرەکیی ئێوە لەبارچاو دەگرین». لەم پرۆسەیەدا زۆر باش چووینە پێش و لە چەند ڕۆژی داهاتووش کۆبوونەوەیەك لەسەر ئاستی هەر دوو شاندەکە نەك لەسەر ئاستی لێژنە لاوەکییەکان بەڕێوە دەچێت. لە ئێستادا بەفیرۆدانی کات لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکمان نییە و هەموو دۆست و هاوپەیمانەکانیشمان داوامان لێدەکەن و دەڵێن: دەرفەتێکی زێڕین و مێژووییتان بۆ هاتووەتە پێشەوە، هەوڵ بدەن، زۆر بە زوویی حکومەتی خۆتان پێك بهێنن و، ئەگەر زۆرە ئەم گۆڕانکارییانە بۆ بەرژەوەندیی گەلی ئێوە بشکێتەوە.

**گەرموگوڕیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئاکامێکی ئەرێنیی سەرسوڕهێنەر**

ئەو کەشە ئەرێنییەی لە پرۆسەی پێکهێنانی

**گفتوگۆکاندا ڕاشکاوانە ئەوەمان باس کردووە کە دەبێت ئاکامی هەڵبژاردن وەک خۆی کە هەیە و ئاشکرایە، نابێت فەرامۆش بکرێت و ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ «پەنجا بە پەنجا»**

**لە ئێستادا چین وەک هێزێکی گەورەی ئابووری و تەکنەلۆژیا ڕووی لە هەڵکشانە، بۆیە شەڕی بازرگانی لەنێوان ئەمریکا و چین دەست پێدەکات**

کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکرد، لە دوای ئەو گوتارە توندانە دێت کە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ی پێ بەڕێوە چوو، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین: «چۆن لە دوای ئەو گوتارە توندانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەم لێکتێگەیشتنە لە نێوان پارتی و یەکێتی هاتە ئاراوە؟ سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

**گوتاری توندی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**
**پێناسەکردنی ئاستی ئازادیی ڕادەربڕین بوو**

گومانی تێدا نییە، گوتاری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو توند بوو، بەڵام ئەو توندییە و ئەو یەکتری قبووڵکردنە، پێناسەیە بۆ ئاستی بەرزی ئازادیی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر لە ڕوانگەی ئەو خەڵکانەوە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەکە بکەین کە چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد، هەندێك لە سەرکردە عێراقییەکان بە ئێمەیان گوتووە، بە ڕاستی سەیرە ئێوە وەك پارتی ئەو هەموو جەماوەرە گەورەیەتان لە یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری کۆکردبووەوە و سەرۆك بارزانی گوتاری دەدا، تەنیا بە دووریی دوو شەقام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو جەماوەرە گەورەیەی کۆکردبووەوە و قسەی بۆ لایەنگرانی خۆی دەکرد، بەڵام تەنیا یەك کێشەی بچووکیش ڕووی نەدا، بە ڕاستی ئەوە حاڵەتێکی دەگمەنە، ئەم تێڕوانینە خەڵکی دیکە بە ئێمەی دەگوت و لایان سەیر بوو.

بۆیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، هەر لایەك بانگەشە بۆ ئامانجەکانی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆیەتی تێبینی بکرێت، ئەوەیە کە هیچ لایەك هێڵی سووری نەبەزاند.

دوای تەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، ناوچەکە و جیهانیش گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هات، بەتایبەتی دوای شەڕی غەززە و لوبنان و کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و هاتنی دۆناڵد ترەمپ، ئەمانە فەرزی دەکەن کە دەبێت جۆرێك لە هەماهەنگی لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبێت و دەبێت هەردوولا واقیعییانە بیر بکەینەوە.

بۆچوونی ئێمە هەر لەسەرەتاوە کە شەڕی غەززە دەستی پێکرد، بەو جۆرە بوو، ئەو شەڕە لە غەززە سنووردار نابێت و شوێنی دیکەش دەگرێتەوە، بینیمان شەڕەکە گەیشتە لوبنان، پاشان ڕووداوی گەورەتر ڕووی دا و کەوتنی ڕژێمی ئەسەدی بەدوادا هات، ئێستا دەڵێم: ئەگەر خوانەخواستە شتێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو بدات، بە تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی نایەت.

**چارەسەری کێشەی کورد**
**وەك فاکتەرێك لەناو گۆڕانکارییەکاندا**

لەوانەیە هیچ کاتێك لە مێژووی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا و لەیەك کاتدا چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك کێشەیەك کە پێویستی بە چارەسەری ئاشتیانەیە وەك ئێستای ناوچەکە نەبووبێتە تایتڵی سەرەکیی هەواڵەکان و لە کۆڕ و کۆڕبەندە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەڵوەستەی لەسەر نەکرابێت، لەم چوارچێوەیەدا هۆشیار زێباری بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە کرد:

**کێشەی کورد بووەتە کێشەیەکی سەرەکی و**
**بۆ هەموو لایەك جێگەی بایەخە**

ئەو گۆڕانکارییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کێشەی کورد و بۆ ئێمەش کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، هەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە، هەمیش بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە، ئەگەر بە وردی ئەم هاوکێشە تازە بخوێنینەوە، دەبینین کێشەی کورد بووەتە کێشەیەکی سەرەکیی ناو ئەم هاوکێشە تازەیە، دەبینین سەرۆك بارزانی و هەولێر بوونە مەرجەعی پەیوەندیکردن، هەر بۆ نموونە تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سووریا و تورکیا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو شاندێکی دەم پارتی هاتبوون بۆ ئەوەی دیدوبۆچوونی ئێمە وەربگرن لەسەر بونیادنانی ئاشتییەکی سەقامگیری لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، هەست دەکەین ئێستا لە سەرتاسەری کوردستان هەستی نەتەوەیی و کوردبوون لە گەشەسەندندایە، هەر بۆ نموونە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ئەوەی لەناو کێشەی جووتیارەکانی

**لە بارودۆخی لەمجۆرەدا فەرز دەبێت لەسەرمان کە ئامادەکاریی پێشوەختە بکەین و ماڵی خۆمان ڕێک بخەینەوە و پەلە لە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو بکەین**

**لە ئێستا لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو وڵات لە ئاستێکی زۆر باشدایە**



سەرگەڕان بینیمان، ئەوە بوو کە هەستێکی گەورەی نەتەوەیی لەناو ڕای گشتی کوردستان زۆر بە گەرمی پشتیوانی دەکرد، ئەمەش جێگەی دڵخۆشییە، دەبێت هەستە نەتەوەییەکە هاندەرمان بێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرین.

ئەگەر سەرنج لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە بدەین، دەبینین لەسەر هەرێمی کوردستان بۆچوونی زۆر ئەرێنی هەیە، سەردانی بەرپرسانی هەرێم دەنگدانەوەی زۆر باشی هەبووە، هەر بۆ نموونە لە سەردانی ئەم دواییەی ڕێزدار مەسرور بارزانی لەگەڵ کاك قوباد تاڵەبانی بۆ بەشداربوون لە لووتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی، بەڕاستی ئاماژەیەکی زۆر ئەرێنی بوو هەم سەبارەت بە خۆمان وەك هەرێمی کوردستان، هەمیش سەبارەت بە تێڕوانینی دەرەوەش، دیسان بەشداریی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەی ئاسایشیی جیهان لە میونشن، کە کاك بافڵ تاڵەبانییش چوو بوو، لەوێ یەکتریان بینیبوو، هەموو ئەمانە هاوکاریی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی دەیەم دەکەن، کە ئێستا ئێمە کاری لەسەر دەکەین، لەمەش زیاتر ئەو دیدار و کۆبوونەوانەی کاك نێچیرڤان بارزانی لە میونشن لەگەڵ بەرپرسانی گەورەی جیهانی و هەرێمی، بەڕاستی هەندێك سەرۆك دەوڵەت هەبوون بە ئاستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیدار و کۆبوونەوەی بۆ ڕێك نەخرابوو، بۆیە ئەگەر خۆمان یەکڕیز بین و هەبین، ڕاشکاوانەتر ئەگەر لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی خۆمان یەکگرتوو بین، بەڕاستی کاریگەریمان زۆر زیاتر دەبێت.



### دۆناڵد ترەمپ
### جیهانێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە

گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ جارێکی دیکە بۆ کۆشکی سپی بەو هێزە گەورەیەی کە لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو وەریگرت، جێگەی سەرسامیی هەموو جیهان بوو، لەمەش زیاتر دوای دەست بەکاربوونی لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوو بڕیارەکانی دیسان هەموو جیهانی شۆك كردووە كە حەتمەن عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە کاریگەریی ئەم وەرچەرخانە بەدوور نابن. بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا خوێندنەوەی هوشیار زێباری بۆ ئەم وەرچەرخانە چییە؟ کە بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.

### گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و گەڕانەوەی ترەمپ بوومەلەرزەیەك بوو هەموو شتێکی گۆڕی

دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ و گۆڕانکارییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێت بە بوومەلەرزەیەکی هەژمار بکەین، کە بێگومان عێراقیش لەسەر هێڵی ئەم بوومەلەرزەیەیە و ناتوانێت خۆی لە کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانە دووبارە بکاتەوە، لەمەش زیاتر بە دەستبەکاربوونی ترەمپیش وەك سەرۆکی تازەی ئەمریکا بەڕاستی «جیهانێکی تازەی» دروست کردووە. سەرنج بدەن تەنیا چەند هەفتەیەکە و ماوەیەکی کورتە هیچ کەسێك مەزندەی ئەوەی نەدەکرد ترەمپ و پوتین بە تەلەفۆن پێکەوە قسە بکەن و لەمەش زیاتر

تیمی هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ڕووسیا بە فەرمی لە سعودیە پێکەوە کۆببنەوە.

دوای شەڕی ڕووسیا و ئەمریکا، بایەخی گەورەی ترەمپ لەسەر چینە، لە ئێستادا چین وەك هێزێکی گەورەی ئابووری و تەکنەلۆژیا ڕووی لە هەڵکشانە، بۆیە شەڕی بازرگانی لەنێوان ئەمریکا و چین دەست پێدەکات. دوای ئەوە مەسەلەی پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئێرانە کە ئەم پرسە بە نیسبەتی ئەوان خاڵێکی سەرەکی و گرنگە و لەسەر ئەم پرسە ترەمپ مەبەستێتی لەگەڵ ئێران سەفقەیەك بکات، ئەگەر بگەنە ئەو سەفقەیە، ئەوا گرژییەکان بەرەو خاوبوونەوە دەچن، ئەگەر نەگەنە ئەو سەفقەیە بارودۆخەکە بەرەو گرژی و ئاڵۆزیی زیاتر دەچێت.

بێگومان شەڕی ئیسرائیل و غەززە و لوبنان و گۆڕانکارییەکانی سووریا کە گۆڕانکاریی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە، یەکێك لەو ئەگەرانەی دەبێتە جێگای پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا دەستبەرداری هەژموونی خۆی دەبێت و هێزەکانی خۆی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا دەکێشێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە بڕیارەکانی سەرۆك ترەمپەوە، ڕاستە لە ئەمریکا کەسایەتی و سەرۆك کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیار دەبێت، بەڵام لەم وڵاتە دامەزراوە وڵات بەڕێوە دەبات و بەردەوام دامەزراوەکان لە کەسەکان گرنگترن، بۆیە هەتا ئێستا ئێمە هیچ پەیامێکمان لەوانەوە پێنەگەیشتووە کە هێزەکان دەکشێنەوە، یان کەمی دەکەنەوە، بەپێچەوانە لەم دواییانەدا هێزەکانیان زیاتر کردووە.

لە بارودۆخی لەمجۆرەدا فەرز دەبێت لەسەرمان کە ئامادەکاریی پێشوەختە بکەین و ماڵی خۆمان ڕێك بخەینەوە و پەلە لە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و کاریگەری ڕووداوەکان بکەین.

لە ئێستا لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو وڵات لە ئاستێکی زۆر باشدایە، لەگەڵ ئەم ئیدارە تازەیەی ترەمپ کە پێشتر بەشێکیان لە عێراق کارمان لەگەڵ کردوون و، ئەم تیمە تازەیەی ترەمپ لە کێشەکانی کوردستان و عێراقیش تێدەگەن، ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکان کاریگەریی ئەرێنی هەبووە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی، هەروەها کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە، لەسەر ئەو خەڵکانەی بەردەوام دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، بۆیە دەکرێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرین و خۆمان کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و وڵاتەکەشمان لە دەستتێوەردانی دەرەکی بە دوور بگرین.

## مانەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە هەڵواسراوی

لەگەڵ ئەوەی لەم ماوەیەی دوایی هەرێم و بەغدا لەسەر هەندێك کێشە گەیشتنە جۆرێك لە ڕێککەوتن، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان هەر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و جێبەجێ نەکراون، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ئەو مافە دەستوورییانەی هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێن؟ وەزیری پێشووتری دەرەوەی عێراق بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە هاتە ئاخاوتن:

## دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق مافە دەستوورییەکان بە هەرێمی کوردستان ڕەوا نابینن

برادەرانی سیاسیی شیعەی عێراق کە ئێستا لە حکومەتن، مێژوویەکی دوور و درێژمان لە خەباتی چەکداری لە شاخ لە دژی دیکتاتۆریەت و بۆ گۆڕینی ڕژێمی بەعس لەگەڵ یەکتری هەیە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستا ئەو ڕۆژانەیان لە بیر چووەتەوە و بەگیانی دۆست و هاوخەباتی مامەڵە لەگەڵ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان ناکەن، لە سەرووی ئەمانەوە و لە پشتی پەردەوە هەوڵی دیکەش دەدەن، بۆ ئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن، یان هەر بیسڕنەوە، تەنانەت بیروبۆچوونی هەندێکیان بە ئاستێك توندڕەوە کە دەڵێن «دەبێت بە بڕیارێك هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنرێتەوە»، هەندێکی دیکەیان بەخیلی بە هەرێمی کوردستان دەبەن،

گۆڕانکارییەکان کاریگەریی ئەرێنی هەبووە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی، هەروەها کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە، لەسەر ئەو خەڵکانەی بەردەوام دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان دەکرد

برادەرانی سیاسیی شیعەی عێراق کە ئێستا لە حکومەتن، مێژوویەکی دوور و درێژمان لە خەباتی چەکداری لە شاخ لە دژی دیکتاتۆریەت و بۆ گۆڕینی ڕژێمی بەعس لەگەڵ یەکتری هەیە، بەڵام زۆر بەداخەوە ئێستا ئەو ڕۆژانەیان لە بیر چووەتەوە و بە گیانی دۆست و هاوخەباتی مامەڵە لەگەڵ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان ناکەن

بەوەی توانیومانە شتێك بكەین و وڵاتی خۆمان بونیاد بنێینەوە.

بێگومان كێشەی سیاسیمان لەگەڵ بەغدا هەیە. ئەم كێشانە دەبێت وەك گفتوگۆكانی بازنەی گفتوگۆ بە گفتوگۆ چارەسەر بكرێن. ئێمە لەسەر مەسەلەی گفتوگۆ پشوومان درێژە، بەڵام ئەوەندەش لاواز نین وەك ئەوان مەزندەی دەكەن و دەتوانین گوشاریان لێبكەین. زۆر ڕاشكاوانە بە ئامادەبووانی ئەم پەنێڵەی ڕادەگەیەنم، ئەگەر ئێمە یەكگرتوو و یەكریز بووینایە لە ناوماڵی خۆمان، نەیاندەتوانی ئەوەی ئێستا دیكەن، ئەوەشیان پێ نەدەكرا، بۆیە پرسەكە بۆ ئێمە لەوەدایە كە دەبێت بە خۆماندا بچینەوە و خۆمان ڕێك بخەینەوە، كە ئەوەمان كرد، بێگومان ئەوانیش لە پێگەی ئێمە تێدەگەن، ئەوانیش لە بارودۆخی ئەم گۆڕانكارییانە تێدەگەن و هەستیان بەوەش كردووە كە لەوانەیە ئەم گۆڕانكارییانە ئەوانیش بگرێتەوە.

**بێگومان كێشەی سیاسیمان لەگەڵ بەغدا هەیە. ئەم كێشانە دەبێت وەك گفتوگۆكانی بازنەی گفتوگۆ بە گفتوگۆ چارەسەر بكرێن**

## دەستپێكردنەوەی پرۆسەی چارەسەركردنی ئاشتییانەی كێشەی كورد لە توركیا

دەستپێكردنەوەی پرۆسەی چارەسەركردنی كێشەی كورد لە توركیا پێشكەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، شاندی دەم پارتی پەیامی ئۆجەلانی بۆ سەرۆك بارزانی هێناوە و پەیامی (سەرۆك بارزانی)شیان بردەوە بۆ ئیمراڵی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تاچەند لەلایەن حكومەتی توركیاوە نییەتی باش هەیە بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە؟ هۆشیار زێباری بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە:

## بەرژەوەندیی توركیا لەوەدایە كێشەی كورد بە ئاشتییانە چارەسەر بكات

پێش هەموو شت سیاسەت بە نییەت و دڵپاكی ناكرێت، بەڵام دەبێت مرۆڤ واقیعییانە بیربكاتەوە. لە ئێستادا بەرژەوەندیی توركیا لەوەدایە كێشەی كورد بە ڕێگە چارەی ئاشتییانە چارەسەر بكرێت، بۆ ئەمەش ئەزموونی پێشترمان هەیە و پێشتریش هەوڵ دراوە كێشەی كورد بە شێوەیەكی ئاشتییانە چارەسەر بكرێت. بۆیە ئەگەر بێت و پەكەكە ئەمجارەش ئەم پرۆسەیە تێك نەدات، وەك جاری پێشوو تێكی دا، ئەوا بەرەو پێشەوە دەچێت. خۆتان دەزانن پەكەكە كێشەیەكی گەورەی بۆ ئێمە لە هەرێمی كوردستان دروست كردووە، هەروەها كێشەشی بۆ كوردانی ڕۆژئاوا دروست كردووە. هەر بۆیە ئەگەر پەكەكە گوێ لە پەیامی سەرۆكەكەی خۆی بگرێت كە عەبدوڵڵا ئۆجەلانە كە تائێستا نازانرێت پەیامەكەی چی دەبێت، ڕاستە شاندی دەم پارتی بە ئاگاداریی دەوڵەتی توركیا پەیامی ئۆجەلانی هێناوە بۆ سەرۆك بارزانی و شاندی دەم پارتی سەردانی سلێمانیشیان كرد و سەركردایەتیی یەكێتییان بینیوە، ئەوجا ئاشكرا نییە ئایا لەوێ بە نهێنی سەركردایەتیی قەندیلیان بینیبێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا كاتێك شرۆڤە بۆ بارودۆخەكە دەكرێت، بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتی توركیا ناتوانرێت بە شێوەیەكی پراكتیكی ئەم هاتوچۆیانە بكرێت، بۆیە لەم پرسەدا شتێكی نهێنی تێدا نییە. كاتی خۆی شەهید فرانسۆ هەریری لە زۆر بۆنەدا دەیگوت «دینی محەمەد بە ئاشكرا خۆشە»، بۆیە لەم سەردەمەشدا هەموو شت لەسەر بەرەیە و هیچ شتێكی ژێر بەرە بوونی نییە.

**پەكەكە كێشەیەكی گەورەی بۆ ئێمە لە هەرێمی كوردستان دروست كردووە، هەروەها كێشەشی بۆ كوردانی ڕۆژئاوا دروست كردووە**

ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر دەكەین، هێڵی گشتیی سیاسەتی حكومەتی توركیایە و ئەردۆغان سەرۆكایەتی دەكات. دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە حكومەتی ئەردۆغان خوازیاری ئەوەیە پرۆسەی ئاشتی دەست پێبكاتەوە، توركیا لەم پرۆسەیەدا بەرژەوەندیی خۆی هەیە، دەوڵەتێكی هەرێمیی گەورەیە، ئێستا ئابوورییەكەی لە بارودۆخی هەڵاوساندایە و لەوانەیە مەترسیی دەستتێوەردانی دەرەكییش هەبێت، بۆیە شرۆڤەكردن لەسەر بارودۆخێكی ئاڵۆزی لەمجۆرە، ناكرێت ئێمە هەموو حیسابی خۆمان لەسەر ئەگەری نییەتی خراپ بكەین، بەڵكو وەك هەموو یاسا و شەرعییەتەكانیش ئاماژەیان پێ كردووە، لەسەر ئەگەری نییەتباشی بچینە ناو پرۆسەكە زۆر باشترە.



دڵشاد میران
سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی:

# هاتنی شاندی ئیمراڵی بۆ لای سەرۆک بارزانی خاڵێکی گەشبینە بۆ ئەوەی ئاشتییانە پرسی کورد ڕوو لە چارەسەرکردن بکات

# کورد لە بەردەم هەلێکی مێژوویدایە ئەگەر بە لۆژیک و حیکمەتی سەرۆک بارزانی بۆ ئاشتی مامەڵە بکات

هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێك ئالنگاریی ئیقلیمی و نێوخۆیی عێراق تێپەڕ دەبێت کە جێگای مەترسییە، بەتایبەتی کە عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی مامەڵە ناکات و زۆر لە مافە دەستووری و یاساییەکانی خەڵکی کوردستان پێشێل دەکات، ئەمەش بە مەبەستی لاوازکردنی قەوارەی هەرێم بووە. لەم بارودۆخەدا سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی کورد بۆ ئاشتی و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کوردستان ڕۆڵ و پێگەی دیار و لەبەرچاوی هەیە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و بۆ تاوتوێکردنی چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار دیمانەیەکی لەگەڵ دڵشاد میران سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی ئەنجام دا.

**بارزانی کۆکەرەوەی هەموو هێز و ئایدیۆلۆژیا و پێکهاتەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانە**

دڵشاد میران، سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا وتی: «دوابەدوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ئاکامی شەڕی نێوان ئسرائیل و حەماس ڕووی دا و کۆمەڵێك سەرکردەی گەورەی هێزە شیعەکان و حەماس کوژران و، ئاڵۆزی و ئاگری شەڕەکە زۆر وڵات و هێزی گرتەوە، کە دواجار ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و بەعسی ڕووخاند، کە حزبێکی لە گۆڕەپانی سیاسی نەك هەر تەنیا دوور خستەوە، بەڵکو لە ڕیشەوە هەڵیکێشا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشانی هەژموونی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانی تەحریر شام کە زیاتر لە ٢٥ گرووپی چەکداری توندڕۆی لەخۆی دەگرت، ئەمە وێڕای هەوڵەکانی ئیمراڵی و سەری بڵند و ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ ئاشتەوایی و پاراستنی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە ئەگەری ئەو تێوەگلانەی ناو شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. هەموو ئەم ڕووداو و گۆڕانکارییانە وادەکات، کورد لەبەردەم هەلێکی مێژووییدا بێت، ئەگەر بە لۆژیك و حیکمەتی ئاشتەوایی سەرۆك بارزانی مامەڵە بکات. بەتایبەتی دوای سەردانەکەی شاندی ئیمراڵی و مەزڵووم عەبدی بۆ لای سەرۆك بارزانی و پەیامی ئۆجەلان بۆ سەرۆك بارزانی ڕابەری کورد. لەم بارودۆخ و هەلومەرجە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەدا، کورد و وڵاتانی ناوچەکەش هەموویان پێویستیان بە لۆژیك و میانڕەویی سەرۆك بارزانی هەیە، بۆ ئەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکە بە هاوشێوەی غەززە و لوبنان لەو شەڕە کاولکارییەوە تێوەنەگلێن، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی ئەوەی بە ئاشتی بەدەست دەهێنرێت، زۆر زیاترە لەوەی کورد بەشەڕ بە دەستی دەهێنێت، بۆ ئەمەش سەرۆك بارزانی زۆر بە شارەزایی و پڕ لە ئەزموونەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە هەستیارەدا دەکات، کە بێگومان بەدەر نییە لە ئاستەنگ و ئالنگاری لە بەردەم هەوڵەکانی، بەتایبەتی کە هێزگەلێکی زۆر هەن کە خێریان بۆ کورد ناوێت و شۆڤێنییانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە هەستیارەکەدا دەکەن، هەروەکو چۆن لەناو کوردیشدا هێزی پۆپۆلیست و نەزان و کەم ئەزموونی زۆر هەیە کە لە ئاوی لێڵدا مەلە دەکەن و کاریان پشێوی و نانەوەی کێشە و گرفتە لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی کاتی و شەخسی و حزبی. سەرۆك بارزانی خوازیارە کورد بەشدارییەکی ڕاستەقینەی لە حوکمڕانی

**مێژوو سەلماندوویەتی ئەوەی بە ئاشتی بەدەست دەهێنرێت، زۆر زیاترە لەوەی کورد بەشەڕ بە دەستی دەهێنێت، بۆ ئەمەش سەرۆک بارزانی زۆر بە شارەزایی و پڕ لە ئەزموونەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە هەستیارەدا دەکات**

**هێزگەلێکی زۆر هەن کە خێریان بۆ کورد ناوێت و شۆڤێنییانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە هەستیارەکەدا دەکەن، هەروەکو چۆن لەناو کوردیشدا هێزی پۆپۆلیست و نەزان و کەم ئەزموونی زۆر هەیە کە لە ئاوی لێڵدا مەلە دەکەن**

و سیاسەت و ئابووریی پایتەختەکانی هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و سووریا و عێراق و ئێران هەبێت. بەڕێزیان عەرابی شەڕ و پشێوی و زیانگەیاندن بە کورد و نەتەوەکانی دیکە نییە. ڕێباز و عەقیدەی بارزان و مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەم ئەزموونە زۆر گرنگە کە بڕوای بە گفتوگۆ و دیالۆگ و هێورکردنەوەی دۆخەکان هەیە، لەم چوارچێوەیەشدا هاتنی شاندی ئیمراڵی بۆ سەری بڵند و چاوپێکەوتن و گفتوکۆکانیان لەگەڵ مەرجەعی کورد سەرۆك بارزانی، زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتی و عەقڵانی، بەتایبەتی کە دۆخی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان لەناو گێژاوی هەموو ئەم بەرژەوەندی و ململانێ نێودەوڵەتی و زلهێزانەی جیهان و ناوچەکەدا زۆر هەستیارە، بۆیە دەبێت یەکڕیزی و تەبایی بەرەی ناوخۆ بەهێز بکرێت، بەپێچەوانەوە زیانمەندی سەرەکی و گەورە هێزە کوردییەکانە».

**بیروبۆچوونێکی نوێ بۆ سیاسەتی جیهانی دروست بووە**

سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەش کە لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە و و لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە پێشهات و بێشبینییەکان بەرەو کوێ دەچن؟ میرانی ڕای وابوو: «ئەو گۆڕانکارییانە کەم نەبووە کە لە غەززە و بەیرووت و دیمەشق ڕوویان داوە، گۆڕانکارییەك بووە کە ٥٠ ساڵە لەو ناوچەیەدا بەو شێوەیە ڕوویان نەداوە و لە چاوەڕوانی زۆر لە سیاسەتمەدار و شرۆڤەکار و چاودێری سیاسیشدا نەبووە. لەگەڵ هاتنی ترەمپ و ئیدارەی نوێی ئەمریکاش هەمووی وا دەکەن، بیر و بۆچوونێکی نوێ سەبارەت بە سیاسەتەکانی نوێی جیهان دروست بێت، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئەم گۆڕانکارییانە عێراقیش لەخۆ دەگرێت، چونکە عێراق تا ئێستا لە هەژمووی ئێران خۆی دەرباز نەکردووە، تەنانەت سیاسەتێکی وا ناڕاست و تەندروست پیادە دەکات کە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە جێی پێشوازیی نییە، بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت، ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕاستەوخۆ لە دوای هێورکردنەوە یان چارەسەرکردنی پرسەکانی (ئیسرائیل و حەماس) و (ڕووسیا و ئۆکرانیا)، پرسی هەژموونی ئێران لەسەر عێراق یەکلا بکاتەوە و بیروبۆچوونی نوێ ڕوو لەم وڵاتە بکات».

**ئەمریکا هەژموونی ئێران لە عێراق کەم دەکاتەوە و چاکسازی لە سیستەمی بەناو دیموکراسیی عێراق دەکات**

سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی کە ئەگەری هەیە لە عێراقدا ڕوو بدەن، دڵشاد میرانی ئاماژەی بەوە کرد «بارودۆخی عێراق و ئەو سیستەمە دیموکراتییەی کە لەدوای ڕووخانی سەدام حوسێن ئیدارەی ئەمریکا دروستی کردووە، بارودۆخێکی جیاواز بەم وڵاتە دەدات»، وتیشی: «سیستەمێکی فیدراڵی بۆ کورد لە چوارچێوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری و پاراستنی ئەمریکادایە، ڕاستە بەپێی هەموو ئەو ڕەخنە و کەموکورتییانەی کە لەم فیدراڵییەتە دەگیرێت، بەڵام دواجار پرسی فیدراڵییەت و قەوارەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاگرتنی باڵانسی حوکمڕانیی زۆرینەی شیعە بۆ ئیدارەی نوێی ئەمریکا گرنگە، و ئیدارەی نوێی ئەمریکا نایانەوێت بە هاوشێوەی لوبنان و یەمەن و غەززە و سووریای جاران هەژموونی ئێران و بوونی میلیشیاتە نایاساییەکانی پاڵپشتیکراو لە لایەن ئێرانەوە لە عێراقیشدا هەبن، بەڵام بەو پێیەی تا ئاستێکی زۆر پرسی دارایی و ئابووری و سیادەی عێراق لەژێر چاودێریی ئەمریکادایە، تەنانەت لە چەندین فڕۆکەخانەی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدان، بۆیە گۆڕانکارییەکان لە عێراق جیاواز دەبێت، بە ئاراستەی گۆڕانکاری، یان چاکسازیی لەم ڕژێمەی کە هەیە لە عێراقدا، بە ئاراستەیەکی وا لە هەژموونی ئێران دوور بکەونەوە و بە ئاراستەیەکی دیموکراتیی ڕاستەقینە هەنگاو بنێن. ئیدارەی نوێی ئەمریکا باش دەزانێت کە تێوەگلانەکانی هێزە شیعە باڵادەستەکان لە بابەتەکانی جێبەجێ نەکردنی گەمارۆی سەر ئێران و کڕینی غازی ئێرانی و ئاودیوکردنی دۆلاری ئەمریکی بۆ ئێران و گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و تەنانەت هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەمریکا و دامەزراوەکانی پیشەسازی و غاز لە هەرێمی کوردستان و هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، هەمووی بە خواست و ویستی ئێران ئەنجام دراون، لەڕێگای ئەو هێزانەی کە ناوی

**ڕێباز و عەقیدەی بارزان و مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەم ئەزموونە زۆر گرنگە کە بڕوای بە گفتوگۆ و دیالۆگ و هێورکردنەوەی دۆخەکان هەیە،**

**عێراق تا ئێستا لە هەژمووی ئێران خۆی دەرباز نەکردووە، تەنانەت سیاسەتێکی وا ناڕاست و تەندروست پیادە دەکات کە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە جێی پێشوازیی نییە**

**چاوەڕوان دەکرێت، ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕاستەوخۆ لە دوای هێورکردنەوە یان چارەسەرکردنی پرسەکانی (ئیسرائیل و حەماس) و (ڕووسیا و ئۆکرانیا)، پرسی هەژموونی ئێران لەسەر عێراق یەکلا بکاتەوە و بیروبۆچوونی نوێ ڕوو لەم وڵاتە بکات**

**ئیدارەی نوێی ئەمریکا نایانەوێت بە هاوشێوەی لوبنان و یەمەن و غەززە و سووریای جاران هەژموونی ئێران و بوونی میلیشیاتە نایاساییەکانی پاڵپشتیکراو لە لایەن ئێرانەوە لە عێراقیشدا هەبن**

خۆیان ناوە موقاوەمە، تەنانەت گوشارخستنە سەر پێکهاتەکانی سوننە و کورد و مەسیحی و ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکە هەمووی لەپێناو ئەم ئەجیندەیە ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئامانجی داهاتووی ترەمپ کەمکردنەوەی ئەزموونی میلیشیاتەکان دەبێت لە عێراق».

## چاکسازیی لە بەڕێوەبردنی عێراق وەکو دەوڵەت

ترەمپ و ئیدارەی نوێی ئەمریکا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی و هاوچەرخ مامەڵە بکات و لە میحوەری ئێران بێتە دەرەوە، لەم بارەیەوە میرانی وتی: «ئیدارەی نوێی ئەمریکا و ترەمپ لە پەیام و قسەکانیدا جددییە، ئەوان خوازیاری بوونی هیچ هێزێکی میلیشیاتی سەر بە ئێران نین و کۆنترۆڵی نەوت و داهات و سوپا و سیاسەتی ئەو هێزانە ڕەت دەکەنەوە لەناو جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراقدا. ئێران ئەم هێزانەی بە سەنگەری پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا دادەنێت، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت بە هاوشێوەی غەززە و فەڵەستین و لوبنان و سووریا و ناوچەکە لەو هێزانەی کە ناویان دەبەن دەستدرێژییەکانی ئێران لە عێراقیش نەمێنێت. بۆیە من پێم وایە هەر لە ئەمساڵدا فشارە ئابوورییەکان لەپێناو کۆنترۆڵکردن و هەڵگرتنی هەژموونی ئێران دەبێت لە عێراقدا، بێگومان هێزە میلیشیاتەکانیش کاردانەوەیان دەبێت، بەڵام ئەگەر کاردانەوەکەیان بە لۆژیکی عەقڵ و مەنتیق بێت، پێکدادانەکان بەو شێوە مەترسییە نابێت و دۆخەکە تێپەڕ دەبێت، بەڵام دواجار هەر بە لاوازیی هەژموونی ئەو هێزانەی سەر بە ئێران تەواو دەبێت.

## نەخشە ڕێگایەکی ڕوون بۆ داهاتووی کورد لە سووریا دیار نییە

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە کەچی هێزێکی توندڕەوی ئیسلامی وەکو ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، جڵەوی دەسەڵاتیان لەدەستە. ئایا ئەمە تا چەند جێگای مەترسییە بۆ کوردەکان بەتایبەتی کوردەکانی ڕۆژئاوا؟ لەم بارەیەوە دڵشاد میرانی وتی: «نابێت ئەوە پشتگوێ بخەین کە ئەم هێزەی ناوی (تەحریر شام)ـە و ٢٥ گرووپی چەکداریی توندڕەو لەخۆ دەگرێت، جیاوازە لەوەی کاتێك ئۆپۆزسیۆنی بەشار ئەسەد بووە، لە ئێستادا گۆڕانکاریی لە ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی دەبینرێت، بەڵام ئەمە بە شەو و ڕۆژێك ڕوو نادات و کارێکی وا ئاسان نییە، ئەمانیش لەژێر هەژموونی تورکیا و فکرەی توندوتیژیی ئیسلامی وا بە ئاسانی دەربازیان نابێت، هەر بۆیە ئەو گۆڕانکارییە گەورە و خێرایەی ئەحمەد شەرع نابینین، بەتایبەتی لە بەشداریی کورد لە حکومەتی دیمەشق و جێگیرکردنی مافەکانی کورد لەو وڵاتە و دەستکردن بە نووسینەوەی دەستوور و فراوانکرنی دیموکراسیدا، دەبووایە پێش ئەوەی داوای دانانی چەکی لە کورد بکردایە، هەنگاوی بەرەو کۆنگرەیەکی نیشتمانی بنایە و ئاراستەی سووریای تێدا دیاری بکرایە، تەنانەت هێرشەکانی سوپای نیشتمانیی سووریا و دەستتێوەردانی تورکیای لەو وڵاتە ڕابگرتایە و دەبوو سنوورێکی بۆ دابنێت، هەر هیچ نەبێت، هەوڵێکی بدایە، خۆ لەلایەکی دیکەوە (قەسەد و هەسەدە)ش بە مەنتیقی و لۆژیکانە مامەڵە ناکەن و هەژموون و بوونی چەکدارانی پەکەکە کە وەکو هێزێکی نامەرغووبە لەلای تورکیا و هێزە ئیسلامییەکان و تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستانیش، پەکەکە زیانی گەورەی بە ئەزموون و داهاتووی کورد لە ڕۆژئاوا گەیاندووە، کە نەخشە ڕێگایەکی ڕوون لای ئەم هێزانە بۆ داهاتووی کورد لە سووریا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت پشتی بە هێزەکانی ئەمریکا بەستووە کە دیدگای ئەوانیش بەپێی ئیدارەیەکی نوێیە کە بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان لەپێش هەموو ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و ئاراستەیەکەوەیە. بۆیە (مەزڵووم عەبدی)یش ئەم مەترسییەی نەشاردووەتەوە و کاتێك سەردانی سەرۆك مسعود بارزانی کرد، ئەم سەردانەش هەروا لەخۆڕا نەهاتووە و بە ویست و ئاگاداریی ئەمریکا هەموو ئەم بابەتانە وتووێژی لەسەر کراوە. تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و پێکەوەژیان و یەکڕیزی لە کوردستانی ڕۆژئاوا خەریکە لەدایك دەبێت کە هاوکاتە لەگەڵ سەردانی شاندی ئیمراڵی بۆ لای سەرۆك بارزانی کە هەمووی کۆمەڵە خاڵێکی ئیجابیی نەتەوەیی و گەشبینییە.


**ئامانجی داهاتووی ترەمپ کەمکردنەوەی ئەزموونی میلیشیاتەکان دەبێت لە عێراق**

**دەبووایە پێش ئەوەی داوای دانانی چەکی لە کورد بکردایە، هەنگاوی بەرەو کۆنگرەیەکی نیشتمانی بنایە و ئاراستەی سووریای تێدا دیاری بکرایە**

**پەکەکە زیانی گەورەی بە ئەزموون و داهاتووی کورد لە ڕۆژئاوا گەیاندووە، کە نەخشە ڕێگایەکی ڕوون لای ئەم هێزانە بۆ داهاتووی کورد لە سووریا نییە**

**تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و پێکەوەژیان و یەکڕیزی لە کوردستانی ڕۆژئاوا خەریکە لەدایك دەبێت**

# دیمانەی تایبەت



جۆن موکوم مباکو، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرای لە ئابووریدا لە زانکۆی جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست هێناوە، هەروەها خاوەنی بڕوانامەیە لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکان و یاسای ژینگەیی لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئوتا و لە ئێستادا پرۆفیسۆری ئابوورییە لە زانکۆی وێبەر ستەیت، هەروەها توێژەرە لە ئامۆژگای برووکینگز لە واشنتۆن دی سی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پرسی گەندەڵی و حوکمڕانی و دامەزراوەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بونیادنانی دامەزراوەکان و ڕۆڵی سەرکردەکان، بەتایبەتی کە لەم دواییەدا لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان لە وڵاتی ئیمارات بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوە چوو.

### پرۆفیسۆر جۆن موکوم مباکو بۆ گوڵان:

# ڕەگ و ڕیشەی گەندەڵی بۆ لاوازیی دامەزراوەکان دەگەڕێتەوە

*** سەرەتا دەمانەوێت لە پرسی گەندەڵییەوە دەست پێبکەین، کە ئاشکرایە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستیەوە دەناڵێنن و، ئەم دیاردەیەش بووەتە هۆی ئەوەی سەرچاوە زۆر و زەوەندەکانی ئەم وڵاتانە بەهەدەر بچن، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، بۆچی زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە گرفتاری ئەم کێشەن و ناتوانن بە ئاسانی خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، هەرچەندە زۆرجار لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش هاتوونەتە نێو ئەم پرسەوە و ویستیان هاوکاریان بن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکی گرنگە و ئەمە کێشەیەکە کە پێویستە بە جددی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و کار و کۆشش بۆ چارەسەرکردنی بکرێت. بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوەش بدەمەوە، ئەوا بە تێڕوانینی من ڕەگ و ڕیشەکانی گەندەڵی لە وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕاددەیەك دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی دامەزراوەکانی حوکمڕانیی ئەم وڵاتانە، چونکە ئەم دامەزراوانە توانای ئەوەیان نییە بە چەشنێك کار بکەن کە حکومەت بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتییەکانیەوە. بە داخەوە، زۆرێك لەم وڵاتانە خاوەنی ئەو دامەزراوانەی حوکمڕانی نین کە لەسەر بنەمای سەروەریی یاسا کار و ئەرکەکانیان ئەدا بکەن، چونکە ئێمە دەزانین بوونی دامەزراوەی تەوەربەند لەسەر سەروەریی یاساکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی و برەودان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە، و بە گەشەپێدانی ئابووری. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم: سەروەریی یاسا بناغەی هەر دەوڵەتێکی دیموکراسیی شەرعییە، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە دەوڵەت خۆی و بەرپرسەکانی بخاتە ژێر باری ئەحکامی یاسا بەرکارەکانەوە، سەرباری ئەوەش

> **سەروەریی یاسا بناغەی هەر دەوڵەتێکی دیموکراسیی شەرعییە، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کە دەوڵەت خۆی و بەرپرسەکانی بخاتە ژێر باری ئەحکامی یاسا بەرکارەکانەوە**

> **پێویستە ئەرکی یاسادانان جیا بکرێتەوە لە دەسەڵات و ئەرکی جێبەجێکردن، واتە دەبێت هەموو ئەوانەی لەنێو حکومەتدا کار دەکەن، پابەند و ملکەچی یاسابن**

> **لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەفریقا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەندێ لە بەرپرسان و دەستەبژێری سیاسی باڵادەستیی یاسا قبووڵ ناکەن و ڕێزی لێناگرن**

> **هێشتا گەندەڵی وەک ئامرازێکی گرنگ بەکار دەهێنرێت لەلایەن ڕژێمەکانی ئەم ناوچەیەوە بۆ ئەوەی مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن**

پێویستە ئەرکی یاسادانان جیا بکرێتەوە لە دەسەڵات و ئەرکی جێبەجێکردن، واتە دەبێت هەموو ئەوانەی لە نێو حکومەتدا کار دەکەن، پابەند و ملکەچی یاسا بن.

*** ئێوە لێرەدا جەخت دەکەنەوە لەسەر سەروەریی یاسا، کە زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە ئەمە بەردی بناغەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئابوورییە، بەتایبەتی ئەمە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەلمێندراوە، کەواتە دەکرێت بڵێین بەشێکی گەورەی چارەسەر و دەرمانەکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا هەنگاوهەڵگرتنە بەم ئاراستەیەدا، ئەگەر وایە بۆچی ئەم وڵاتانە وەك پێویست بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵناگرن، نەزانینە، بێتواناییە، یان نەبوونی ئیرادەیە؟**

- ئاشکرایە و ئەوەی هەمووان لەسەری هاوڕان ئەوەیە کە دەبێت یاسا باڵادەست و سەروەر بێت، بەشێکی گرنگ و توخمێکی بنەڕەتیی ئەم پرۆسەیەش بریتییە لەوەی کە دەبێت یاسا باڵ بکێشێت بەسەر هەمووانذا، لە هەمان کاتدا دەبێت حکومەت کراوە و شەفاف بێت لە ئەداکردنی ئەرکەکانیدا، کە هەموو ئەمانە گرنگن بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و بۆ برەودان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بەرەوپێشچوونی ئابووری و بازرگانی.

*** بەڵام ئەگەر هێندە گرنگیی هەبێت، ئەی بۆچی لە وڵاتانی ناوچەکەدا کار لەسەر ئەوە ناکرێت ئەم ڕێچکەیە بگیرێتەبەر، بەتایبەتی کە ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە و کارێك نییە کە نەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بۆیە دەمانەوێت دووبارە جەخت لەسەر بەشی دووەمی پرسیارەکەی پێشوومان بکەینەوە؟**

- ئەوە ڕاستییەکی ڕوونە کە لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەندێ لە بەرپرسان و دەستەبژێری سیاسی باڵادەستیی یاسا قبووڵ ناکەن و ڕێزی لێ ناگرن، بەڵکو لە بری ئەوە، لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێن و سەرقاڵی خۆدەوڵەمەندکردن دەبن، لەوەش زیاتر، نەبوونی شەفافییەت لە دامەزراوەکانی حکومەتدا بەو مانایە دێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت و دەستی ڕاناگات بەو زانیاری و داتایانەی پێویستن بۆ سنووردارکردن و جڵەوکردنی دەسەڵاتی حکومەت و بچووککردنەوەی دەزگای بیرۆکراسی و بەرتەسککردنەوەی گەندەڵیی سیاسی. زۆرێك لە حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە هاووڵاتییەکانیان بێبەش دەکەن لە مافی کۆبوونەوە و گردبوونەوەی ئاشتییانە، لە دەرئەنجامدا کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی لە بارێکی نالەباردا دەبینێتەوە و تووشی دژواری دەبێتەوە لە ڕێکخستنی نارەزایی دژی سیاسەتەکانی حکومەت، ئەو سیاسەتانەی کە زیانیان پێ دەگەیەنێت و سەرکوتیان دەکات.

*** کەواتە پێت وایە لەبری ئەوەی دامەزراوەی بەهێز و تۆکمە بنیاد بنرێت بۆ ئەداکردنی ئەو ئەرکانەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتییان، ئەم دامەزراوانە بۆ مەبەستی تایبەت و شەخسی بەکار هێنراون، ئایا تێڕوانینی ئێوە ئەوەیە کە تاوەکو ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە نەکرێتەوە، ئەوا ناتوانرێت دۆخەکە ڕاستەڕێ بکرێتەوە؟**

- ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدی کراوە، ئەوەیە کە حکومەتە دەسەڵاتدارەکان پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن، بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی دەوڵەت بۆ پشتیوانکارەکانیان بەکار بهێنن، واتە داهات و هەلی کار بۆ ئەو گرووپ و کەسانە دەستەبەر دەکەن کە پشتیوانیانن، بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە قۆرخکاری دەسەڵاتەکەیان بدەن. بۆ نموونە دەکرێت گەندەڵی بەکار بهێنرێت بۆ ئەو بەرپرسە سەربازی و ئەمنییانەی کە توانا و ئیمکانییەتی ئەوەیان هەیە ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ڕژێمەکە و بۆ سەر مانەوەی دەسەڵاتەکە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە تێیاندا هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێت کە کەسانێکی دیاریکراو و دەستنیشانکراو بۆ نێو حکومەت ڕەوانە بکەن. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هێشتا گەندەڵی وەك ئامرازێکی گرنگ بەکار دەهێنرێت لەلایەن ڕژێمەکانی ئەم ناوچەیەوە بۆ ئەوەی مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن. هەرچۆنێك بێت، گەندەڵیی بەربڵاو کۆسپ و تەگەرەیەکی گەورەی بەردەم بەرهەمهێنانی سەروەت و سامان و گەشەی ئابووری و بەرەوپێشچوونە، لەبەرە ئەوە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە زۆرێك



لە وڵاتانی ئەفریقا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گیرۆدە و گیرخواردووی دەستی هەژارییەکی توندن.

*** ئێوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە گەندەڵی بەربەستە لە بەردەم بەرەوپێشچوون و گەشەی ئابووریدا و ڕێگری دەکات لەوەی وەك پێویست سەروەت و سامان لە وڵاتەکەدا بەرهەم بێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵك سوودمەند بن لە داهاتەکان، دەکرێت زیاتر ئەمە ڕوون بکەنەوە و پتر تیشك بخەنەسەر ئەو ڕەهەند و ڕواڵەتە خراپانەی کە گەندەڵی لەخۆ دەگرێت؟**

- لە ڕاستیدا گەندەڵی پاڵنەری قێزەون دروست دەکات و کەشێکی ناساز و نالەبار دروست دەکات بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی، سەرباری ئەوەش گەندەڵی ململانێی ڕەوا و دادپەروەرانە لە ناو دەبات و تێچوونی ئەنجامدانی کارە بازرگانییەکان زیاد دەکات، و بە ڕادەیەکی گەورە بەرهەمهێنان کەم دەکاتەوە و چالاکییە پێشەنگکارییەکان مەترسیدار دەکات، لەوەش زیاتر، گەندەڵی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتی حکومەت و دابەزاندنی کوالێتیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و خوڵقاندنی نادڵنیایی بۆ بزنێس، دەرئەنجامەکەش بریتی دەبێت لە گەشەیەکی کەم و کز و لاوازی ئابووری. گەندەڵی دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت سەرچاوەکان بە چەشنێك بەکار بهێنرێن کە سوود بە تێکڕای خەڵك بگەیەنن، لەبری ئەوە سەرچاوەکان بۆ بەرژەوەندیی کەسانی دەسەڵاتدار بەکار دەهێنرێت، بەتایبەتی کە دەست دەدەنە بەرتیلکاری و گەندەڵکاری. لە ڕاستیدا لە ڕێی گەندەڵییەوە داهات بۆ ئەو پڕۆژانە تەرخان دەکرێت کە سوود بە خەڵك ناگەیەنن، بەتایبەتی خەڵکی هەژار، بەڵکو تەنیا لە سوودی نوخبە سیاسی و بیرۆکراتییەکەدا دەبن.

**گەندەڵی پاڵنەری قێزەون دروست دەکات و کەشێکی ناساز و نالەبار دروست دەکات بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی**

**گەندەڵی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتی حکومەت و دابەزاندنی کوالێتیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و خوڵقاندنی نادڵنیایی بۆ بزنێس**

دیمانەی تایبەت



**ستیفن بلانک**

**توێژەری باڵا لە پرۆگرامی ئۆراسیا لە ئەنستیتیوتی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ گوڵان:**

# ئامانجی پوتین لە ناوبردنی ئۆکرانیایە و هیوادارم ترەمپ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت

**سیتفن بلانك، توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئۆراسیا لە ئەنستیتیوتی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە و زیاتر لە ٩٠٠ وتار و توێژینەوەی بڵاو کردووەتەوە، لەسەر سیاسەتی سەربازی و دەرەکیی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕووسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسیا و ئەورووپا، چەندین جاریش لە کۆنگرێسی ئەمریکا ئامادە بووە بۆ باسکردن لە بارەی کاروباری ڕووسیا، چین و ئاسیای ناوەڕاست و ڕاوێژی پێ کراوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و ناوەندەکانی توێژینەوە. گوڵان لە میانەی دیدارێکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئەگەرەکانی گرتنەبەری ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و گفتوگۆ- بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەمریکا و ڕووسیا لەم ڕووەوە لە عەرەبستانی سعودیە کۆبوونەویەکیان ئەنجام دا بۆ ئەم مەبەستە و، ئایا تا چەند ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ کار دەکات بە ئاراستەی ئەوەی ئۆکرانیا بکاتە قوربانی و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، بە تایبەتی کە لێدوان و تویتەکانی لەم ڕووەوە مایەی سەرسوڕمان و بگرە پێشبینی نەکراو بوون، کە هەندێ لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەوەی دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت ئەنجامی بدات، یان بەلای کەمەوە ئاراستەی کارکردنی لە پەیوەندی بە هەوڵەکانی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەوەیە کە ستایشی پوتین بکات و دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئەودا یەکلا بکاتەوە.**

*** ڕوونە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە چەشنێك درێژەی کێشاوە و بەردەوام بووە، بە جۆرێك کارەسات و کاولکاریی لێ کەوتووەتەوە کە ئیدی پێویستە سنوورێکی بۆ دابنرێت، کە ئێستا ئەمە بووەتە خواستی هەمووان، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە ئێستادا ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ بە چەشنێك لێدوان دەدات، پێدەچێت بە شێوەیەك کار بکات کە بیەوێت لەسەر حیسابی ئۆکرانیا ئەم شەڕە بە ئاراستەی یەکلاکردنەوەدا ببات، کە ئەمەش کاردانەوە و ڕەخنەیەکی زۆری لێ کەوتووەتەوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە هەندێ بۆ دواوە بگەڕێینەوە و بەتایبەتی بۆ کاتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا، ئەوا دەزانین کە پێشتر و لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دۆناڵد ترەمپ مشتومڕێکی زۆری دروست کرد، بەوەی دەتوانێت لە ماوەیەکی کورت و تەنانەت پێش دەستبەکاربوونیدا شەڕەکە بوەستێنێت، بەڵام پێدەچێت ئاراستەی ئیشکردنەکەی بە چەشنێك بێت کە بیەوێت لەم ڕووەوە ئەم پرسە لەگەڵ ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا یەکلا بکاتەوە، کە من تێڕوانینێکی ئەرێنیم نییە لەم ڕووەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پوتین بە ناڕەوا و بە ناهەق سەرکەوتن و دەستکەوتێك بەدەست بهێنێت.

*** پێت وایە بۆچی دۆناڵد ترەمپ بەم شێوەیە کار دەکات، واتە پاڵنەری ئەو چییە و دەیەوێت چی بەدەست بهێنێت، چونکە ڕاستە ئەو هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاولکاری و کوشتارێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە و چیتر نابێت بەردەوام بێت، بەڵام لەبری ئەوەی گوشار لەسەر ڕووسیا**



**بکات، ئۆکرانیا و خودی سەرۆکی ئەو وڵاتەی خستووەتە دۆخێکی نالەبارەوە؟**

- ئێمە نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە هەموو خەمی دۆناڵد ترەمپ ئەوەیە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بگاتە ڕێککەوتن و لەم ڕووەوە ئەمە بکاتە بانگەشەیەك، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو گوێ بەوە نادات کە چ جۆرە ڕێککەوتنێك بکرێت، واتە ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکەی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو تەنیا دەیەوێت خۆی هەڵکشێت و بانگەشەی ئەوە بکات پرسەکەی یەکلا کردووەتەوە، تەنانەت پێدەچێت لەم ڕووەوە باکی بەوەش نەبێت کە ئۆکرانیا بخاتە دۆخێکە کە خۆی بە ناچار ببینێت بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ڕووسیادا دەستبەرداری زۆر شت ببێت.

*** لێرەدا دەمانەوێت ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ هەلومەرجی لاوازیی ڕووسیا بە دەرفەت نازانێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پێگە و دەستڕۆیشتوویی خۆیشی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەست دا، یان لاواز بوو، بۆچی دۆناڵد ترەمپ بە جۆرێك ڕەفتار دەکات وەك ئەوەی گوشارێکی زۆر لەسەر ئۆکرانیا دروست بکات، نەك ڕووسیا؟**

- من پێم وایە ئەم شێوازەی سەرۆکی نوێی ئەمریکا گرتوویەتەبەر لە ئاست پرسی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەو تێڕوانینە تۆختر دەکاتەوە کە ئەمریکا لە پێگەیەکی لاوازەوە ئەم کارە دەکات لە کاتێکدا دروشمی ترەمپ بریتییە لە «سەپاندنی ئاشتی لە ڕێی هێزەوە»، هەروەها ئەو بۆچوونەش بەهێز دەکات کە دەکرێت کار لەسەر ئەو ئاراستەیە و جۆری بیرکردنەوەی ترەمپ بکرێت، کە ئاشکرایە ئەم دۆخەش لە بەرژەوەندیی ڕووسیا و خودی پوتینە. لێرەدا ئەوەی شایستەی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە ئەگەر ڕووسیا ئەم دۆخەی بۆ بچێتەسەر، ئەوا دەبێتە سەرمەشقێکی خراپ بۆ هەندێ لایەن و دەوڵەتی دیکە بۆ ئەوەی هەمان ڕێچکە و ڕێباز بگرنەبەر.

*** هەر لە پەیوەندی بە لەدەستدانی ڕووسیا بۆ ئەو دەستڕۆیشتووییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراوی لە سووریادا هەیبوو، دەمانەوێت وەك کەسێکی تایبەتمەند و شارەزا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ڕووسیا بۆچی بڕیاری دا دەست لە ڕژێمەکەی ئەسەد هەڵگرێت، لە کاتێکدا ئەمە زەبرێکی بەهێز بوو بۆ پێگە و ناوبانگی خۆی لەم ناوچەیە و لە جیهانیشدا؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەر پرسەکە پەیوەست بکەینەوە بەوەی ئایا ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی

**هەموو خەمی دۆناڵد ترەمپ ئەوەیە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بگاتە ڕێککەوتن و لەم ڕووەوە ئەمە بکاتە بانگەشەیەک، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەو گوێ بەوە نادات کە چ جۆرە ڕێککەوتنێک بکرێت**

**ئەگەر ڕووسیا ئەم دۆخەی بۆ بچێتەسەر، ئەوا دەبێتە سەرمەشقێکی خراپ بۆ هەندێ لایەن و دەوڵەتی دیکە بۆ ئەوەی هەمان ڕێچکە و ڕێباز بگرنەبەر**



ڤلادمیر پوتین نەیتوانی بەرگری لە ڕژێمەکەی ئەسەد بکات، یان خۆی بڕیاری دا دەستبەرداری ببێت و پشتی تێبکات، ئەوا من پێم وایە هۆکارەکە بێتوانایی ڕووسیا بوو، چونکە ڕوون بوو کە سوپای ڕووسیا سەرقاڵ بوو بە شەڕی ئۆکرانیاوە و لە دۆخێکدا نەبوو هێزی زیاتر ڕەوانە بکات بۆ سووریا بۆ ڕزگارکردنی چارەنووسی ڕژێمەکەی ئەل ئەسەد، لە هەمان کاتدا ئەوەش ئاشکرا بوو کە سوپای سووریا ئامادە نەبوو شەڕ لە پێناو مانەوە و درێژەکێشانی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد بکات.

*** ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و باس لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە سەردەمی ئیدارەی جۆ بایدن، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم ئیدارەیە یارمەتی و هاوکاریی بەرچاوی دەستەبەر کرد بۆ ئۆکرانیا، بەڵام ئیدارەی ترەمپ ڕەخنە لە ئیدارەی جۆ بایدن دەگرێت، پێتان وایە کاردانەوەکانی ڕووسیا و بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتوو، هەروەها پەنابردنەبەر هەڕەشەی ئەتۆمی بووەتە هۆی ئەوەی ترەمپ ئەم سیاسەتە بگرێتەبەر کە لە بەرژەوەندیی ڕووسیایە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ڕووسیا پەنای بردە بەر بەکارهێنانی هەندێ چەکی پێشکەوتوو و دواتر دەستی برد بۆ هەمووارکردنەوەی ئەوەی پێی دەگوترێت عەقیدەی ئەتۆمی، ئەویش لە دەرئەنجامی ڕێگەپێدانی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بۆ ئەوەی ئۆکرانیا مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئەمریکا بۆ لێدان لە ئامانجەکانی نێو خاکی ڕووسیا بەکار بهێنێت، بەڵام ئەمە پتر هەڵکشانێکی تەقلیدی بوو، دواتر ئەوەی لە واقیعدا ڕوو دەدات جیاوازە لەوەی کە لە گوتارەکاندا دەگوترێت و بانگەشەی بۆ دەکرێت.

*** با دوا پرسیارمان دەربارەی ئەوە بێت کە چۆن لە چارەنووسی ئۆکرانیا و دەرئەنجامی شەڕی ئۆکرانیا دەڕوانن، لەبەر ڕۆشنای لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ کە بە شێوەیەکی زۆربەی ئۆباڵی دۆخەکەی خستووەتە ئەستۆی سەرۆکی ئۆکرانیا و تەنانەت زیلینسکی بە دیکتاتۆر وەسف دەکات؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەوەی ڤلادمیر پوتین هەوڵی بۆ دەدات بریتییە لە کۆتاییهێنان بە ئۆکرانیا، لەم ڕووەوە ئەوەی ڕووسیا دەیەوێت بەسەر ئەو وڵاتەیدا بسەپێنێت لای هیچ ئۆکرانییەکی قبووڵکراو نییە. من ئومێدەوارم دۆناڵد ترەمپ ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت و بەردەوام بێت لەسەر پشتیوانیکردنی ئۆکرانییەکان.

**سوپای ڕووسیا سەرقاڵ بوو بە شەڕی ئۆکرانیاوە و لە دۆخێکدا نەبوو هێزی زیاتر ڕەوانە بکات بۆ سووریا بۆ ڕزگارکردنی چارەنووسی ڕژێمەکەی ئەلئەسەد**

**ئەوەی ڤلادمیر پوتین هەوڵی بۆ دەدات بریتییە لە کۆتاییهێنان بە ئۆکرانیا، لەم ڕووەوە ئەوەی ڕووسیا دەیەوێت بەسەر ئەو وڵاتەیدا بسەپێنێت لای هیچ ئۆکرانییەکی قبووڵکراو نییە**

**فاروق حاجی مستەفا**
سەرۆکی (دامەزراوەی بەرچاڤ بۆ میدیا و ئازادییەکان) بۆ گوڵان:

# پێگە و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەع و سیمبولی نەتەوەیی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان دیار و لەبەرچاوە



## وشەی کورد لە بەڵگەنامە دەستووری و یاساییەکانی سووریادا بوونی نییە، بۆیە ئالنگاری و مەترسییەکانی گەورەیە

## کاتێک بەرەو دیمەشق دەڕۆین زۆر پێویستیمان بە شارەزایی و پڕئەزموونیی سەرۆک بارزانی هەیە

## هەڵکشانی مەددی ئیسلامیی توندڕەو لە سووریا خاڵی بەهێزی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە

## بوونی هێزەکانی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان پێویست نییە و زیان بەو دەرفەتە دەگەیەنێت کە ڕووی لە کوردانی ڕۆژئاوا کردووە

فاروق حاجی مستەفا، ڕۆژنامەنووس و نووسەری دیاری سووریا و سەرۆکی (دامەزراوەی بەرچاڤ بۆ میدیا و ئازادییەکان)ە و کەسایەتییەکی بەناوبانگە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا. لەدیدارێکی تایبەت لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە پرۆسەی ئاشتی خستەڕوو.

*** ڕۆڵی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی بارودۆخی کوردانی ڕۆژئاوا چۆن دەبینیت و هەڵسەنگاندنت بۆ بارودۆخەکە چۆنە؟**

- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارودۆخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، بارودۆخێك کە شێوازی حوکمڕانی و سیستەم و یاساکانی زۆر وڵاتی تێدا دەگۆڕێت، کوردیش وەکو نەتەوەیەکی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە بەدەر نییە لەم گۆڕانکارییانە، هەرچەندە لە ڕووی تیۆری و ڕژێمەکانی ناوچەکە و هەڵکشانی مەددی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان و بوونی ئایدیۆلۆژیای قەومی عەرەبی ئالنگاریی زۆری لەبەردەمدایە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاڵنگارییانەش بەشی زۆری دەکەوێتە سەر خودی کورد وەکو نەتەوەیەك، بەوەی تاچەند لە ڕوانگەی هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی نەتەوەییەوە هەڵسوکەوت دەکات. چونکە لەسەر ئاستی ڕژێمە حوکمڕانەکانی هەر چوار وڵات کە کوردی بەسەردا دابەش بووە، کۆمەڵگەکانیان ڕانەهێنراون بەوەی کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و مافی نەتەوەیی هەیە. ئەم حاڵەتە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا زۆر نالەبارترە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ بارودۆخی کوردەکانی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی لە دەستوور و یاساکانی سووریادا شتێك نییە بە ناوی کوردەوە، بگرە ڕژێمی سووریا لە هیچ یاسا و بڕیارێکدا وەکو هاووڵاتییەکی سووری دانی بە کورددا نەناوە، بۆ نموونە لە دەستووری ١٩٢٠ی سووریادا تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، وشەی کورد لە بەڵگەنامە دەستووری و یاساییەکانی سووریادا بوونی نییە، تەنانەت بوونی کورد لە سووریا ڕەت کراوەتەوە، بۆیە ئێمە جگە لەوەی لەبەردەم ئاستەنگی بیرکردنەوەی ڕژێمە حوکمڕانەکان و کۆمەڵگەکانیانین، لەبەردەم ئەرکێکی قورسی گۆڕینی عەقڵییەتی بیرکردنەوە و یاساکانیشداین، کە بەردەوام گەل و تاکی کوردیان خستووەتە خانەی تاوانبارکردنیەوە بە جیاخوازی و پارچەپارچەکردنی وڵات، ئەم تۆمەتبارکردنەی کورد دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد زەقتر دەرکەوتووە و بەردەوامی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە چەند گۆڕانگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەیە، هێندەی ئەوە ئالنگاری و مەترسییەکانی سەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان گەورەترە، ئەمە لەکاتێکدا تەمەنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە سووریا هێندەی تەمەنی ١٠٠ ساڵی دامەزرانی دەوڵەتی سووریایە، بەداخەوە نەك تەنیا لەسەر ئاستی حوکمڕانی نوێی ئەم وڵاتە، بگرە لەسەر ئاستی توێژی ڕۆشنبیران و توێژە جۆراوجۆرەکانیش ناهوشیارییەك هەیە و لەوە تێنەگەیشتوون کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزی ڕەوای نەتەوەیەك هەیە و ڕەهەندێکی سیاسی و ئابووری و یاسایی هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردنە. لەم ڕوانگەیەوە کاتێك باس لە ڕژێمی نوێی سووریا و گۆڕانکاریی لە حوکمڕانی و سیستەمی بەڕێوەچوونی وڵات و مافە سرووشتی و یاساییەکانی هاووڵاتیانی کورد دەکرێت، هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە پابەندبوونی ڕژێمی نوێی سووریاوە دەستپێدەکات، بەوەی تا چەند ئەم ڕژێمە نوێیە جددییە و پابەندە بەرانبەر دابینکردنی مافەکانی نەتەوەی کورد و پێکهاتەکان و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ماف و بەشدارییە سیاسییەش کوردانی ڕۆژئاوا لەبەردەم میکانیزمی خەباتێکی جیاواز و وەرشەیەکی کاری نوێی سیاسی و یاسایی و حزبیی چڕ و جیاوازدان.

*** ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لەم گۆڕانکارییانە چۆن دەبینیت، بەتایبەتی بۆ هێورکردنەوە و ڕێگاگرتن لە پێکدادانەکان لە نێوان تورکیا و هێزە کوردییەکان؟ پەیامی سەرۆك بارزانی تا چەند کاریگەریی لەسەر عەرەبی سووریا و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن و کۆکردنەوەی هەرکوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە؟**

- ڕۆڵی زۆر گەورەی سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەع و سیمبولی نەتەوەیی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان دیار و لەبەرچاوە، خەبات و کاری بەردەوامی سەرۆك بارزانی بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەرز دەنرخێنم و بە هیچ شێوەیەك بە درێژایی تەمەنی لەم ئەرکەی کەمتەرخەم نەبووە. بارزانی کەسایەتیی یەکەمی کوردە و

**لەسەر ئاستی ڕژێمە حوکمڕانەکانی هەر چوار وڵات کە کوردی بەسەردا دابەش بووە، کۆمەڵگەکانیان ڕانەهێنراون بەوەی کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و مافی نەتەوەیی هەیە**

**لە کۆبانێ لە سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش داوای هاوکاریی سەرۆک بارزانیمان کرد و بە هانامانەوە هات و بەڕێزیان پێشمەرگەی نارده کۆبانێ و چاودێری و سەرپەرشتی ڕەوشەکەی کرد، تا ئەو کاتەی کۆبانێ ئازاد کرا**

**ئەم چاوپێکەوتنەی سەرۆک بارزانی لەگەڵ مەزلووم عەبدی ئومێدبەخشە بەوەی ئەم هەلە لەدەست نەدەین و وەکو کوردی سووریا سوود لە پێگەی بەهێزی نێودەوڵەتی و ڕاوێژکردن بە سەرۆک بارزانی وەربگرین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان لەسووریا**

لە لووتکەدایە و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و پەیوەندییەکی فراوانی نێودەوڵەتی هەیە، بۆیە هەمووان لەسەر ئاستی پراکتیکی و شارەزایی و مەرجەعییەتی نەتەوەیی ئومێدی زۆرمان لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئەم سەرکردە مێژووییە هەڵچنیوە. ئێمە وەکو کوردی ڕۆژئاوا لە کاتە سەخت و دژوارەکاندا پیرۆزی و گەورەیی سەرۆکمان بینیوە، لە کۆبانێ لە سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش داوای هاوکاریی سەرۆك بارزانیمان کرد و بە هانامانەوە هات و بەڕێزیان پێشمەرگەی نارده کۆبانێ و چاودێری و سەرپەرشتی ڕەوشەکەی کرد، تا ئەو کاتەی کۆبانێ ئازاد کرا. بۆیە بە بانگهێشتکردنی مەزڵووم عەبدی وەکو سەرکردەیەکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی کوردی ڕۆژئاوا و گفتوگۆکردنی لەگەڵیدا، ئەوەندەی دیکەی دڵخۆش کردین و ئومێدی پێداین، لەم بارودۆخە هەستیار و پڕ لە مەترسییەدا ئاراستەمان بکات، بەرەو یەکڕیزی و تەبایی، بەتایبەتی کاتێك دەڕۆین بەرەو دیمەشق، زۆر پێویستیمان بە شارەزایی و پڕئەزموونیی سەرۆك بارزانی هەیە. ئەم چاوپێکەوتنەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ مەزڵووم عەبدی ئومێدبەخشە بەوەی ئەم هەلە لەدەست نەدەین و وەکو کوردی سووریا سوود لە پێگەی بەهێزی نێودەوڵەتی و ڕاوێژکردن بە سەرۆك بارزانی وەربگرین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان لەسووریا.

لە چەندین وێستگەی پێشوو سەرۆك بارزانی ڕۆڵی لە پرۆسەی ئاشتی و هێورکردنەوەی دۆخەکە بینیوە، ناردنی نامەکەی ئۆجەلان بە شاندی ئیمراڵی بۆ سەرۆك بارزانی بۆ پاڵپشتی و پشتگیریی هەوڵەکانی سەرۆك بارزانییە، تاوەکو ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری ئاشتییانە بۆ دۆزی کورد لە تورکیا، لەم قۆناغەدا تورکیا کە لەڕێگەی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە خاکێکی زۆری ئێمەیان لە سووریا داگیر کردووە. ئەم دوو بابەتەی ئاشتی لە کوردستانی تورکیا و بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە سووریا پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندایە و سنوورێکی دوور و درێژمان پێکەوەیە، بۆیە چەند پەیوەندیی کورد لەگەڵ تورکیا باش بێت، ئەوەندە کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هەست بە ئارامی و سەقامگیری دەکەن و ئاڵنگارییەکانیان کەم دەبێتەوە. وابزانم سەرۆك بارزانی بەو پێگەو ناو و ناوبانگەی لەناو دامەزراوەکانی تورکیا و حزبی دادوگەشەپێدان و پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و هێزە کوردییەکان هەیەتی، ئەمە وێڕای ئەزموون و شارەزایی لە دانوستان و گفتوگۆ و پرۆسەی ئاشتی، دەتوانێت ڕۆڵێکی باش و کاریگەر لە پرۆسەی ئاشتی بگێڕێت. بەو ئومێدەی دۆخەکە بە هەمان ڕێڕەوی پێشوو تێنەپەڕێت و هەمووان هاوکار و یارمەتیدەری سەرۆك بارزانی بین و ڕێگای چارەسەر بێت و گۆڕانکاریی گەورە دروست بکات.

*** تا چەند هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە سووریا جێگای مەترسین بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی کە هێزەکانی سوپای نیشتمانیی سووریا کە تورکیا پشتیوانیان لێ دەکات، جێگای مەترسین؟**

- هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە سووریا و ناوچەکە بە هۆی کردەوە تیرۆریستییەکان و کوشتن و توندوتیژییەکانەوە بەگشتی جێگای مەترسین و ناو و ناوبانگێکی خراپیان هەیە. هەرکاتێك گوێبیستی ناوی ئەم گرووپە جیهادییانە دەبین، مەترسیی تیرۆر و نائارامی و ناسەقامگیری دێتە پێشەوە. لە سووریا هەر لە بەرەی نوسرە و داعش و حوراس دین و جند ئەقسا و چەندین گرووپی چەکداری دیکە هەر هەموویان جێگای مەترسین. من لە کۆبانێ بە چاوی خۆم قەبارەی ئەو مەترسییەی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانم بینیوە. ئەمانە هەڵوێستیان بەرانبەر بە کورد باش نییە و هەروەکو چۆن بینیمان دەیانەوێت قەسەدە دەستبەرداری چەکی خۆی بێت و چەکدارەکانی پەکەکە دوور بخەنەوە، ئەمە بەبێ پرۆسەی چاکسازی لە دامەزراوەی سەربازی لەسەر ئاستی وەزارەتی بەرگری، لە کاتێکدا گرووپە چەکدارە بەکرێگیراوە بیانییە توندڕەوەکان لە باشووری ڕۆژئاوای سووریادا لە سوپای نیشتمانی سووریا لە لیبیا و ئازەربایجان و چەندین ناوچەی دیکەی جیهان شەڕ و ئیرهابیان ئەنجام داوە، بۆیە دامەزراوەی سەربازی لەم وڵاتەدا پێویستی بە چاکسازی

**لەم قۆناغەدا تورکیا کە لەڕێگەی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە خاکێکی زۆری ئێمەیان لە سووریا داگیر کردووە**

**هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لە سووریا و ناوچەکە بە هۆی کردەوە تیرۆریستییەکان و کوشتن و توندوتیژییەکانەوە بەگشتی جێگای مەترسین و ناو و ناوبانگێکی خراپیان هەیە**

**لە کۆبانێ بە چاوی خۆم قەبارەی ئەو مەترسییەی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانم بینیوە. ئەمانە هەڵوێستیان بەرانبەر بە کورد باش نییە**

**گرووپە چەکدارە بەکرێگیراوە بیانییە توندڕەووەکان لە باشوری ڕۆژئاوای سووریادا لە سوپای نیشتمانی سووریا لە لیبیا و ئازەربایجان و چەندین ناوچەی دیکەی جیهان شەڕ و ئیرهابیان ئەنجام داوە**

**فکری بەعسی قەومچێتیی عەرەبی تەمەنی زیاتر لە ٦٠ ساڵە و بووەتە ئایدیۆلۆژیایەک لە سووریا دژ بە کورد و درووز و پێکهاتەکانی دیکە و کەمینەکان**

و پاککردنەوە هەیە لەم گرووپ و کەسە مەترسیدارە بەناو جیهادییە بیانییانە، ئەگەر ئەم گرووپە جیهادی و توندڕەوانە بگەنە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەگەری دانانی چەکی هێزەکانی قەسەدە، ئەوا جێگەی مەترسین و شوێنەواری خراپیان دەبێت، بەتایبەتی کە ئەمانە بیروبۆچوونیان بەرانبەر پرسی نەتەوەیی کورد و مافەکانی باش نییە و لەژێر ئەم ئاڵایە کوردیان قەتڵوعام کردووە و لە چەندین وێستگەدا کۆمەڵکوژیی کوردیان ئەنجام داوە، لەهەرێمی کوردستانیش ئەم گرووپانە زیانی گەورەیان بە پرۆسەی نەتەوەیی کورد گەیاندووە. ئەم گرووپانە جگە لەشەڕ و کوشتار و زیانگەیاندن بە هزری نەتەوەیی، دەستکەوتی دیکەیان نەبووە، هەر بۆیە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان دژی دیالۆگ و گەشە و پێکەوەژیان و ئاوەدانین، بۆیە سەقامگیریی خاڵی بەهێزی هەرێمی کوردستانە و گەشە و هەڵکشانی ئەم گرووپە توندڕەوانەش دژی ئەم هەنگاوانەیە کە بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ دەنێن. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر هێزەکانی سووریای دیموکرات بە زەمانەتەوە بچنە دیمەشق و تەواوی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەڕووی سیاسییەوە زامن بکەن و کورد ئیدارەی لامەرکەزی ناوچەکانی بکات و دیمەشق لە مەرکەزییەتی توندڕەوی ئیسلامیی جیهادی دەرباز بکرێت و لەم قۆناغە ڕاگوزەرەوە بەرەو قۆناغی بونیادنانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی هەنگاو بنرێت، پارێزگاریی لە مافی نەتەوەکان و ئایین و ئایینزاکان دەکرێت.

*** ئایا تا چەند ئەو ڕژێمەی جێگای ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدی گرتووەتەوە، بە هەمان شێوەی ئایدیۆلۆژیەتی قەومی عەرەبی و بگرە توندڕەویی ئیسلامیی سیاسیشەوە جێگەی مەترسین؟**

- فکری بەعسی قەومچێتیی عەرەبی تەمەنی زیاتر لە ٦٠ ساڵە و بووەتە ئایدیۆلۆژیایەك لە سووریا دژ بە کورد و درووز و پێکهاتەکانی دیکە و کەمینەکان، کە فکری توندڕەویی ئیسلامی (هەیئەی تەحریر شام)یشی چووەتە سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی جیهادیی تازەوە، هەموو ئەمانە جێگای مەترسییەکی زۆر گەورەن، بەتایبەتی کە وەزارەتی بەرگرییان دامەزراندووەتەوە، بێ چاکسازی و هیچ هەنگاوێکی نوێیان بۆ بەشداریی پێکهاتەکانی دیکەیان لەناو ئەم دامەزراوە گرنگە نەناوە، تەنانەت خزانە ناو دامەزراوەی سەربازییەوە لەلایەن ئەم گرووپە جیهادییە توندڕەوانە، زۆر مەترسیدارترە لە ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە.

*** تاچەند کوردانی سووریا دەتوانن سوود لەم گۆڕانکارییە گەورەیە وەربگرن و یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن و مامەڵەیەکی لۆژیکانە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بکەن و دەرفەت و سوودی لێوەربگرن، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی ترەمپ و ئیدارەی نوێی ئەمریکا؟**

- کورد وەکو نەتەوەیەکی ڕەسەن و گەورە کە خاوەن خەبات و دۆزێکی ڕەوای ١٠٠ ساڵەیە، لەم گۆڕانکارییە گەورەو خێراییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەردەم یەکخستنی گوتار و یەکڕیزیدایە، بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژئاوا کە پرسی کورد ڕەهەندێکی سیاسی و یاسایی هەیە و لە بەردەم ئیستحقاقات و مافی نەتەوەییدایە، بۆ ئەوەی بە یەکڕیزی ڕوو لە دیمەشق بکات و لە پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتەدا بەشدار بێت، بەڵام گرنگە کورد چاوەڕوانی پێدانی مافەکانی نەبێت لەلایەن ڕژێم و دەوڵەتەکانەوە، بەتایبەتی لە گۆڕانکارییە گەورەکاندا، بە هاوشێوەی ئەزموونی سەرۆك بارزانی کە زۆر پێویستە هەمووان لە دەوری ئەو سەرکردەیە کۆببنەوە و کار بە ئامۆژگاری و ڕاسپاردەکانی بکەین و وەبەرهێنانی هەموو توانا سیاسی و سەربازیی و ئیدارییەکانمان بکەین، هەمووی لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانمان و چارەسەری دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت. لەو دەمەی ئەحمەد شەرع بە شەرعییەتی شۆڕش و فەقهی بووە سەرۆکی ڕاگوزەر و ژمارەیەك وڵاتی عەرەبی و پێنچ وڵاتی ڕۆژئاواش پیرۆزباییان لێکردووە، بەڵام ئەمریکا تاکو ئێستا هەڵوێستی لەقۆناغی ڕاگوزەری سووریا ڕوون نییە، چونکە لە ناوخۆی ئیدارەی نوێی ترەمپدا بە هاوشێوەی زۆر دەوڵەتی دیکەی ڕۆژئاوایی دەنگێکی زۆر هەیە کە گومان لە توانا و ویستی ئەحمەد شەرع (جۆلانی) دەکەن بۆ

جێبەجێکردنی گۆڕانکاریی گەورە لە قۆناغی ئینتقالیدا. بەیانی عەقەبەی ١ و ٢ و بەیانی ریاز و کۆنگرەی پاریس و دیدارەکانی میونخ و زۆر ئامۆژگاریی دیکە هەیە بەوەی حکومەتی ڕاگوزەر لە سووریا سەرتاپاگیر و فراوان بێت و هەمووی تێدا بەشدار بێت و مافەکانی مرۆڤ و پێکهاتە و کەمینەکان بپارێزن، داواکارییش هەیە بە تێکەڵکردنی هێزەکانی سووریای دیموکراتی بە سوپای سووریا، چونکە هێزەکانی سووریای دیموکرات تەنیا زەمانەتی دامەزراندنی هێزێکی نیشتمانی پیشەییە کە فکری جیهادی و ئینتحاری نەبێت و تەنانەت هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژئاواش لەناو ئەم دامەزراوە سەربازییەدا لەخۆ بگرێت، وڵاتانی ڕۆژئاواش بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی فکری جیهادی و توندوتیژی، زۆر پێویستیان بە هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان هەیە، کە زامنی دامەزرانی هێزێکی سەربازییە دوور لە هزری توندڕەوی. تا ئەم کاتە پاڵپشتییەکی گەورە بۆ ئیدارەی نوێی سووریا بوونی نییە و بارودۆخەکە ناهەموار و قورسە و هەژاری و بێکاری و غیابی دامەزراوەی سوپا و ناوخۆ و وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی حکومەت و بوونی زۆر گرووپی چەکدار و جیهادی و توندڕەو، سووریای نەگەیاندووەتە شێوازێکی پێشکەوتووی دەوڵەت و چالاکی و کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەی مەدەنی، تەنانەت لە یەکەم چالاکیی دیالۆگیدا لە حمس، هێزە میانڕەو و عەلمانی و چەپەکان و دەستگیرکراوانی سیاسیی ڕژێمی پێشوو لەم چاوپێکەوتن و ڕاوێژکردنەدا دوور خرانەوە.

*** تا چەند بوونی هێزەکانی یەکەکە و قەندیل گەمەکردنە بە چارەنووسی ڕۆژئاوا؟ ئایا هێزەکانی سووریای دیموکرات دەتوانن خۆیان دەرباز بکەن لە یەکەکە و دەرگای گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ تورکیا بکەنەوە؟**

- بوونی هێزەکانی یەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان پێویست نییە و زیان بەوە دەرفەتە دەگەیەنێت کە ڕووی لە کورد کردووە. ڕاستە ئەوان پاڵپشت و هاوکارێکی باشی ڕووبەڕووبوونەوە و تێکشکانی داعش بوون لە ڕۆژئاوا، بەڵام وەزعی نوێی سووریا و فشارەکانی تورکیا و هاوکێشە نوێیەکەی ئەم وڵاتە، ئەوە دەخوازێت نەك تەنیا یەکەکە بەڵکو بیانییەکانی ناو گرووپە جیهادییە توندڕەوەکانیش چیتر لەو وڵاتە نەبن، بۆ کورد بارودۆخەکە وەکو ئاماژەم پێدا هەستیارە و قۆناغی شەڕی پارتیزانی و گیڤارایی بەسەر چووە، نابێت کورد ئەم هەلە نوێیە لەدەست بدات. دەبێت هەموو هێز و چەکدارەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان مۆرکی ئەو وڵاتەیان پێوە بێت.

وڵاتانی ڕۆژئاواش بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی فکری جیهادی و توندوتیژی، زۆر پێویستیان بە هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان هەیە

*** لە لێدوانێکدا باسی ئەوەت کردووە، ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێریی پرۆسەی سووریا نەکەن و ناوی کورد لە وڵاتەکە و دەستووردا جێگای نەکرێتەوە و ڕێگا لە دەستتێوەردانی تورکیا نەگیرێت، ئەوا چارەنووسی ڕۆژئاوای سووریا جێگای مەترسییە، لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاترتان چییە؟**

- بوونی زەمانەتی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کورد لە قۆناغی ئینتقالی لە سووریا زۆر گرنگە، بڕیاری ٢٢٥٤ لە ٢٠١٥دا تا ڕاددەیەکی باش ئەو زەمانەتەیە کە جەخت لەسەر حوکمێکی ڕاگوزەر دەکات بە هەموو فاکتەرەکانی نووسینەوەی دەستوور و هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد و حکومەتێکی دوور لە ئایدیای مەزهەبی کە هەمووان لەخۆ بگرێت و چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بکرێت. ئەمە حاڵی هەموو دەوڵەتێکی خۆسەپێنە کە بە کودتا، یان بە شەڕ بگۆڕدرێت و خەڵك خوازیاری ڕژێمێکی نوێی دیموکراسی بێت، ئەوەش پێویستی بە هاوکاری و چاودێریی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی هەیە، تاوەکو فرتوفێڵ و پەراوێزخستنی پێکهاتەکان و مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێت و هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکار و داد، بە سەربەخۆیی و پیشەگەریی دوور لە دەستتێوەردانەوە کاری خۆیان بکەن، بەمەش دەکرێت سووریا بکرێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ بونیادنانی ڕۆژهەڵاتێکی نوێی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆر و گرووپە جیهادی و هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان، کە تێیدا کورد ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگ بگێڕێت، بە پێچەوانەوە بارودۆخەکە ڕوو لە باشی ناکات.

ئەمە حاڵی هەموو دەوڵەتێکی خۆسەپێنە کە بە کودتا، یان بە شەڕ بگۆڕدرێت و خەڵک خوازیاری ڕژێمێکی نوێی دیموکراسی بێت



دکتۆر کاوە ئەزیزی
ئەندامی ئەنەکەسە و پەدەکەسە بۆ گوڵان :

# هاتنی شاندی ئیمراڵی بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی لەسەر داوای ئۆجەلان بووە کە بۆچوون و ڕۆڵی جەنابیانی لا گرنگ و کاریگەرە

**هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی بووە ئاهەنگ و شایی کوردستانی و یەکڕیزیی ماڵی کوردان و سەلماندی کە بارزانی مەرجەعی کوردانە**

**هاتنی مەزڵووم عەبدی و شاندی ئیمراڵی لەسەر داوای ئۆجەلان بۆ لای سەرۆك بارزانی لە سات و کاتێکی هەستیاردا، کە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدا تێپەڕ دەبێت، بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کورد و بەهێزکردنی فاکتەری نەتەوەیی، گرنگیی لە ڕادە بەدەری هەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و گرنگیی وتوێژەکانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ لایەنەکان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر کاوە ئەزیزی مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان و ئەندامی ئەنەکەسە و پەدەکەسە ئەنجام دا .**

* بارودۆخی سووریا دوای کەوتنی ئەسەد، خەریکە جۆرێك بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەحمەد شەرع لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێشوازیی لێدەکرێت و باس لەوە دەکرێت یەکێتیی ئەورووپاش سزاکانی خۆی لەسەر سووریا سووك بکات، ئایا لە ماوەی نزیکەی ئەم سێ مانگەی دوای ڕووخانی ئەسەد، بارودۆخەکە چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت؟

- لە هەقیقەتدا ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی، بۆ ئەو گۆڕانکارییەش پێشتر ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن گرنگ بوو، نەمان و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سووریا ئەمەش زۆر گرنگتر و تەواوکاری یەکترن بۆ گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ڕووخانی هەر دوو ڕژێم فەشەلی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو لەلایەك و، لەلایەکەی دیکەوە فەشەلی حزبی بەعس و فەشەلی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی بوو. هەر بۆیە ئێستا سووریا لە گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە و گشتیدایە، چونکە سیستمی سیاسی و ئایدیۆلۆژی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و، حزبی بەعس و سوپا و هێزە ناوخۆییەکانی پێشوو هەڵوەشاوەتەوە و کارکردن بەو دەستوورەی کە هەبوو ڕاوەستاوە و موڵك و ماڵی ئەسەد و بنەماڵەکەی دەستی بەسەردا گیرا و، زیندانیان ئازاد بوون و خزمەتی سەربازی بە ناچاری نەما، واتە هەموو ئەو کار و سیستمەی پێشووی بەشار ئەسەد نەما، ئەمەش مزگێنییەکی گەورە بوو بۆ هەموو پێکهاتەکانی سووریا، تا بە هەموو لایەکەوە کار بکەن بۆ سووریایەکی دیموکراتی و فرەنەتەوە و فرەحزبی و دەبێت کار بکرێت بۆ گۆڕینی دەستووری سووریا بە جۆرێك کە مافی هەموو نەتەوە و پێکهاتە و تاکێکی تێدا پارێزراو بێت، لەوانەش مافی نەتەوە و پێکهاتەی کورد، ئێمە وەکو کورد زۆر گەشبینین و ئومێدمان زۆر بۆ دروست بووە، چونکە پێمانوایە قۆناغی تەعریب و زوڵم و زۆرداری لەسەر کوردان کۆتایی هات و لە گۆڕانکاری و دەستووری تازەی سووریادا کار دەکەین و ئومێد هەیە مافی گشتی و نەتەوەیی و تاکی کورد بچەسپێت و بە تەواوی دیاری بکرێت و کورد ببێتە فاکتەرێکی سەرەکی لە سیاسەتی سووریا و گۆڕانکارییەکاندا. لە ڕاستیدا هێزی ئەحمەد شەرع (جۆلانی) ئەوە نەبوو کە بتوانێت ڕژێمی بەشار ئەسەد بڕووخێنێت، چونکە ڕژێمی ئەسەد جگە لە هێز و توانای خۆی، لەلایەن ڕووسیا و ئێران و حزبوڵڵاوە هاوکاری و پشتگیریی گەورە دەکرا، بەڵام لە هاتنی جۆلانی و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەددا ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی هەبوو، کە وای کرد، بەو ئاسانییە و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ڕژێمە زاڵم و مەترسیدارەی بەشار ئەسەد بڕووخێت و جۆلانی دەسەڵات بگرێتە دەست، بێگومان بە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سووریا لەلایەن جۆلانییەوە، ئێران لە سووریا نەما و حزبوڵڵا ڕایان کرد و ڕووسیاش بە تەواوی لە کارەکانی ڕاوەستا و ڕۆڵی نەماوە، ئەم گۆڕانکارییە یەکێکە لەو فاکتەرانەی بۆ هاتنەدیی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ گرنگ بوو. لەلایەکی دیکەوە، هاتنی جۆلانی و نەمانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا بووە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری کێشە و قەزییەی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان لە لۆکاڵییەوە ببێتە نێودەوڵەتی، لە لایەکی دیکەوە ڕووخانی بەشار و هاتنی جۆلانی بیر و هزری «دەوڵەت باخچەلی» و حزبێکی ئاوا فاشیی تورکیا کە زیاتر لە سەد و دە (١١٠)

**دەبێت کار بکرێت بۆ گۆڕینی دەستووری سووریا بە جۆرێک کە مافی هەموو نەتەوە و پێکهاتە و تاکێکی تێدا پارێزراو بێت**

**قۆناغی تەعریب و زوڵم و زۆرداری لەسەر کوردان کۆتایی هات و لە گۆڕانکاری و دەستووری تازەی سووریادا کار دەکەین و ئومێد هەیە مافی گشتی و نەتەوەیی و تاکی کورد بچەسپێت**

**لە هاتنی جۆلانی و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەددا ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی هەبوو، کە وای کرد، بەو ئاسانییە و لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ڕژێمە زاڵم و مەترسیدارەی بەشار ئەسەد بڕووخێت**

**بە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سووریا لەلایەن جۆلانییەوە، ئێران لە سووریا نەما و حزبوڵڵا ڕایان کرد و ڕووسیاش بە تەواوی لە کارەکانی ڕاوەستا و ڕۆڵی نەماوە**

**هاتنی جۆلانی و نەمانی رژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا بووە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری کێشە و قەزییەی کورد و رۆژئاوای کوردستان لە لۆکاڵییەوە ببێتە نێودەوڵەتی**

**جۆلانی هات، نە کورد، نە عەلەوی، نە عەرەب، نە هیچ پێکهاتەیەکی سووریای نەکوشت، کە ئەمەش دەستپێکێکی زۆر باش بوو بۆ ئاشتەوایی و هاتنەدیی دیموکراتی لە سووریا**

**پاڵپشتی و ئومێدی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە مەرجەعێکمان هەیە، کە ئەویش جەنابی سەرۆک (مسعود بارزانی)یە، کە هەموو کەس و لایەنێکمان لێی تێدەگەن**

**بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوو شاندەکە پێک بێت و کار بۆ ئەوە بکەین، داخوازییەکانی خۆمان و گەلی کورد یەک بخەین و بکەوینە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سووریا**

ساڵە خەریکی کوردکوشتن و لەناوبردنی کوردن، هاتنە سەر ئەو بیروڕا و بۆچوونە کە دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکەن و ئۆجەلان لە ئەمراڵی بانگهێشت بکەن، تا بێت لە پەرلەمانی تورکیا پشتگیری و بانگەوازی خۆی دەرببڕێت بۆ ئاشتی لە تورکیادا، هاوکات دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە جۆلانی هات، نە کورد، نە عەلەوی، نە عەرەب، نە هیچ پێکهاتەیەکی سووریای نەکوشت، کە ئەمەش دەستپێکێکی زۆر باش بوو بۆ ئاشتەوایی و هاتنەدیی دیموکراتی لە سووریا و، هەنگاوی دووەمی جۆلانی زۆر گرنگە، کە دەیەوێت سوپایەکی نوێ دروست بکات بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان، بەتایبەتی نەتەوەی کورد، تاوەکو سوپایەکی یەکگرتووی سووریا بێت و ئەو سوپایەی تازە دادەمەزرێت، بە بەشداریی سەربازیی ناچاری نییە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر تەماشای هەسەدە بکەین کە هێزێکە لە کورد و عەرەب و کریستیان و کەسانی دیکە پێك هاتووە، بەڵام سەرکردایەتی و پێشەوایی لە هەموو جومگەکانی ئەو هێزەدا کوردن، کە وەکو سووریایەکی بچووکە و ڕێکخراوێکی سەربازییە کە لەلایەن ئەمریکاوە دروست کراوە، ئەگەرچی مەزڵووم عەبدی ڕایگەیاندووە کە ئەوانیش وەکو هەسەدە بەشێکن لە سووریا و ئامانجیان پاراستنی یەکپارچەیی سووریایە و هێزێکن بۆ پاراستنی گەلی سووریا و بەشێکن لە سوپای سووریا، بەڵام ئێمە وەکو ئەنەکەسە کاری سیاسی دەکەین، لەگەڵ قەسەد و مەسەد و پینەکە، کە ئەحزابی سەر بە هەسەدەن، گفتوگۆی باش و بەردەوام لە نێوانماندا هەیە بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و بە هاریکاری هێزی هاوپەیمانیی ئەمریکی و فەرەنسی و، هەموو ڕۆژێك چاوپێکەوتن هەیە بۆ دامەزراندنی یەك شاند و بۆ داواکردنی یەك داخوازیی کورد لە سووریا، کە لەو داخوازییانەشدا ڕا و بۆچوونی ئەمریکی و فەرەنسیشی تێدایە. بێگومان داخوازیی ئێمەی کورد لە سووریا فیدراڵییەت، یان حوکمی ئۆتۆنۆمییە.

*** پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە بەو ئاراستەیە بووە کە سوود لە دەرفەتی دوای ڕووخانی ئەسەد وەربگرن و، داواکاریی ئەوە بووە هەموو لایەنە کوردییەکان یەك بگرن و یەك ئامانج و یەك هەڵوێست و یەك ئاراستەتان هەبێت، بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردی سووریا، ئایا تا چەند لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوا بەم ئاراستەیە هەنگاویان هەڵگرتووە؟**

- پاڵپشتی و ئومێدی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە مەرجەعێکمان هەیە، کە ئەویش جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی)یە، کە هەموو کەس و لایەنێکمان لێی تێدەگەن، تا ئەو ئاستەی کە ئەو شاندەی چوونەتە لای ئۆجەلان بۆ ئیمراڵی، ئۆجەلان پێی گوتوون، دەبێت بڕۆن بۆ لای جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە ڕاوبۆچوون و قسەی ئەو لای من گرنگە، لەلایەکی دیکەوە ئەنەکەسە و پینەکە و قەسەد و مەسەد وەکو ئاماژەم پێدا، پێشتر بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی گفتوگۆی بەردەوام لە نێوانماندا هەبووە، بە هاریکاریی ئەمریکا و فەرەنسا، بۆ ئەوەی شاندێکی یەکگرتوو پێك بهێنین و داخوازییەکانمان بکەینە یەك بۆ کورد لە سووریا، کە ئومێد هەیە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دیالۆگ لە نێوان ئەو لایەن و حزبانەدا ئەنجام دراوە و، بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوو شاندەکە پێك بێت و کار بۆ ئەوە بکەین، داخوازییەکانی خۆمان و گەلی کورد یەك بخەین و بکەوینە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی سووریا، لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان جەنابی سەرۆك بارزانی و مەزڵووم عەبدی کراوە و ئومێد هەیە ئەو داوا و پێشنیار و داخوازییانەی جەنابی سەرۆك پێشنیاری کردووە، ١٠٠٪ جێبەجێ بکرێن.

*** هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ باشووری کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. ئایا هاتنی مەزڵووم عەبدی بە فڕۆکەیەکی ئەمریکی بۆ هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، چ کاریگەرییەکی هەبووە؟**

- هاتنی مەزڵووم عەبدی بۆ لای جەنابی سەرۆك بارزانی بووە ئاهەنگ و شاییەکی کوردستانی، کە هەم لە ڕۆژئاوای کوردستان و هەم لە باکوور و لە هەرێمی کوردستان بووە جێگای خۆشحاڵی بۆ هەموو لایەکمان، چونکە ئەو هاتنەی مەزڵووم عەبدی بۆ لای جەنابی

سەرۆك بارزانی داوایەکی گەورە و سەرەکیی هەموو کوردان بوو بۆ یەکخستن و یەکڕیزیی ماڵی کورد، تەئکیدێکیش بوو بۆ مەرجەعییەتی کوردانە کە جەنابی سەرۆك بارزانییە و ئەو یەکڕیزییەی ماڵی کورد لە مێژووی کورداندا زۆر گرنگ و پێویستە، ئەمەش وا دەکات دەرئەنجامێکی باش بۆ کوردان بێتەدی، بەتایبەتی لەوەی کە کورد بە یەك شاند و یەك داخوازی بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی بچنە گفتوگۆ بۆ وەرگرتنی مافی کوردانی سووریا، یان بڵێین ڕۆژئاوای کوردستان.

*** شاندی دەم پارتی لە هەولێر بوون و پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە ئیمڕاڵییەوە بۆ سەرۆك بارزانی هێنا و پەیامی سەرۆك بارزانی بۆ ئیمڕاڵی دەبەنەوە، هەروەها شاندی دەم پارتی وەك خۆیان دەڵێن، عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەیامی بۆ ڕۆژئاواش ناردووە. بەڕای ئێوە ئایا پەیامی ئۆجەلان بۆ ڕۆژئاوا چییە؟ ئایا تا چەند پەکەکە ڕێز لە پەیامەکەی ئۆجەلان دەگرێت و واز لە ڕۆژئاوای کوردستان دەهێنێت؟**

- لە هەقیقەتدا تا ئێستا ناوەڕۆکی ئەو نامەیەی ئۆجەلان دیار نییە کە چیی تێدایە، بەڵام لە ڕووی لێکدانەوە و بۆچوونەکانەوە، نامەکە و داواکاریی ئۆجەلان بۆ پەکەکە ئەوەیە کە چەك دابنێن و دەست بە کاری سیاسی بکەن، هاوکات بۆ ڕۆژئاوی کوردستان بە هەمان شێوە، دەبێت پەکەکە چەك دابنێت، هەر چەندە پێویستە لەگەڵ چەکدانان پەکەکە لە ڕۆژئاوا دەر بچن، ئەمە بۆ پەکەکە لە هەموو شوێن و بەشەکانی کوردستان ڕاستە کە دەبێت لە قەندیل و باشووری کوردستانیش دەر بچن، هەرچەندە بۆچوونی من وایە پەکەکە ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردستان چەك دانانێت و ناکشێتەوە، چونکە هێشتا بارودۆخی سووریا ئاسایی نییە و دەستوور تازە نەکراوەتەوە و سوپای تازەش دانەمەزراوە و نازانرێت چارەنووسی کورد چۆن دەبێت، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە وەکو ئەنەکەسە و خەڵکی ڕۆژئاوا و سووریاش، پەکەکە چەك دابنێت و لە سووریا نەمێنێت، بارودۆخەکە باشتر دەبێت و هاتنی ئەو شاندەی ئیمڕاڵی بۆ لای جەنابی سەرۆك ئەوەمان پێدەڵێت کە پێشتریش ڕۆڵی جەنابی سەرۆك دیار و گەورە و بەرز بووە بۆ پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا و، ئێستاکەش ڕۆڵی سەرەکی دەبینرێت لە لایەن تورکیا و ئۆجەلانەوە بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی کە دەبێتە فریادڕەسێك بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی ئاشتییەکە لە نێوان تورکیا و پەکەکە و کوردی باکوور و ڕۆژئاواش. لەلایەکی دیکەوە بۆچوونێك هەیە کە پەکەکە چەك دابنێت و بێت لە باشووری کوردستان لە دهۆك و زاخۆ و شوێنی دیکەی باشوور بحەوێنەوە، کە ئەمەش بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی و حکومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بێت، دەبێت ئەوەش بزانین کە متمانە و قورساییەکی زۆر گەورە لە لایەن تورکیاوە بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی هەیە، وەکو تاکە مەرجەعییەت و کاریزمای نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردان .

ئەو شاندەی چوونەتە لای ئۆجەلان بۆ ئیمڕاڵی، ئۆجەلان پێی گوتوون، دەبێت بڕۆن بۆ لای جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی کە ڕاوبۆچوون و قسەی ئەو لای من گرنگە

هاتنی ئەو شاندەی ئیمڕاڵی بۆ لای جەنابی سەرۆک ئەوەمان پێدەڵێت کە پێشتریش ڕۆڵی جەنابی سەرۆک دیار و گەورە و بەرز بووە بۆ پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا

*** وەرچەرخانێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە ئاراوە، هەروەها دۆناڵد ترەمپ جارێکی دیکە بووەتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، ئێستا خەریکی ئەوەیە کە شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا کۆتایی پێ بهێنێت. ئایا ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد و تورکیادا دەکات؟**

- بەشێك لە سیاسەتی ترامپ بریتییە لە دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی تازە، ئەوەش زیاتر بۆ پاراستنی ئیسرائیل و بەرفراوانبوونی سنووری ئیسرائیل و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیلە و بۆ ئەوەیە هەموو دەوڵەتەکانی دراوسێی ئیسرائیل بە ڕێککەوتنێکی ئاشتییانە و بە هێمنی دەوڵەتی ئیسرائیل قبووڵ بکەن وەکو دەوڵەتێکی سرووشتی، لەلایەکی دیکەوە ترەمپ کار بۆ ئەوە دەکات لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەموو ئەو سیستمانەی هەیە، کە دیکتاتۆری و زوڵم و ستەمە لەسەر خەڵك و گەلەکانیان بیگۆڕێت بە سیستمی دیموکراتی و شەڕ و ئاشووب لە ناوچەکەدا بگۆڕێت بە دەسەڵاتێکی بێ چەك و نەرم و، هاتنەدیی مافی تاك و خەڵکەکانی و کورد لەو سیاسەتەدا فاکتەری سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، چ لەلایەنی ئەمریکا، چ لەلایەنی ئیسرائیل، چ بۆ ئەوروپا، چونکە ئەو پێشوازییەی کە ئێستا لە کورد دەکرێت لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەوروپاوە، لە مێژوودا قەت دووبارە نابێتەوە و نەبووە.

بەشێک لە سیاسەتی ترامپ بریتییە لە دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی تازە، ئەوەش زیاتر بۆ پاراستنی ئیسرائیل و بەرفراوانبوونی سنووری ئیسرائیل و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیلە

ئەو پێشوازییەی کە ئێستا لە کورد دەکرێت لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەوروپاوە، لە مێژوودا قەت دووبارە نابێتەوە و نەبووە



شاندی دەم پارتی پەیامی ئۆجەلانیان بۆ سەرۆك بارزانی هێناوە، بۆ ئەوەی بزانین خوێندنەوە بۆ ئەمە چییە و ڕۆڵی سەرۆك چۆن دەبینن لە پڕۆسەی ئاشتیی تورکیا، ئایا قەندیل و ڕۆژئاوای کوردستان پابەندی نامەی ئۆجەلان دەبن، بەتایبەتی لە چەکدانان.
ئایا لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆسەی ئاشتی هەمواری دەستووری تورکیا دەست پێدەکات؟، بۆ ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەبوبەکر ئەتاچ سیاسەتوان و ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.

## ئەبوبەکر ئەتاچ

سیاسەتوان و ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان :

# هاتنی شاندی ئیمراڵی و گەیاندنی پەیامی ئۆجەلان بۆ لای جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر گرنگە و کاریگەریی لەسەر سەرکەوتنی پڕۆسەی ئاشتی دەبێت

*** شاندی دەم پارتی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بۆ سەرۆك بارزانی هێناوە، پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردە لە تورکیا، ئاشکراشە کە هەموو کات سەرۆك بارزانی پێشوازیی لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا کردووە، ئایا ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- هاتنی ئەو شاندەی باکووری کوردستان بۆ لای جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە پەیامی ئۆجەلانیان هێناوە، زۆر گرنگە، چونکە ئەو سەردانە و هێنانی ئەو پەیامە ئەوە دەسەلمێنێت کە جەنابی سەرۆك بارزانی لای ئۆجەلان ڕاوبۆچوونی گرنگ و تایبەت و کاریگەریی هەیە و لەلایەن خەڵکی باکووری کوردستانیشەوە جەنابی بارزانی قورسایی و قەدرێکی یەکجار گەورەی هەیە و بە کوردپەروەر و مەرجەعی کوردانی دەزانن. لەلایەکی دیکەوە ئەو شاندەی کە هاتوون لە دەم پارتییەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان پێویستیان بە بارزانی و حەکیمیی سیاسەتەکانی ئەو هەیە بۆ یەکگرتنی هەموو پارچەکانی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ئۆجەلان و هەموو خەڵکی باکووری کوردستان و پارچەکانی دیکەش دەزانن کە پێشتریش جەنابی مسعود بارزانی هەوڵی زۆری داوە تاوەکو پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی باکوور ئەنجام بدرێت، کە ئەمەش لەلایەن خەڵکی باکوور و بەتایبەتی لای ئۆجەلان و پەکەکەش دەرکەوتووە کە مەبەستی سەرۆك بارزانی بۆ ئەوە بووە کە چیتر کورد، بەتایبەتی لە باکووری کوردستان، بە کوشتن نەچن و خەڵکەکەشی لەسەر ماڵ و کاری خۆیان سەرگەردان و ئاوارە نەبن و سەقامگیری زۆرتر و باشتر لە باشووری کوردستانیش بێتەدی، لەبەر ئەوەی هەبوونی چەکدارانی پەکەکە لە باشووری کوردستان (لە قەندیل) بووەتە هۆکاری نارەحەتی و چۆڵبوونی ژمارەیەکی زۆر گوند لە سنوورەکانی باشووری کوردستان و، لەشکریی تورکیا و ئاوارە بوونی خەڵکێکی زۆر لەو شوێنانە لە هەرێمی کوردستان، هاوکات ئۆجەلان و خەڵکی باکووری کوردستان دەزانن کە قورسایی و کاریگەرییەکی زۆری جەنابی سەرۆك بارزانی لەلای دەوڵەتی تورکیا و ئەردۆغان هەیە، چونکە بۆ هەموو لایەك تا ئاستی نێودەوڵەتییش دەرکەوتووە کە جەنابی سەرۆك بارزانی کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستە و هیچ کاتێك حەزی بە شەڕ و کوشتن وماڵوێرانیی هیچ شوێن و وڵاتێك نەکردووە، بەتایبەتی بۆ کوردان و وڵاتانی دراوسی، لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوە بزانین کە هەرێمی کوردستان بە هەر شێوەیەك بێت کە ئێستا فیدراڵییە، بەڵام لە سایەی حەکیمی و لێبوردەیی و ئاشتیخوازیی جەنابی سەرۆك بارزانی، لەلایەن هەموو دنیاوە بەتایبەتی لەلای وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و تا ئاستێکی باش لەلای وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و عەرەبیش، وەکو دەوڵەتێك مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمانەکەیدا دەکرێت، بۆ نموونە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دیتمان ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە دوبەی بەشداریی لە کۆڕبەندی سەرکردەی وڵاتاندا کرد و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوکات لە میونشن بەشداریی لە کۆڕبەندی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد، هەر بۆیە ئۆجەلانیش ئەوەی بۆ دەرکەوتووە و شاندەکەی دەم پارتی ڕاسپاردووە کە لەسەر پرۆسەی ئاشتی و پەیامەکەی ڕاوبۆچوونی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر پێویست و گرنگە.

**بارزانی پێشتریش بۆ پرۆسەی ئاشتی کاری جددی کردووە، چونکە بارزانی مەرجەع و کارێزمای نەتەوەیی کوردە و، قورسایی و کاریگەریی لەسەر دەوڵەتی تورکیا هەیە**

*** بێگومان ئەم پەیامەی ئۆجەلان ئاراستەی سەرکردایەتی پەکەکەش لە قەندیل کراوە، ئایا بە بۆچوونی ئێوە، سەرکردایەتیی قەندیل پێشوازی لە پەیامەکەی ئۆجەلان دەکەن و پێوەی پابەند دەبن بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی دەست پێبکات؟**

- ئۆجەلان سێ نامەی ناردووە، نامەی یەکەمی بۆ قەندیل ناردووە و نامەی دووەمی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان ناردووە و نامەی سێیەمی بۆ کوردانی باکووری کوردستان لە ئەورووپا ناردووە، ئەو نامەیەی کە بۆ قەندیل ناردراوە لەلایەن قەندیلەوە لە سەرەتادا هیچ قسەیەکیان لەسەر نەبوو، بەڵام پاش ئەوەی قەندیل و سەرکردەکانیان لە گفتوگۆ و تاوتوێی

**ئۆجەلان سێ نامەی ناردووە یەکێک بۆ قەندیل و دووەم بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و سێیەم بۆ کوردانی ئێمە لە ئەورووپا، هەر سێ لا بەتایبەتی قەندیل پابەندی نامەکەن**

نامەکەدا واقیعەکەیان بۆ ڕوون بووەوە، ئەوە بەشێوەیەکی پۆزەتیف پێشوازییان لە نامەکە کردووە، ئەوەی من لێی تێگەیشتووم ئۆجەلان تەئکیدە کە قەندیل بە پەیام و نامەکەی ڕازین و پابەندی پڕۆسەی ئاشتی دەبن .

*** پەیامی ئۆجەلان ئاراستەی کوردانی ڕۆژئاوا (پەیەدە) ش کراوە، ئایا پەیەدە ئامادەباشیی ئەوەی هەیە خۆی لە پەکەکە جیا بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژئاواش دەست بە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کوردی ڕۆژئاوا لەگەڵ حکومەتی تازەی سووریا دەست پێبکەن؟**

- بێگومان ئۆجەلان نامەی دووەمی دوای قەندیل بۆ پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان ناردووە، پەیەدە لە ڕۆژئاوە دەڵێت ئێمەش پابەندی نامەکەی ئۆجەلانین و لە سووریا دەردەچین، بەڵام لە ئێستادا کە ناوچەکە ڕووبەڕووی شەڕ بووەتەوە چ لەگەڵ داعش چ لەگەڵ لایەنی تورکیا و گرووپی دیکەی دژی کوردان، بۆیە لە ئێستادا وا چاوەڕوان دەکرێت کە پەیەدە لە ڕۆژئاوا تا١٠٠٪ نەزانن پڕۆسەی ئاشتییەکە تەواو و جێگەی خۆی دەگرێت و شەڕ نامێنێت، ئەوان چەك دانانێن، بەڵام من بەپێی ئەزموونی خۆم دڵنیام کە نامەکەی ئۆجەلان کاریگەریی تەواوی لەسەر پەیەدە لە ڕۆژئاوا هەیە و پابەندی پەیام و بڕیارەکەی ئۆجەلان دەبن، گەرچی لەکاتێکدا کە جۆلانی داوا دەکات هەموو هێزە کوردییەکان چەك دابنێن کە هێشتا هیچ مافێکی بۆ کورد ڕانەگەیاندوە و دەستووریش نەنووسراوەتەوە، چونکە ڕۆژئاوای کوردستان بە ئۆتۆنۆمییش ڕازین وەکو قۆناغی یەکەم، چونکە زۆر ماندووبوون لەگەڵ ڕژێمی سووریای پێشوو و تورکیاش، کە نەك کوردانی ڕۆژئاوا بەڵکو هەموو کورد بە تیرۆریست دادەنێت، بۆیە تا ئەو کاتەی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە پڕۆسەی ئاشتی دڵنیانەبن و متمانە دروست نەکەن و مافی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دیاری نەکرێت ئەوان چەك دانانێن، هەر بۆیە ئۆجەلانیش لەگەڵ ڕاوبۆچوونی پەیەدەیە لە ڕۆژئاوی کوردستاندا و قبووڵ ناکات بەو شێوەی ئێستا چەك دابنێن .

*** چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد پەیوەستە بە ئامادەباشیی حکومەتی ئەردۆغان بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا و دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی ئەو دەوڵەتە، ئایا بە ڕای ئێوە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی، پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووریش دەست پێدەکات؟**

- ئەردۆغان ئێستاش دەڵێت پڕۆسەی ئاشتی نییە، بەڵکو دەڵێت دەبێت پەکەکە چەك دانێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت باخچەلی و ئۆجەلان داوای ئاشتی دەکەن، بەڵام ئەردۆغان ڕاستی ناڵێت، گەرچی لە پشتی پەردە لە نێوان دەوڵەتی تورکیا (نە ئەردۆغان و نە باخچەلی) و ئۆجەلاندا دانوستاندن هەیە، و ئەو دانوستاندنە گەیشتە ئەوەی کە باخچەلی داوای پڕۆسەی ئاشتی بکات، گەرچی دەزانین کە ماوەی(٥٠ بۆ ٦٠)ساڵ دەبێت بە هەموو تەمەنی باخچەلی دژی گەلی کورد بووە و بیر و هزرێکی نەتەوەیی و فاشیستی هەیە، بەڵام ئەو دانوستاندنەی کە لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئۆجەلان هەیە ئەوە باخچەلی قۆزتییەوە و ڕایگەیاند کە پێویستە پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا بکرێت و، ئۆجەلان بێتە پەڕلەمان و پەیام بدات بە پەکەکە چەك دابنین، تاوەکو چیتر تورکیا لەو بارودۆخەی شەڕدا نەمێنێت، ئەمە دووبارە من دەڵێم بیر و کاری دەوڵەتی تورکە نەك باخچەلی و، لە پاشان ئەردۆغانیش هاتە سەر ئەوەی بڵێت من ئەوە قبووڵ دەکەم و پێویستە پڕۆسەی ئاشتی دەست پێبکات، گەرچی لەلایەکی دیکەوە دەبینین لەگەڵ ئەو قسانەش ئەردۆغان سەرۆك شارەوانییە کوردەکان دەگۆڕێت بە قەیوم و لە چەندین لای دیکە دژی کوردانی باکوور کار و هەڵسوکەوتی نەخوازراو ئەنجام دەدات، کە زۆر پێچەوانەی پڕۆسەی ئاشتی و سەرکەوتنی ئاشتییە، بەڵام هەموارکردنەوەی دەستوور هەنگاوی دووەم دەبێت دوای پڕۆسەی ئاشتی و سەرکەوتنی و تورکیا ناچارە هەمواری دەستوور بکات، چونکە بەپێی دەستوور لە ئێستادا کورد لە

**ئەو سەردانە و هێنانی ئەو پەیامە ئەوە دەسەلمێنێت کە جەنابی سەرۆک بارزانی لای ئۆجەلان ڕاوبۆچوونی گرنگ و تایبەت و کاریگەریی هەیە**

**ئەو شاندەی کە هاتوون لە دەم پارتییەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان پێویستیان بە بارزانی و حەکیمیی سیاسەتەکانی ئەو هەیە بۆ یەکگرتنی هەموو پارچەکانی کوردستان**

**بۆ هەموو لایەک تا ئاستی نێودەوڵەتییش دەرکەوتووە کە جەنابی سەرۆک بارزانی کەسایەتییەکی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستە و هیچ کاتێک حەزی بە شەڕ و کوشتن و ماڵوێرانیی هیچ شوێن و وڵاتێک نەکردووە**

**ئەوەی من لێی تێگەیشتووم ئۆجەلان تەئکیدە کە قەندیل بە پەیام و نامەکەی ڕازین و پابەندی پڕۆسەی ئاشتی دەبن**

باکووری کوردستان (تورکیا) نییە، بەڵام هەموارکردنەوەی دەستوورەکەش بەو شێوەیە نابێت کە پڕبەدڵ مافی کوردی تێدابێت، بەڵکو ددانپێدانی قسەکردن و خوێندن بە زمانی کوردی و لایەنی ڕۆشنبیری و کلتوری و هەندێ بواری سادە بۆ کورد لە دەستوورەکەدا دیاری دەکەن، بەڵام وەکو ئەوەی هەق و ماف و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی لە دەستووردا بۆ کورد دیاری بکەن، ئەمە نایەتەدی و هەموارەکە زۆر بەدڵی کورد نابێت لە ڕووی نەتەوەی و نیشتمانییەوە، وەکو ئەوە نابێت کە بۆ باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان) جێگیر کراوە. گەرچی شتێکی باشە وەکو هەنگاوی یەکەم لە وڵاتێکی وەکو تورکیا کە پێشتر باوەڕی بە بوونی گەلی کورد نەبووە، بەو هەنگاوە سەرەتاییانە تورکیا بەرەو دیموکراتییەت دەچێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخی کوردی باکووریش بەوە باشتر و گۆڕانکاری بەسەردا دێت و، پەکەکەش لە سەرەتا و پێشتر بۆ گەلی کوردی باکووری کوردستان کە شەڕی چەکداری دەکرد باش بوو، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە باش نییە، چونەك تورکیا و ڕای نێودەوڵەتییش پەکەکە بە تیرۆریست دادەنێن، ئەمەش کاریگەری لەسەر خەڵکی سڤیل و جەماوەری کوردی باکوور دروست کردووە، کە لە بارودۆخی ناخۆش و ناسەقامگیردان، بەڵام بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و هەموارکردنەوەی دەستوور، کورد لە تورکیا دەچێتە قۆناغێکی باشتر و سەرکەوتوو. گەرچی دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کە سەد ساڵ پێش ئێستاکەش هەوڵ درا بۆ پرۆسەی ئاشتی تا ئەو کاتەی کە دەنگی کوردیان بەلای خۆیان ڕاکێشا لە پاشان تورك لە ئاشتییەکە پەشیمان بووە و زۆر لە جاران خراپتر و مەترسیدارتر دژی کورد جووڵانەوە، ئەوەی ئێستاکەش من هەر بەو جۆرە دەبینم کە تورکیا دەیەوێت دەنگ و ڕەنگی کورد لە گۆڕانکاریی ناوچەکە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، پاشان دووبارە دێتەوە سەر ئەسڵی کار و دوژمنایەتیی گەلی کوردی ئاشتیخواز.

*** دەم پارتی فراکسیۆنێکی لە ناو پەرلەمانی تورکیا هەیە، ئەم فراکسیۆنە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوورەکە زۆر گرنگە، بە تایبەتی بۆ ئەوەی هەموارکردنەکە پێویستی بە ڕیفراندۆم نەبێت، ئایا تاچەند دەم پارتی ڕۆڵی دەبێت لە چەسپاندنی مافەکانی کوردی باکوور لەو دەستوورەدا؟**

- فراکسیۆنی دەم پارتی نوێنەری گەلی کوردی باکووری کوردستانن، سەرەڕای هەبوونی چەند لایەن و حزبێکی دیکەی کوردی، بەڵام ئەو لایەن و پارتانەی دیکە بچوکن و جەماوەریان ئەوەندە زۆر نییە، هەر بۆیە لە هەموو پرس و بابەت و کێشە و دیالۆگێك لە ناو تورکیا، بەتایبەتی لە پەرلەماندا، ئەندامانی فراکسیۆنی دەم پارتی ڕۆڵی خۆیان دەبینن و لە جێگیرکردن و ددانان بە مافی کوردان لە دەستووری نوێی تورکیا کە بڕیارە دەستوورەکەی پێشتر هەموار بکرێتەوە، ئەوە دەبێت فراکسیۆنی دەم پارتی ڕۆڵی تەواو و کارا و ڕاستەقینەی کوردانی باکوور ببینن و لەبری پرۆسەی ڕیفراندۆمیش هەر ئەو فراکسیۆنەی دەم پارتی کە بەشدارە لە پەرلەمان، دەتوانێت ڕۆڵی جەماوەر و گەلی کوردی باکوور ببینێت، ئەو فراکسیۆنە و ئەندامەکانیان کە نوێنەری کوردانن لە باکووری کوردستان، دەبێت لەو کاتەدا واتە لەکاتی نووسینەوەی دەستوورەکە و هەموارکردنیدا زۆر ورد و بەدیقەتتر کار لەسەر پرسەکە بکەن. ئەندام پەرلەمانەکانی دەم پارتی دەتوانن و پێویستیشە گفتوگۆ و قسە لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیر و کەسایەتی و جەماوەری تەواوی کوردی باکوور بکەن و چی بۆ گەلی کوردی باکوور پێویستە لە هەمواری یاساکەدا بەتەواوی بۆیان شی بکەنەوە و ڕاوێژ بە لایەن و حزبە کوردییەکان بکەن، بەڵی بە تەئکید ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییە دەتوانێت ڕۆڵی زۆر جۆراوجۆر و گەورەی جەماوەی و گەلی کوردی باکوور ببێنێت، لە هەقیقەتدا فراکسیۆنی دەم پارتی پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پەکەکە هەبووە و هەر بەو دەنگ و ڕەنگەشەوە توانیویەتی ببێتە خاوەنی ئەو ژمارە کورسییەی کە لە پەرلەمانی تورکیا بەدەستی هێناوە.

**بەپێی ئەزموونی خۆم دڵنیام کە نامەکەی ئۆجەلان کاریگەریی تەواوی لەسەر پەیەدە لە ڕۆژئاوا هەیە و پابەندی پەیام و بڕیارەکەی ئۆجەلان دەبن**

**تا ئەو کاتەی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە پرۆسەی ئاشتی دڵنیانەبن و متمانە دروست نەکەن و مافی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دیاری نەکرێت ئەوان چەک دانانێن**

**سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت باخچەلی و ئۆجەلان داوای ئاشتی دەکەن، بەڵام ئەردۆغان ڕاستی نالێت**

**من هەر بەو جۆرە دەبینم کە تورکیا دەیەوێت دەنگ و ڕەنگی کورد لە گۆڕانکاریی ناوچەکە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، پاشان دووبارە دێتەوە سەر ئەسڵی کار و دوژمنایەتیی گەلی کوردی ئاشتیخواز**

# ئاستی فێربوون و زانست زۆر لە پێویست نزمترە
## هۆکار و چارەسەر

پەروەردەیەکی تەندروست لە دایەنگەوە هەتا بەرزترین پلەکانی زانستی و پیشەیی، لەم ساتە هەستیارەدا کە هەرێم و ناوەکەی پێدا دەگوزەرێت، کۆڵەکە هەرە گرنگەکەی بنیادنانی کۆمەڵگەیەکە کە نەوەکانی داهاتوو بتوانن بە سەربەرزی لەسەر خاکەکەی خۆیان ژیان بەسەر بەرن و بەخشندە بن بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوویان و نیشتمان، ئەوەش ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگەیەک دەستی لە پەروەردە بەرەڵڵا کرد، کۆڵەکەی کۆمەڵگەکە دەترازێت و کۆمەڵگەکەش بۆ خۆیان و جیهان دەبێتە بەڵا.

**کۆمەڵگەیەک دەستی لە پەروەردە بەرەڵڵا کرد، کۆڵەکەی کۆمەڵگەکە دەترازێت و کۆمەڵگەکەش بۆ خۆیان و جیهان دەبێتە بەڵا**

لێرەدا ئاماژە بە چەند زەنگێکی مەترسیدار دەکەم کە ئەگەر لە کاتی شیاودا فریای ڕاستکردنەوەیان بکەوین، دوارۆژمان ڕووناک دەبێت؛

١- ئاست و دروستیی خوێندن و خوێندنی باڵا بەوە ئەژمار دەکرێت کە ڕێژەی چەند لەو دەرچووانەی کە بە سەرکەوتووانە خوێندن و ڕاهێنانیان لە بوارە جیاجیاکاندا تەواو دەکەن، بە پراکتیکی دەچنە هێزی کارەوە لەو ئەزموونەدا کە لە زانکۆ و پەیمانگەکان بەدەستیان هێناوە. زانیاری لەسەر ئەم پێناسە ڕنگە لەلای لایەنە پەیوەندیدارەکانیشەوە هەر نییە.

**دەبووا ئاستی زانستی و توێژینەوە و داهێنان و بەروبوومی زانستی لە هەرێم، هیچی کەمتر نەبووایە لەوەی کە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانەوە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکرێت**

وەک لەم ژمارانەدا دەردەکەوێت، کۆی ٣٩٤،٧١٨ خوێندکار سەرکەوتووانە خوێندنیان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ تەواو کردووە، ئەم ژمارەیەش تەنیا دەرچووانی زانکۆ گشتییەکان نیشان دەدات و هیچ زانیارییەک لەسەر دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بەردەست نەبوو، هەتا نیشان بدرێت، هەرچەندە ئەم ژمارانەش دەگەڕێنەوە بۆ چەند ساڵێک لەمەوبەر، واتە گۆڕانێکی وا ڕیشەیی ڕووی نەداوە، جگە لە زیاتر هەڵاوسانی ژمارەکان کە بڵێین ئەوە دوێنێ بوو و ئەمڕۆ جیاوازە. هەرچەندە هیچ زانیارییەکیش تەنانەت لە لای وەزارەتی خوێندنی باڵاش بەردەست نەبوو، لە ژمارە و ڕێژەی ئەو دەرچووانەی کە بەپێی ئەزموونەکەیان لەکاردان، ئاشکرایە کە بەشێکی زۆری دەرچووانی زانکۆکانمان بە بێکاری ماونەتەوە و ساڵ بە ساڵ هەر وەک لیستی دەرچووان هەڵاوسانی تێدایە، بە هەمان شێواز لیستی بێکارەکان زیاد دەبێت، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ڕوودانی مانگرتنی تاک و کۆمەڵ و تەنانەت هەڵگیرسانی ئاژاوە و شەڕ و کۆمەڵگە بەرەو هەرەسهێنان دەبات. دیاردەکانی لەم بابەتەش بە دیاردەی گەڕەلاوژێ واتە (Chaos) ناسراوە و توێژینەوەی زۆر لە بارەیەوە ئەنجام دراوە.

٢- سەرباری ئەم ژمارە زەبەلاحەی دەرچووانی زانکۆکان ئاستەکەیان لە جیهاندا، بە پێی ئەو زانیارییانەی لە ڕووپێوێکی خێزانی (لە سەرانسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە) کە بە هاوکاریی بانکی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٢ ئەنجام درا، کە نزیکەی ٦٠٠٠ بەشدار لە هەر پارێزگایەك زانیاریی وردیان لەسەر کۆکرایەوە، دەرکەوت



**د. جەماڵ ڕەسووڵ محەمەد ئەمین**
پرۆفیسۆری شەرەف لە زانکۆی ساوس وەیلز- بەریتانیا

بۆ گوڵانی نووسیوە

کە تەنیا لە ١٩٪ی یاساناسان و بەرپرسە باڵاکان و بەڕێوەبەران هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ و بەرزتر بوون. پەنجا لە سەدی هەمان پیشەگەران تەنیا هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی، یان دیبلۆم بوون. وردەکاریی زیاتر لەم خشتەیەی خوارەوەدا نیشان دراون:

زیاتر نییە، یان نەبوون و پەیڕەونەکردنی سیستمێکی کارا بۆ دامەزراندن هۆکار بووە، کە هەرکامێکیان بێت، جێگای دڵخۆشی نییە.

٣- ئەگەر لە گوگڵ بگەڕێین بەدوای (اسئلة وزارة المعارف العراقية) یەکێک لە و پرسیارانە دەبینین کە نەوەد و نۆ (٩٩) ساڵ

| هێزی کار | بەکالۆریۆس و بەرزتر | ناوەندی تا دیبلۆمی پیشەیی | دەستپێك و نەخوێندەواران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| یاساناسان و پلەباڵاکان و بەڕێوەبەران | ٪١٩.١٩ | ٪٥٠.٨ | ٪٢٥.٤ | ٦٣ |
| پیشەگەران | ٪٣٢.٤ | ٪٦٤.٣ | ٪٥٨.٢ | ٥٠٤ |
| تەکنیکییەکان و یاریدەدەری پیشەگەران | ٪١.٧ | ٪٣٩.٢ | ٪٥٨.٢ | ٦٩٢ |
| کەسایەتییە دینییەکان | ٪٩.٥ | ٪٧٧.٨ | ١٢.١ | ٢٧٤ |

هەرچەندە ئەم ئەنجامانە بۆ ساڵی ٢٠١٢ دەگەڕێنەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەیان سوودبەخشە و پێشبینی ناکرێت کە شۆڕشێکی گۆڕانکاری و چاکسازی لە ناوەندەکەدا ڕووی دابێت، کە ژمارەکان لە ئێستەدا زۆر جیاواز بن. ئەم ژمارانەش ئەوە دەبەخشن کە یان خاوەن بڕوانامەکان ئەو زانیارییانەیان بەدەست نەهێناوە لە خوێندنەکەیاندا کە شایستەی دامەزراندن بن و بڕوانامەکانیان لە پارچەیەک کاغەز

لەمەوبەر بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی ئەنجام دراوە. بە چاوپێداخشانی پرسیارەکان گومان دەکرێت، ئەگەر دەرچووانی زانکۆکانمان بتوانن بە سەرکەوتووانە وەڵامی پرسیارەکەن بدەنەوە، ئەوەش ئاستی دابەزینی زانستی لە خوێندنگاکانماندا بە ڕوونی دەردەخات لەگەڵ گشت ئەو پێشکەوتنە زانستییانەی کە لە جیهاندا بە دەست هاتوون و دەردەکەوێت کە قەبارەی کارەساتەکە چەند مەترسیدارە.

**نەبوونی سیستمێکی گشتگیر بۆ نرخی کار: یاسایەکی زانستییانەی گشتگیر نییە، کە تێیدا نرخی کار (مانگانەی گشت کارمەندانی کەرتەکانی تایبەت و گشتی بە پێی بڕوانامە و ئەزموون) دەستنیشان کرابێت و پابەندی بە یاسا دابین بکرێت، کە ئەوە یەکێکە لە یاسا کۆمەڵایەتییە هەرە گرنگەکان کە پشتگوێ خراوە**

**ئەگەر مانگانەی هەڵگری بڕوانامەی دامەزراوێکی تازەی بەکالۆریۆس لە ٥٠٠ هەزار دینار کەمتر بێت، ناکرێت ڕێگا لە مامۆستایەکی ناوەندی بگیرێت کە دوای دەوامی قوتابخانەکەی، شۆفێری، یان هەر کارێکی دیکە بکات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی**

**گەنجان کە دەبینن، هەوڵدانی هەندێکیان لە بەدەستهێنانی بڕوانامە لە ئاستێکی بەرزدا مانای ئەوە نابێت، کە دوارۆژێکی باش و کارێکی گونجاو بە دەست بهێنن، کە لەگەڵ ئەزموون و بڕوانامەیاندا بگونجێت، بە دڵێکی ساردەوە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە دەکەن و گرنگیی پێویست بە خوێندن نادەن**

**ئەو یاسایانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پەروەردە و خوێندنی باڵاوە هەبێت، جومگە هەرە سەرەکییەکەی دڵنیایی جۆرییە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ دڵنیایی جۆریی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و دەبێت کارەکانی ئەم دەزگایانە سەربەخۆ بن**

**پێویستە بوودجەی تایبەت بۆ تازەکاری و گەشەپێدان لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تەرخان بکرێت، کە داهێنان و توێژینەوەی تایبەت بە چارەسەری کێشەکانی تەندروستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت**

٤- ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەنجامەکانی بەکەلۆریا کۆ نمرەی ٩٠٪ و زیاتر بە دەست دەهێنن و بەشەکانی پزیشکی و چەند تایبەتمەندییەکی ئەندازیاریی لە ٩٥٪ بەرەو خوار دادەخرێن و بەگشتی زانکۆکان لە ٧٠٪ کەمتر وەرناگرن. ئەمەش بە بەراورد بە هاوتای جیهانی، دەبووا ئاستی زانستی و توێژینەوە و داهێنان و بەروبوومی زانستی لە هەرێم، هیچی کەمتر نەبووایە لەوەی کە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانەوە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکرێت. جێگای داخە کە ئەمەش وا نییە و ئاستی فێربوون و زانستی لە هەرێم و لە عێراق زۆر لە ئاستی پێویست نزمترە.

هەتا ماوەیەك لەمەوبەر پاساوی جۆراوجۆر دەهێنرایەوە بۆ داپۆشینی کەموکوڕییەکانی سیستمی خوێندن لە گشت ئاستەکاندا کە لە ناویاندا بارودۆخی ڕامیاری و ناوچەکە و ڕژێمی سەددام و دابڕانی نێودەوڵەتی و کۆمەڵێك پاساوی دیکەی لەخۆ دەگرت. بێگومان ئەم هۆکارانە پێش ڕووخانی سەددام و ئەو میراتەی دوای خۆی بەجێی هێشت، ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە هێواش کردنەوەی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی زانستی لە هەرێم و عێراق، کە ڕیزبەندیی زانکۆکانی عێراق لە نێوان ٨٠١ تا ١٠٥١دا دەبینرێن. بێگومان زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە و هەر بە هەمان پێوەر هیچکام لە زانکۆکانی هەرێمیش باشترین زانکۆ نییە لەسەر ئاستی عێراق.

**هۆکارەکان**

لە هۆکارە گرنگەکان کە هاوتەریبی کۆڵەکەکانی نیشتمانسازین:

١. نەبوونی سیستمێکی گشتگیر بۆ نرخی کار: یاسایەکی زانستییانەی گشتگیر نییە، کە تێیدا نرخی کار (مانگانەی گشت کارمەندانی کەرتەکانی تایبەت و گشتی بە پێی بڕوانامە و ئەزموون) دەستنیشان کرابێت و پابەندی بە یاسا دابین بکرێت، کە ئەوە یەکێکە لە یاسا کۆمەڵایەتییە هەرە گرنگەکان کە پشتگوێ خراوە و گرنگیی پێ نەدراوە، کە یەکێکە لەو کۆڵەکانە کە پەیوەندیی کۆمەڵگە و حکومەت پێناسە دەکات و حکومەت لە بەینی ئاغا و باوك، یان خزمەتگوزار پێناسە دەکات. بۆ ڕوونکردنەوە، ئەگەر مانگانەی هەڵگری بڕوانامەی دامەزراوێکی تازەی بەکالۆریۆس لە ٥٠٠ هەزار دینار کەمتر بێت، ناکرێت ڕێگا لە مامۆستایەکی ناوندی بگیرێت کە دوای دەوامی قوتابخانەکەی، شۆفێری، یان هەر کارێکی دیکە بکات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی، یان پزیشکێك لەگەڵ دەرمان فرۆشەکاندا ڕێك بکەوێت کە دەرمانەکانیان بۆ ساخ بکاتەوە، بەرانبەر بەدەستهێنانی شیرینی. هەردوو کارەکە بە دڵنیاییەوە نەك تەنیا نایاسایی و ناشایستەن، یەکەمیان کۆمەڵگەیەکی بێ ئەزموون و ئاست نزمی زانستی بەرهەم دەهێنێت و ئەوی کەیان کۆمەڵگە زەهراوی دەکات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم سیستمەی کە پەیڕەو دەکرێت، هۆکاری پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیەکی سست و گەندەڵ و بێبەرهەمە کە تێیدا بەهرەداران بێ بەرهەمن و نە بۆ خۆیان و نە بۆ کۆمەڵگەکەیان سوودمەند دەبن. جێگای سەرسوڕمان نییە کە بەشێکی دیار لەو گەنجانەمان کە لەو وڵاتانەدا جێگیر دەبن کە سیستمێکی تەندروست پەیڕەو دەکەن، سەرکەوتوو دەبن و سوودبەخش دەبن بۆ خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا ژیان دەگوزەرێنن.

٢. لاوازی یان نەبوونی سیستمێکی تۆکمە بۆ دامەزراندن بەپێی شایستەیی: هەرچەندە یەکێك لە ڕستە، یان قسە نەستەقەکانی نیشتمانسازی دەڵێت: (کەسانی شایستە بۆ شوێنی شیاو و شایستە)، بەڵام وردەکاریی و مانای وشەی شایستە باس نەکراوە و ئەوەش لە هەرێم و بەگشتی لە عێراقیش لە جێگای پەیڕەوی پێناسەی کار، بە ڕادەی متمانەپێکردن لێك دەدرێتەوە، نەك توانای زانستی و ئەزموونی پیشەیی (ئاماژە بەو خشتەیەی سەرەوە). ڕادەی متمانەپێکردنیش بۆ دامەزراندن زیاتر بە نزیکیی خزمایەتی و دۆستایەتی و پەیوەندی و پلەی ئەندامیی لە یەکێك لە پارتە سیاسییەکاندا بەدەست دێت، ئەمەش بووەتە یەکێك لە هۆکارەکانی لاوازکردن و دابەشبوونی کۆمەڵگەی کوردستانی بە سەر چەند کۆمەڵێکی ململانێکەر لەسەر پێگە و دەسەڵات و سامان و بێهێزکردنی حکومەت و

دەزگای چاودێری و بەگشتی بەڕێوەبردن و گەیاندنی دواڕۆژی هەرێم بۆ کەنارێکی نادیار و نائارام.

٣. لاوازیی پەیوەندی و هەماهەنگی لە بەینی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پلاندانان: هەر ئەو هۆکارەی کە لە خاڵی دووەمدا ئاماژەی پێ کرا، یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان و تەواوکەری ئەو بۆشاییە مێژووییەی کە دەیان ساڵی پێش ڕووخانی سەددام و ڕژێمی بەعسی ڕەوڕەوەی زانستی و باڵە پەیوەندیدارەکانی بەجێهێشت، یاریدەی بەردەوامبوونی سستی و کۆڵبوونی بەردەوام کردووە و پەیوەندی و هەماهەنگیی بەینی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی زانست و فێرکردن و پلاندانان بۆ بەرەوپێشبردنیان لە ئاستێکدا بەرهەم نەهێناوە کە یاریدەدەری پێشکەوتن بێت. بەردەستکردنی بوودجەیەکی شایستە بۆ هەر یەك لە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە، وەك دوو دەزگای بنەڕەتی و تەواوکەری یەکتری. ئەم دوو وەزارەتە گرنگە لە تەمەنی حوکمڕانیی کوردییەوە، ململانێ بە زەقی لە بەینیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

٤. لاوازی و نەبوونی پەیوەندیی زانکۆ و پەیمانگەکان و بەرنامەکانیان بە کەرتەکانی گشتی وتایبەتەوە.

٥. لاوازیی ئاستی زانستی و ئەزموونی فێرکاران لە گشت ئاستەکاندا.

٦. لاوازیی و نەبوونی کەرتەکانی تایبەت کە پێویستیی بە ئەزموونی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان هەیە.

گەنجان کە دەبینن، هەوڵدانی هەندێکیان لە بەدەستهێنانی بڕوانامە لە ئاستێکی بەرزدا مانای ئەوە نابێت، کە دواڕۆژێکی باش و کارێکی گونجاو بە دەست بهێنن، کە لەگەڵ ئەزموون و بڕوانامەیاندا بگونجێت، ئەگەر پەیوەندیەکی باش نەبێت، کە یارمەتی بدات ئەو پۆستە بە دەست بهێنێت، هەروەها کە دەزانێت کەسانی نەشیاو لەو پۆستانەدا دادەمازرێن، بە دڵێکی ساردەوە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە دەکەن و گرنگیی پێویست بە خوێندن نادەن.

لەم ماوەی ڕابردوودا جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بەرنامەی لەگەڵ ڕەنجدا ئاماژەی بەوە کرد کە چارەسەرەکان هەمە لایەنن، تەنیا بە وەزارەتەکەیان ناکرێت. زۆر ڕاستی فەرمووو! هەر وەک زۆربەی کێشەکان کە کۆمەڵگەکەمان پێوەی دەناڵێنێت، کێشەیەکی فرە ڕەهەندە و پەرلەمان و حکومەت و کەرتەکانی تایبەت و کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت بەشدار و هاوکار بن لە چارەسەری ئەم کێشە ڕووخێنەرە.

## ڕۆڵی لایەنە پەیوەندیدارەکان:

١- پەرلەمانی کوردستان:

هەر وەک ڕۆڵی ئەم دەزگا گرنگەی هەرێم یاسادانان و چاودێریی پەیڕەوکردنیانە، چەند یاسایەک پێویستن کە، یان بوونیان نییە وەک یاسای نرخی کار کە وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد و یاسای پاراستنی داتا و زانیارییەکان کە بیری لێ نەکراوەتەوە، یان لە دروستبوونی عێراقەوە داڕێژراون، بەڵام پەیڕەو ناکرێن و لۆبیی پێویستیان بۆ نەکراوە کە کۆمەڵگە هەست بە بوونیان بکات و لە کاتی پێویستدا بەگەڕ بخرێن، وەک یاسای خاوەندارێتی و داهێنان.

ئەو یاسایانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پەروەردە و خوێندنی باڵاوە هەبێت، جومگە هەرە سەرەکییەکەی دڵنیایی جۆرییە کە هاوتەریب بێت لەگەڵ دڵنیایی جۆریی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و دەبێت کارەکانی ئەم دەزگایانە سەربەخۆ بن و دوور بن لە دەست و پەنجەی دەزگا حکومییەکان و حزبەکان و تەنیا کەسانی سەربەخۆ و خاوەن بڕوانامەی باڵا و بەئەزموون لەو تایبەتمەندییانەدا بەرپرسیارەتییان هەبێت.

پێویستە بوودجەی تایبەت بۆ تازەکاری و گەشەپێدان لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تەرخان بکرێت، کە داهێنان و توێژینەوەی تایبەت بە چارەسەری کێشەکانی تەندروستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت و ببن بە یەکێک لە بنەماکانی پێشبڕکێی زانکۆ و دەزگاکانی توێژینەوە و چاودێریی بەردەوام بۆ ئەنجامدانی بکرێت.

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان:

١- پێویستە کاری خێرا بکرێت لە بەگەڕخستنی پەیوەندیەکی کارا لە نێوان شارەزایان و پسپۆڕان و خاوەن بڕوانامە باڵاکان کە لە دەزگاکانی

**پێویستە کاری خێرا بکرێت لە بەگەڕخستنی پەیوەندیەکی کارا لە نێوان شارەزایان و پسپۆڕان و خاوەن بڕوانامە باڵاکان کە لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن**

**پێویستە لە هەر یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێم، تاقیگەیەکی گشتی دابمەزرێت کە گشت توێژەرانی زانکۆ و دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت بتوانن بەکاری بهێنن لە توێژینەوەکانیاندا و پلانی تۆکمەی بۆ دابنرێت بۆ بەڕێوەبردنی**

**پێویستە کۆمیتەیەکی هاوبەش کە ئەندامەکانی بە درێژخایەنی دابمەزرێن و کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونی سەلمێنراو بن و دوور لە سیاسەت و حزبایەتی و بەرپرسیار بکرێن لە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەو داڕشتنی بەرنامەکانی خوێندن لە سەرەتاییەوە بۆ زانکۆ**

**پێویستە بە یاسا هۆبەی بەهرەداران لە گشت قوتابخانە و زانکۆکاندا دابمەزرێت بۆ پشتگیری و هاوکاریی بەهرەداران و بیرۆکە نوێکان کە لە ئەنجامی توێژینەوەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن**

حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن و بە پێی تایبەنمەندیی خۆیان و پێداویستییە زانستی و تەکنیکییەکانی ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەن، لەگەڵ هاوتایبەتمەندانی زانکۆکانی هەرێم بە گشتی و تایبەتەوە و تەنانەت زانکۆ ناودارەکانی دەرەوەی هەرێمیش.

٢- ئەو یاسایەی کە خاوەن بڕوانامەکانی دکتۆرا و ماستەرکان لە دەزگاکانی دەرەوەی خوێندنی باڵا کار دەکەن، بە هاوتەریب لەگەڵ کارمەندانی خوێندنی باڵا مامەڵە بکرێن کە چەند ساڵێکە پەرلەمان پەسەندی کردووە، بەڵام بە پاساوی جیا جیا پشتگوێ خراوە و کاری پێ ناکرێت، پێویستە زیندوو بکرێتەوە و بخرێتەگەڕ.

٣- لە هەر یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆبەیەکی هاوبەشی توێژینەوە دابمەزرێت لە کارمەندانی خاوەن بڕوانامەی بەرز و بەئەزموون و نوێنەری زانکۆکان بەپێی پسپۆڕیی گونجاو بۆ وەزارەتەکە و تەنانەت خاوەن بڕوانامەی باڵا لە وڵاتانی دەرەوەی هەرێمیش ڕێگای هاوکارییان پێ بدرێت بۆ توێژینەوەی پەیوەست بە شوێنی کاریانەوە.

ئەم هەنگاوانەی سەرەوە جگە لە ئەنجامدانی توێژینەوەی پێویست بۆ پێشخستن و بەرەوپێش بردنی کاری هەر یەکێک لە وەزارەتەکان، ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ بنیادنانی پەیوەندیەکی کارا لە بەینی زانکۆکان و وەزارەتەکان و کارئاسان دەبێت بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکان.

٤- پێویستە لە هەر یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێم، تاقیگەیەکی گشتی دابمەزرێت کە گشت توێژەرانی زانکۆ و دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت بتوانن بەکاری بهێنن لە توێژینەوەکانیاندا و پلانی تۆکمەی بۆ دابنرێت بۆ بەڕێوەبردنی. دەکرێت ئەو ئامێرانەی لە شوێنە جیاوازەکاندا پارێزراون و بەکارهێنانیان لە ئاستی پێویستدا نییە، لەو شوێنەی لێی دانراون، بگوێزرێنەوە بۆ ئەو تاقیگەیە هەتا سوودی زیاتر بگەیەنن، پێش بەسەرچوونی تەمەنیان.

٣- وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

**دەرئەنجامی دەرچووانی بەکەلۆریا وای دەسەلمێنێت کە دەزگاکانی پەروەردە بە شێوازی جۆرەکانی جاران رادەهێنرێن بۆ لەبەرکردن و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان**

ئەم دوو وەزارەتە یەکەم هێلانەی نیشتمانسازین و بە شێوازێکی وا تەواوکەری یەکترین، ئەگەر بە ناچاری دوو جەستەیان هەبێت، دەبێت یەک دڵیان هەبێت و سیاسەت هەر یەکەیان بەلایەکدا نەبات. داڕشتن و پەیڕەوکردنی بەرنامەی خوێندنی سەردەمییانە کە بە شێوازێک بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی کۆمەڵگەدا بگونجێت و هاوتەریب بێت لە گەڵ ئاستی زانستیی جیهاندا. هەر چەندە لە دۆخێکی ئاساییدا دەبوو ئەم دوو وەزارەتە یەک وەزارەت بن، پێدەچێت کە لەژێر پاساوی بەشبەشێنەدا کرابن بە دووان، بەڵام ئەگەر پێکەوە لەسەر کارە گرنگەکان هاوسۆز و هاوکار بوونایە، قەبارەی ئەو کێشە گەورانەی کە لەسەر شانیانە، دووانییەکە کاریگەرتر دەبوو. دەکرا و دەکرێت:

١- کۆمیتەیەکی هاوبەش کە ئەندامەکانی بە درێژخایەنی دابمەزرێن و کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونی سەلمێنراو بن و دوور لە سیاسەت و حزبایەتی و بەرپرسیار بکرێن لە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەو داڕشتنی بەرنامەکانی خوێندن لە سەرەتاییەوە بۆ زانکۆ کە خواست و پێداویستیی ئەمڕۆ و دواڕۆژی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێت و هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانییەکاندا.

٢. هەڵسەنگاندنی بەردەوام و ڕاستەقینە بۆ کارمەندان و وانەبێژان بکرێت، بە سیستمێکی هاوچەرخانە و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمان بکرێت بە بێ جیاوازی.

٣- پابەندیی تەواو بە بەرنامەکانی خوێندن بکرێت، بەبێ هیچ پاساوێک ڕێگای دابڕان نەدرێت و مەرج بێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامە بەگشتی.

٤- بە یاسا هۆبەی بەهرەداران لە گشت قوتابخانە و زانکۆکاندا دابمەزرێت بۆ پشتگیری و هاوکاریی بەهرەداران و بیرۆکە نوێکان کە لە ئەنجامی توێژینەوەکانەوە بەرهەم دەهێنرێن و دەزگای کارا و بەئەزموون هەبێت بۆ پشتگیری و ڕێنمایی بەهرەداران بۆ بنیادنانی کۆمپانیای شایستە بۆ بەرهەمهێنان و بە بازاڕ گەیاندنی بەرهەمەکانیان.

٥- هاندان و کار کردن لەگەڵ گشت قوتابخانە و زانکۆکان کە بەڵگەنامەی دڵنیایی

جۆری بەدەست بهێنن لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لەسەر ئاستی جیهانی باوەڕپێکراو بێت و دوور بێت لە مۆری حزبی و سیاسەت، ئەمەش بکرێت بە مەرج بۆ وەرگرتنی خوێندکار.

٦- یاسایەکی زانستیانە و گشتگیر دابڕێژرێت و پەیڕەو بکرێت بۆ دامەزراندنی پلە باڵاکانی زانکۆ و پەیمانگە و قوتابخانەکان و هەر لایەنەی لە سنووری خۆیدا کاری خۆی بەڕێ بکات لەگەڵ سیستمێکی چاودێریی تۆکمە بۆ ڕاگرتنی سنووربەزاندن لە هەر ئاستێکدا بێت.

٧- یاسایەکی گشتگیر و سەردەمیانە پەسەند بکرێت کە نزمتر نەبێت لەو پەیڕەوانەی کە لە زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان دەکرێن بۆ هەڵسەنگاندن و پلەبەندیی گشت کارمەندانی زانکۆ و پەیمانگە گشتی و تایبەتەکانی هەرێم بە کارمەند و خوێندکار و وانەبێژان و توێژەران بە بێ جیاوازی.

٤- زانکۆکان بە گشتی و تایبەتەوە:

دەرئەنجامی دەرچووانی بەکەلۆریا وای دەسەلمێنێت کە دەزگاکانی پەروەردە بە شێوازی حوجرەکانی جاران ڕادەهێنرێن بۆ لەبەرکردن و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان، کە پێشبینی کراون هیچ پرسیارێک نییە کە ئاستی بیرکردنەوە و تازەکاریی هەڵبسەنگێنێت، هەر لەبەر ئەوەش بە ئاسانی کۆنمرەی ١٠٠٪ بەدەست دێت. ئەو سیستمی هەڵسەنگاندنە بۆ ئەمڕۆ بەسەر چووە. پێویستە خوێندکار بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکەی پەیوەند بێت بە ئاستی توانستی تازەکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگەژەی زانستی و کۆمەڵایەتی، بە پێی بوارەکەی. بە واتایەکی دیکە گرنگیدان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە زۆر بە دەگمەن لە بەرنامەکانی پەروەردە و زانکۆ و پەیمانگەکاندا دەبینرێت. بەرنامەکانیان پێویستە لەو ڕوانگەیەوە سەر لە نوێ دابڕێژرێنەوە و مامۆستا و پسپۆڕی تایبەت بخرێنە گەڕ بۆ کاراکردنی لە گشت بوارەکاندا.

هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، زانکۆکان تەواوکەری پەروەردەن و لە بنەڕەتدا بەستراون بەو خوێندکارانەوە کە وەزارەتی پەروەردە ڕایاندەهێنێت و ئامادەیان دەکات بۆ خوێندنی زانست و پیشەیی، ئەمەش هۆیەکی بنەڕەتییە کە بەرنامەی زانکۆکان ئاراستەی پێداویستییە سەردەمییە جیهانییەکان و خۆماڵی لەخۆ بگرێت و بە شێوازێکی داینامیکییانە لە تازەکاریدا بێت، کە ئەوەش بەستراوە بە بوونی شارەزایان و کەسانی بەئەزموون لە هەر دوو بوارە زانستی و پیشەییەکاندا. واتە شارەزا و بەئەزموون بە گشتگیری لەسەر پێوەرە جیهانییەکان دەستنیشان بکرێن و ئەو پێوەرانەش لە وەزارەتەوە دەستنیشان کرابن و بە یاسا چەسپێندرا بن و پەیڕەو بکرێن.

٥ - خوێندکاران:

پێویستە خوێندکار بە ڕۆحێکی ڕاستەقینەوە سەیری ئەو چەند ساڵەی تەمەنی بکات کە لە زانکۆ بەسەری دەبات و هەر بۆ بەدەستهێنانی پارچە کاغەزێکی بێسوود نەبێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە لە ئاستی هەستکردن بە مەسئولییەت هاوکار و چاودێر بن لە پەیڕەوکردن و تەواوکردنی بەرنامە داڕێژراوەکان کە بۆ ساڵەکە بڕیاریان لێدراوە، نەک تەنیا لە کۆتایی ساڵدا هەڵسەنگاندن بۆ خوێندنەکەیان بکەن، بەڵکو لە ساتی بەرنامەکەشدا چاوپۆشی لە کەمتەرخەمی نەکرێت، ئەگەر لە هەر لایەنێکەوە بێت و بێدەنگ نەبن.

**پێویستە خوێندکار بە ڕۆحێکی ڕاستەقینەوە سەیری ئەو چەند ساڵەی تەمەنی بکات کە لە زانکۆ بەسەری دەبات و هەر بۆ بەدەستهێنانی پارچە کاغەزێکی بێسوود نەبێت**

٦ -کۆمەڵگە:

ئەوەی ئاشکرایە کە زۆربەی زۆری خیزانەکانی کۆمەڵگە هیوای گەورەیان ئەوەیە کە نەوەکانیان ئەگەر نەبن بە دکتۆر، ببن بە ئەندازیار، بە بێ ڕەچاوکردنی بەهرەمەندیی نەوەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش بەشێکی دیاریکراو لە داهاتەکانیان تەرخان دەکەن بۆ دابینکردنی ڕاهێنانی تایبەت کە خوێندکاران فێر بکرێن لە تاقیکردنەوەکاندا وەڵامی پرسیارە چاوەڕوانکراوەکان بدەنەوە و هەر بەو هۆیەوە کە پرسیاری چاوەڕواننەکراو لە کۆی پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا نییە، لە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا کۆنمرەی زۆربەی خوێندکاران لە سەرووی نەوەد لەسەدا دەبینرێت، ئەمەش چەواشەکاری نەک تەنیا لە سیستمی خوێندندا دروست دەکات، بەڵکو کار دەکاتە سەر خودی خوێندکارەکە و داهاتووی خوێندنەکەی، لە کاتێکدا ئاشکرایە کە پیشەگەرێکی پسپۆڕ و سەرکەوتوو هەمیشە لە کۆمەڵگەدا ڕێزی بەرزترە و ئاسوودەترە لە پئشەگەرێک کە لە پیشەکەیدا سەرکەوتوو نەبێت، هەرکام پیشەیەکی هەبێت.

**زۆربەی زۆری خیزانەکانی کۆمەڵگە هیوای گەورەیان ئەوەیە کە نەوەکانیان ئەگەر نەبن بە دکتۆر، ببن بە ئەندازیار، بە بێ ڕەچاوکردنی بەهرەمەندیی نەوەکانیان**

## نور فەرهاد:

# هیچ شتێک مەحاڵ نییە، هەر خەونێکیش هەوڵی بۆ بدەیت دەبێت بە ڕاستی



«بوونم بە مامۆستا خەونی منداڵیم بوو، هەرچەندە کاری مامۆستایی زۆر دوور بوو لەو بەشەی کە خوێند بووم، بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزیم زۆر باش بوو توانیم خولی شیاندن ئەنجام بدەم و ببم بە مامۆستا. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی دوو ساڵە وەکو بلۆگەرێك دەستم بە کاری سۆشیال میدیا کردووە، سوپاس بۆ خوا توانیومە نزیك بم لە ئامانجەکانم و گرنگترینیشیان لای من ئەوەیە کە هەموو ئەو نەوجەوان و کچانەی ڕۆژانە سەیری ڤیدیۆکانم دەکەن ڕووی جوانی ژیانیان پیشان بدەم، فێریان بکەم کە هیچ شتێك مەحاڵ نییە و هەر خەونێکیش هەوڵی بۆ بدەیت دەبێت بە ڕاستی، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت پێویستە گرنگی بەخۆت بدەیت و بەردەوام خۆت لە پێش هەموو کەسێك و هەموو شتێك دابنێیت و بە هەموو شێوازێك خۆت قبوڵ بکەیت».

سەبارەت بە ئامانجی لە کارەکەیدا دەڵێت: «ئامانجە سەرەکییەکانم ئەوەیە ئیش لەسەر بیرۆکە باو و هەڵەکانی ئافرەت بکەم، کە لە ناو زۆربەی زۆری خێزانەکاندا دەبینین کچ لە تەمەنێکی بچووکەوە وا ڕاهێنراوە کە نەتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، یاخود متمانەی بە بەهرەکانی خۆی

**نور فەرهاد کچە گەنجێکی پڕ وزە و بە توانای شاری هەولێرە، وەکو بلۆگەرێك خاوەنکاری خۆیەتی و بەهرە و تواناکانی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە بینەرەکانی ئاشنا دەکات. نور فەرهاد ساڵی ١٩٩٩ لە شاری هەولێر لە دایك بووە و هەر لە هەولێر ژیان دەکات، بەشی شیکاری نەخۆشییەکانی لە زانکۆی تیشك خوێندووە، ماوەی چوار ساڵ لە قوتابخانەیەکی ئەهلی وەکو مامۆستای زانست دەست بەکاربووە، لە ئێستاشدا لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە برەو بە بەهرەکانی دەدات و لە گفتوگۆیەکدا ئامانجی دەرکەوتنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گولان باس دەکات.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

نەبێت و بە ترسێکی زۆرەوە بە قۆناغە هەستیارەکانی تەمەنیدا تێبپەڕێت، ئەوەش کێشەیەکی زۆر گەورەی لە داهاتوودا بۆ دروست دەکات، بەتایبەت کە تەمەنی گەورە دەبێت و تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبێت.

هەروەها لەبەر ئەوەی کچێکی باڵاپۆشم زۆربەی کات شێوازە جیاوازەکانی لەچك و ستایلی جلوبەرگ بە جوانترین شێوە لەگەڵ تێکەڵکردنی ڕەنگەکان نیشان دەدەم، هەتاوەکو ئەو بیرۆکە باوە نەهێڵم کە هەندێك کەس پێیان وایە کەوا ئەگەر کچ لەچك بەسەر بوو ناتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات، من لەچك بەسەرم و هەموو ئەو شتانەش کە ئارەزووم هەیە و دەزانم هەڵە نییە و تەنیا لای خەڵك عەیبەیە دەیکەم و خۆم لە ناو قاڵبێکدا ناهێڵمەوە».

ئەو خانمە بلۆگەرە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «زۆر گرنگ و پێویستە کچان و ئافرەتان ئیش بکەن و خاوەنکار و داهاتی خۆیان بن، هەرگیز لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە نیم کەوا بڵێین ئیش نییە و ناتوانین هەموو کارێك ئەنجام بدەین. بە دڵنیاییەوە کە زانکۆت تەواو کرد پێویستە خۆت بەرەو پێش ببەی و بەتایبەتی کە لە ئێستادا دەرچووانی زانکۆمان زۆرە و دەرفەتی کار کەمە، پێویستە کچان خۆیان بەرەو پێشتر ببەن و وابکەن جیاوازتر بن لە هەموو ئەوکەسانەی کە بە دوای کاردا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بە ئاسانتر کارەکی باشیان دەستبکەوێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو بەربەست و ڕێگرییانە چی بوون کە هاتنە سەر ڕێگەیێ دەرکەوتنت و دەستپێکردن تاچەند زەحمەت بوو؟ ئەو گوتی: «بە دڵنیاییەوە سەرەتای دەرکەوتن زۆر زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا کۆمەڵگە وا بیر دەکاتەوە هەر کچێك دەرکەوت ئەوا بێ خاوەنە و ئامانجی لە دەرکەوتنی تەنیا خۆ دەرخستنە، بەڵام ئەوە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە، من بەشبەحاڵی خۆم خێزانەکەم زۆر دوو دڵ بوون و بە دڵنیاییەوە لە قسەی کۆمەڵگە دەترسان، بەڵام هەبوونی بڕوا و متمانە وای کرد ترسەکانیان بشکێنن و بەو ڕاستییە گەیشتن کە ئەوەی دەیکەم هەڵە نییە و ئامانجم لە دەرکەوتنم هەیە. زۆری وا هەن وەکو من ئامانجیان لە دەرکەوتنیان هەیە، ئەویش شکاندنی بەربەستەکانە تاوەکو پەیامەکەیان بە زۆرترین کەس بگات. دەرکەوتن شتێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر ئامانجێکت هەبێت و بتوانیت شوێنی خۆت لە ناو دڵی بینەرەکانت بکەیتەوە، ئەوە یەکێکە لە جوانترین هەستەکانی دڵخۆشی، بینەرەکانم خێزانی دووەمی منن و زۆر لام گرنگن لەبەر ئەوەی ئەوان هۆکاری سەرکەوتنەکانمن، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەوان سەیرت نەکەن یاخود جیاواز نەتبینن بە ئاسانی بەو ڕۆژانە ناگەیت».

نور فەرهاد دەربارەی هاندەرەکانی دەڵێت: «سەرەتا خۆم هاندەری خۆم بووم، لەبەر ئەوەی سوور بووم لەسەر بڕیارەکەم، بە دڵنیاییەوە کەسە نزیکەکانم دایك و باوکم و خوشکەکانم و هاوڕێ نزیکەکانیشم هاندەرم بوون، بە کاتی زۆر قورس تێپەڕیم بە تایبەتی سەرەتاکانی دەرکەوتنم، لەبەر ئەوەی لە دڵت گرانە کە خەڵك بێ هیچ هۆکارێك قسەی نەشیاو بەرامبەرت دەکەن، بەڵام بە پێی تێپەڕبوونی کات فێری ئەوە بووم کە هەموو سەرکەوتنێك هەنگاوی گەورەی پێویستە».

**هەتا ئێستا کۆمەڵگە وا بیر دەکاتەوە هەر کچێک دەرکەوت ئەوا بێ خاوەنە و ئامانجی لە دەرکەوتنی تەنیا خۆ دەرخستنە**

**بینەرەکانم خێزانی دووەمی منن و زۆر لام گرنگن لەبەر ئەوەی ئەوان هۆکاری سەرکەوتنەکانمن**

**بە پێی تێپەڕبوونی کات فێری ئەوە بووم کە هەموو سەرکەوتنێک هەنگاوی گەورەی پێویستە**

# دەرهاوێشتە خراپەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت گەنگەشە دەکرێت



**هەرچەندە لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ کە لە ڕێکەوتی (٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٩) دەرچووە، لە ماددەی (١٩)دا، باس لە پاراستنی مافەکانی منداڵ دەکات و هۆشداری دراوە لە ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەك بە هەموو جۆرەکانییەوە کە دەرهەق بە منداڵان ئەنجام بدرێت، هاوسەرگیریی پێشوەختیش بە جورێك لە توندوتیژی و پێشێلکاریی مافەکانی منداڵ هەژمار دەکرێت. ئەگەرچی لە کوردستاندا ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەوە، ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە زیانەکانی بەشوودانی کچانی منداڵ و ڕێگریکردن لەو جۆرە هاوسەرگیرییە، بەڵام لێرە و لەوێ دەبیستین و دەبینین کچانی خوار تەمەنی یاسایی بە شوو دەدرێن، زیاتریش لە نێو ئاوارەکان و خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان ئەو حاڵەتانە ڕوو دەدەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر ئەو پرسە تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



فەزیلە شۆڕش چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە و لەمبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە «هاوسەرگیری گرنگترین پرۆسەی ژیانە، هاوکات بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست و خۆشبەختی مرۆڤ پرۆسەیەکی پێویستیشە، لەم پرۆسەیە دوو کەسی جیا بەیەك دەبەسترێنەوە و پێکەوە خێزان دروست دەکەن و بەرپرسیارێتی خێزانێك لە ئەستۆ دەگرن، بۆیە پێویستە لە دەستپێکی ئەم پرۆسەیە چەند بنەمایەکی سەرەکی لە بەرچاو بگیرێت، ئەم بنەمایانەش بریتین لە تەمەن و ئامادەیی جەستەیی و هۆش و هەستی بەرپرسیارێتی و ئاستی بیرکردنەوە و خوێندەواری و باری تەندروستی. بنەمای تەمەن یەك لە پایە گرنگەکانی سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانە، زۆربەی کێشە و جیابوونەوەی هاوسەران هۆکارە سەرکییەکەی بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختە دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر پێش تەمەنی ١٨ ساڵی بێت، هەروەها زۆر لە حاڵەتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت خێزان ڕووبەڕووی دارماندن و ڕووخاندن دەکاتەوە، چونکە مرۆڤ لە تەمەنێکی بچووك شێوەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژیان و خێزان زۆر جیاوازترە لە مرۆڤێك کە تەمەنێکی هەیە و خوێندنی تەواو کردووە و لە ڕووی جەستەییەوە ئامادەیە بۆ هاوسەرگیری و منداڵ بوون، لە پاڵ ئەمەش ئەوانەی بەتەمەنێکی بچووك ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن ناتوانن بەرگەی قورسایی ژیانی خێزانداری بگرن، زۆر جاریش کێشەی لێك تێنەگەیشتن لە نێوان هاوسەرەکان دروست دەبێت، دواجار پێکەوە ژیان بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، هەندێك جاریش بە داخەوە کوشتنی ئافرەتی لە دوا دێت، کە ئەم کارەش خۆی لە خۆیدا تراژیدیایەکی تێکدەر و شێواندنی کۆمەڵگەیە و گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی نەزان و دواکەوتوو، دوارۆژێك و ژیانێکی پڕ لە نائومێدی بێ سەروبەر بەرۆکی خێزان دەگرێت، بێشك ئەم وێرانەیە و تفتو و تاڵییەش دەرهاوێشتە خەراپەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەیە، کە هۆکاری شێواندنی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەیە بە گشتی».

حاجی عزەدین ڕاوێژکاری یاساییە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاو، پرۆسەیەکە بۆ پێکهێنانی خێزان و ژیانێکی هاوبەش لەنێوان دوو کەسی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو، تاکو پێکەوە قۆناغێکی تازە لە ژیانی پێکەوەیی لە ئارامی



ئاواز شێرزاد:

**ئەوانەی لە تەمەنێکی بچووک ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن ناتوانن بەرگەی قورسایی ژیانی خێزانداری بگرن، زۆرجار بە جیابوونەوە کۆتایی دێت**



حاجی عزەدین:

**پێویستە هاوسەرگیریی پێشوەخت بکرێتە یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی لە ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ سنووردارکردنی**



تانیا جەمال:

**میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پەیوەندیی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک هەیە و پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو بوارەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن**

دەروونی لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و بەرپرسیارێتی هاوبەش فەراهەم بکەن. بەڵام لە سەردەمی ئێستاماندا هەڵوەشانەوەی خێزانەکان و دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەرەکان ڕۆژانە لە زیادبوونە، ئەویش لە دەرئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکار، دیارترین هۆکارییش ئەنجامدانی هاوسەرگیرییە لە تەمەنی منداڵی، یان هاوسەرگیریی پێشوەخت، بێگومان بۆ هەردوو ڕەگەز کچ و کوڕ، بەڵام ئەوەی لەم پرۆسەیە زەرەرمەندە دوای منداڵ کچان و ژنانن، بەوانەشەوە کە لە ئێستادا لە ژیانی هاوسەری بەردەوامن».

ئەو ڕاوێژکارە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت:«هاوسەرگیریی پێشوەخت سەرکێشییە لەلایەن خێزانەکانیان بە ژیانی کچان و کوڕان دەکرێت، یان خودی خۆیان کە سوورن لەسەر ئەوەی لەو تەمەنە هاوسەرگیری بکەن، لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە بە زیانی کچان تەواو دەبێت لەڕووی تەندروستی، هزری و کۆمەڵایەتی. هۆکارەکەی لە بەشێکی خێزان و کۆمەڵگەکان بۆ نەبوونی وشیاری تەواو، نەخوێندەواری، هەژاری و بێکاری دەگەڕێتەوە، بۆیە بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی لە کۆمەڵگەکان. کەواتە پێویستە یاساکان وەك خۆیان جێبەجێ بکرێن و وشیاری لە ناو قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەکان بڵاوبکرێنەوە،وێڕای هەوڵدان بۆ هاندانی کچان و کوڕان لە پێناو بەردەوامیدان و تەواوکردنی خوێندن، ئەمەش کاری هەمەلایەنەی لایەنە پەیوەندیدارە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی پێویستە تاوەکو کارڕایی تەواو بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە سنووردار بکرێت و دواتریش بەیەکجارەکی لەکۆمەڵگەدا ببێتە کارێکی نەخوازراو و هیچ کەس و خیزانێك پەنای بۆ نەبات.

بەگشتی هاوسەرگیریی منداڵان پەیوەندی سێکسی ناتەندروست و نەرێنی دروست دەکات، کە بریتییە لە سێکسی بە زۆر و لاقەکردن لە چوارچێوەی پەیوەندی هاوسەری و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری ڕەگەزی لەناو خێزانەکاندا.

حاجی عزەدین کاریگەرییە لاوەکییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت بەمجۆرە پۆلین دەکات:

١-بێبەشبوونی کچان لە قۆناغی منداڵی و هەڕەشە لەسەر ژیان و تەندروستیان.

٢- ڕێگری دەکات لە کچان بۆ فێربوون و بەردەوامیدان بە خوێندن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی نەخوێندەواری.

٣- زیاتر تووشی توندوتیژی خێزانی و سێکسی دەبنەوە لەناو خێزان و دەرەوەی خێزان.

٤- کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست دەکات، کە کاریگەری دەبێت لەسەر کچان بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە کاتی بەردەوامی هاوسەرگیری یان لە دوای تەڵاق یان جیابوونەوە.

٥- کاریگەریی تەندروستی لەسەر کچان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەوەچەخستنەوە و مردن لەکاتی منداڵبوون.

٦- زۆربوونی ڕێژەی لە دایکبوون بە مردوویی و مردنی منداڵی تازە لە دایك بوو و منداڵی ناکام.

٧- زۆربوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، لەبەر پێنەگەیشتوویی ژن و مێرد و بێ توانایییان لەسەر گرتنەخۆی بەرپرسیاریەتی و ئەرك و پابەندییەکانی ژیانی هاوسەری و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٨- زۆربوونی ڕێژەی توندوتیژی لە نێوان ژن و مێرد، تەنانەت بنەماڵەی هەردوو هاوسەرەکە و لەهەندێك حاڵەت دەگاتە کوشتن و دوژمنکاری، بەهۆی دەستوەردانی هەردوولایەن بەبیانوی ئەوەی لە تەمەنی منداڵین ناتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەربکەن.

بۆ سنوردارکردن و دواتریش نەهێشتنی هاوسەرگیریی پێشوەخت پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو خاڵانە بکەین:

١- دیاردەی هاوسەرگیریی پێشوەخت بکرێتە یەکێك لە کارە لە پێشینەکانی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی لە ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ سنووردارکردنی لەلایەن دامەزراوە فەرمییە پەیوەندیدارەکان.

٢- وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزارییەکانی زیاتر کارا بکات بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ بۆ خێزانەکان و ئەو کچانەی مەترسی هاوسەرگیریی پێشوەختەیان لەسەرە، هەروەها فەراهەم کردنی چاودێری تەندروستی بەردەوام بۆ بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارە نەرێنییەکانی دیاردەی هاوسەرگیریی پێشوەخت، بەتایبەتی لە ماوەی دووگیانی و منداڵ بوون.

٣- ئامادەکردنی بەرنامەی وشیاری بۆ خێزانەکان لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئاگادارکردنەوەی کچان لە مەترسییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت و دووگیان بوون و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان.

٤- ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەکان ئاماری وورد لەسەر ڕێژەی (هاوسەرگیری، تەڵاق، جیابوونەوە) بخاتەڕوو لە بارەی ئەوانەی لە تەمەنی خوار یاسایی هاوسەرگیری دەکەن یان

کردوویانە و داوای پەسندکردنی گرێبەستەکانیان دەکەن.

٥- وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوەی فراوان لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات، هەروەها لە کەمپەکان بۆ ئاوارە و پەنابەرەکان لەبارەی ڕوونکردنەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە و وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

٦- وەزارەتی پەروەردە جەخت لەسەر کاراکردنی یاسای خوێندنی پابەندی بکاتەوە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ وازهێنان لە خوێندن دابندرێت، سەرەڕای هێنانەکایەی پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بەوشیاری کچان و ڕاهێنانی ڕێنمایی کارانی پەروەردە بۆ ئەوەی ڕۆڵی زیاتریان هەبێت.

٧- دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی بینراوەکان هەماهەنگ و هاوکاربن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە لە ڕێگەی بەرنامەی جۆراو جۆر بۆ ئاشنا کردنی کۆمەڵگە و خێزان بەلایەنە نەرێنییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت و بە شوودانی منداڵان.

١٠- کاراکردنی زیاتری ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ زیاتر بەشداری کردنی ئافرەتان و ڕاهێنانیان لە بە دەستهێنانی ئابووری سەربەخۆ، لە ڕێگەی و پاڵپشتی کردنی ئەو پرۆژە و بەرنامانەی ئامانجیان سنووردانانە بۆ دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەخت و بەشوودانی منداڵان.

١١- ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان وەك دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاری لە هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی پلانی تۆکمە و بەرنامەی گشتگیری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بەردەوامی هەبێت.

١٢- لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری زیاتر بابەتێکی شەرعییە و پەیوەندی بەحەلاڵ و حەرامەوە هەیە و یاسا ناتوانێ ڕێگری لێ بکات و کاتێك هاوسەرگیرییەك لە دەرەوەی دادگا ئەنجام ئەدرێت، لە بارەی نەگرتنەبەری کارڕایی یاسایی سزا دەسەپێندریت و هاوسەرگیرییەکە هەڵناوەشێنرێتەوە، دەکرێ هەر هاوسەرگیرییەك لە خوار تەمەنی یاسایی یان بەدەر لەوەی یاسا ڕێگەی داوە ئەنجام بدرێت، هیچ مامەڵەیەك و ڕایی کردنی کاروباری خێزانی ئەوانە لە هیچ دامودەزگایەکی حکومەت ئەنجام نەدرێت تاکو دەگەنە ئەو تەمەنەی یاسا ڕێگەی داوە هاوسەرگیری تێدا بکەن».

تانیا جەمال سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات، «بێ گومان هاوسەرگیری پێشوەختە چەندین لێکەوتەی خراپی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو کچانەی لەو تەمەنە بچووکەدا شوودەکەن یا بەشودەدرێن نە لە ئاستی جەستەیی ئامادەن بۆ ئەو پرۆسەیە نە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوەش، لای هەموومان ئاشکرایە لە هاوسەرگیری تەنیا ئاهەنگ و لەبەر کردنی کراسی سپی نییە، بەڵکو ئەوە سەرەتایەکە بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ و پڕ لە گۆڕانکاری کە لەوانەیە کەسێکی پێگەیشتوو ئاسان ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت، ئەویش ئەگەر بە سەختی ڕووبەڕووی کێشە و گرفت و گۆڕانکارییە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان ببێتەوە، ئەوە جگە لەو بەرپرسیاریەتە گەورەیەی دەکەوێتە سەر شانیان، لەبەر ئەوە بەشوودانی منداڵێك کە بەلایەنی کەم تەمەنی یاسایی تەواو نەکردبێت، ئەو کات دەبێت کۆمەڵگە ئامادە بێت بۆ قبوڵکردنی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی خێزانی و تێکچوونی شیرازەی خێزان و کەوتنە سەر جادەی چەندین منداڵ و خیانەتی هاوسەریی و چەندین بەڵای دیکە کە هەروا ئاسان کۆنترۆڵ ناکرێن».

تانیا جەمال جەخت لەوە دەکاتەوە کە «میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پەیوەندیی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵك هەیە و پێویستە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەو بوارەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن، وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا باس لە مەترسییەکان و بەرپرسیاریەتییەکانی هاوسەرگیری بکەن، بۆ قوتابیان و بەتایبەتیش بۆ کچان، هەروەها لە ڕێگەی کۆبوونەوەیان لەگەڵ دایك و باوکان ئەو بابەتانە بخەنە بەرنامە و باسی دروستی مامەڵەیان و پەیوەندییان بە کچەکانیانەوە بۆ بکەن. پێویستە وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی پیاوانی ئایینییەوە باس لە گرنگی و پیرۆزیی هاوسەرگیری بکەن و ئەوە لە گەنجان تێبگەیەنن کە هاوسەرگیری تەنیا جووتبوون و منداڵبوون نییە و زۆر لەوە گەورەتر و گرنگترە و پێویستە ئەو دوو کەسەی بیر لە هاوسەرگیری دەکەنەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادە بن. هەروەها ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و لە ژێر چاودێریی کەسانی پسپۆڕ بەرنامە و هەواڵەکانیان بڵاو بکەنەوە».

**هاوسەرگیری گرنگترین پرۆسەی ژیانە، هاوکات بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست و خۆشبەختی مرۆڤایەتی پرۆسەیەکی پێویستیشە**

**هاوسەرگیری پێشوەختە چەندین لێکەوتەی خراپی دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو کچانەی لەو تەمەنە بچووکەدا شوودەکەن یا بەشودەدرێن لە ئاستی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادەنین**

**هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاو، پرۆسەیەکە بۆ پێکهێنانی خێزان و ژیانێکی هاوبەش لەنێوان دوو کەسی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو**

**لە هاوسەرگیری تەنیا ئاهەنگ و لەبەر کردنی کراسی سپی نییە، بەڵکو ئەوە سەرەتایەکە بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ و پڕ لە گۆڕانکاری**



ڕیحان خەزنەوی بۆ گوڵان:

# ئەوروپییەکان ئارەزوو دەکەن زیاتر ئاشنای هونەر و کلتووری کوردی بن

**ریحان سەعید خەزنەوی لەم دیمانەیەی لەگەڵ گوڵاندا تیشك دەخاتە سەر گرنگیی پەرەپێدانی هونەر و کلتووری کوردی لە دیاسپۆرا، کە دەبێتە پردێك بۆ ناساندنی زیاتری کورد و کلتوور و فەرهەنگی لە دەرەوە و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی کە دەڕەخسێندرێن، هەروەها باس لە هەماهەنگیی نێوان دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ پێشخستنی هونەر و کلتووری کوردی لە دەرەوە.**

*** لە ڕۆژی لە دایکبوونتدا بە شێوازێکی جیاواز دەرکەوتی، هۆکاری چی بوو؟**

- ویستم ساڵەکەم بە هەنگاوێکی ئەرێنی و کارێکی بەسوود بۆ کەسانی دیکە و وزەیەکی ئەرێنی و دەستکەوتێکی گەورە دەست پێبکەم، هەروەها شادی بخەمە سەر ڕووخساری بەشداربووان.

*** چ هەنگاوێك پێویستە هونەرمەندان و داهێنەران و دیزاینەرانی جلوبەرگی کورد لە ئەوروپا بینێن، تاوەکو پارێزگاری لە کلتور و هونەر و فەرهەنگی کوردی بکەن؟**

- بە ڕای من زۆر کار هەیە هونەرمەندان دەتوانن ئەنجامی بدەن بۆ بەدیهێنانی ئەم

ئامانجە، لەوانە تێکەڵکردنی سیمبولە کوردییەکان لە کارەکانیاندا، ڕێکخستنی پێشانگە و نمایشەکان بۆ ناساندنی هونەری کوردی بە جیهان، هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوە کلتوورییەکانی ئەورووپا، سوودوەرگرتن لە ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا، دیکۆمێنتکردن و پاراستنی دیزاینە کلتوورییەکان بە شێوەیەکی یاسایی، نمایشکردنی جلوبەرگ و هونەرە کوردییەکان لە جیهاندا و بەرزڕاگرتنی بۆنە نەتەوەیی و کلتوورییەکانی وەك جەژنی نەورۆز.

*** ئایا کورد لە ئەورووپا توانیویەتی وێنەیەکی ڕاستەقینە سەبارەت بە هونەر و کلتوور و زمانی کوردی بۆ گەلانی ئەورووپا بگوازێتەوە؟**

- بەڵێ، بەڵام بەو ئەندازەیەی کە پێویستە نییە، دەتوانین وێنەیەکی ڕاستەقینە لەبارەی هونەر و کلتوورمانەوە بۆ گەلانی ئەورووپا بگوازینەوە لە ڕێگەی سازدانی چالاکییە کلتوورییەکان وەك فێستیڤاڵەکان، نمایشە هونەرییەکان، و پێشانگەی جلوبەرگی کوردەواری، بەرهەمهێنانی میدیایی لە ڕێگەی بەڵگە فیلمەکان و وەرگێڕان بۆ زمانە بیانییەکان، هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوە ئەورووپییەکان بۆ ڕێکخستنی سیمینار و وۆرکشۆپی ناساندنی هونەر و فەرهەنگی کوردی، پتەوکردنی فێرکردنی کوردی لە ڕێگەی قوتابخانەکان و ناوەندە کلتوورییەکان بۆ پاراستنی زمان و گواستنەوەی بۆ نەوەی نوێ، بەکارهێنانی شانۆ و میوزیك وەك ئامرازی پەیوەندیکردنی کاریگەر بۆ گەیاندنی هونەر وفەرهەنگ بە شێوەیەکی کاریگەر. بەو شێوەیە دەتوانین لەگەڵ پاراستنی زمانی کوردی کلتووری کوردی بڵاو بکەینەوە و گەلانی ئەورووپای پێ ئاشنا بکەین.

*** سەرنجی ئەورووپییەکان بۆ هونەر و فەرهەنگی کوردی بە شێوەیەکی گشتی چۆنە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئەورووپییەکان گرنگی بە هونەر و کلتووری کوردی دەدەن، بەڵام دەربارەی زۆربەی کات زانیارییان سنووردارە. لە پێشانگەکەمدا زۆر دڵخۆش بوون و پێیان وتم کە هیچیان دەربارەی کورد نەدەزانی، کاتێك ئامادەبوون سەرسام بوون بە جوانیی هونەر و کەلەپووری کوردی، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە چەندە گرنگە کلتوورەکەمان نمایش بکەین و کەسانی دیکەی پێ ئاشنا بکەین.

*** ئایا هونەری کوردی توانیویەتی بوونی خۆی لە ئەورووپا بسەلمێنێت بە شێوەیەك سەرنجی خەڵکی بیانیشی ڕابکێشێت؟**

- بەڵێ، هونەری کوردی بوونی خۆیی سەلماندووە و لە ئەورووپا و سەرنجی خەڵکی بیانیشی ڕاکێشاوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی میوزیك و جلوبەرگ کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کوردین. زۆرێك لە ئەورووپییەکان لە ڕێگەی فێستیڤاڵ و پێشانگاکانەوە ئاشنای هونەری کوردی دەبن و بە جوانی و قووڵیی مێژووییەکەی سەرسامیی خۆیان دەردەبڕن. بەڵام سەرەڕای ئەم گرنگیپێدانە، هێشتا بڵاوبوونەوەی سنووردارە و هونەری کوردی نەگەیشتووەتە ئەو پێگەیەی کە شایەنیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزوویەکی زۆر لەلایەن ئەورووپییەکانەوە هەیە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بن، ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ زیاتر بڵاوکردنەوە و فراوانبوون لە گۆڕەپانی کلتووریدا.

*** چەند پێشانگەت لە ئەورووپا ڕێك خستووە و ئامانجی سەرەکی لە کردنەوەی ئەم پێشانگایانە چی بووە؟**

- ڕەنگاڵە یەکەم پێشانگەی من بوو لە ئەورووپا، ساڵانە کاردەکەم لەسەر ڕێکخستنی ئەم پێشانگەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هونەر و کلتوورە ڕەسەنەکەمان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر.

*** ئامانجی سەرەکیت لە ڕێکخستنی ئەم پێشانگایانە چییە؟**

- پشتیوانیکردن لە کار و هونەری گەنجانی کورد لە تاراوگە لە دیزاینەران و هەموو کارە دەستییەکان و ئامانجی سەرەکی لە کردنەوەی ئەم پێشانگەیە، ناساندنی کلتوور و هونەری کوردییە بە ئەورووپییەکان و دروستکردنی پردێك بۆ پەیوەندی و گفتوگۆی کلتووری.

*** ئایا ئەو ئامانجەت بەدەست هێناوە کە لە ڕێگەی کردنەوەی ئەم پێشانگایانەوە ئاواتت بۆی دەخواست؟**

- لە کاتی ڕێکخستنی پێشانگەکەدا ڕووبەڕووی زۆر بەربەست بوومەوە، بەڵام سوپاس بۆ خودا سەرکەوتوو بووم لە بەدەستهێنانی ئەوەی کە ئاواتم بۆ دەخواست. چالاکییەکە دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ ناساندنی کلتوور و هونەری کوردی بە ئەورووپییەکان، کاردانەوە و گرنگیپێدانێکی زۆرم بینی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند گرنگە بەردەوام بین لەم ڕێگەیە.

*** لە کردنەوەی ئەم پێشانگایانە و ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەدا کێ پشتیوانی سەرەکیت بوو؟**

- لە ئەزموونی یەکەممدا بۆ ڕێکخستنی پێشانگەکە، بڕیارەکەم لە سەرەتاوە ڕوون بوو، ویستم ئەم پڕۆژەیە بە تەواوی پشت بە هەوڵی خۆم ببەستێت، بەبێ هیچ پاڵپشتییەکی ماددی یان سپۆنسەر لە هیچ لایەنێکەوە، ئەوە تەحەددایەکی گەورە بوو، بەڵام بۆ من پێویست بوو بۆ ئەوەی توانای خۆم بسەلمێنم لە سەرکەوتنی ئەم کارە تەنیا پشت بە تواناکانی خۆم ببەستم، بەڵام پاڵپشتی هەمیشە تەنیا ماددی نییە، ورە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە هەر سەرکەوتنێکدا، لەم ڕووەوە بوونی بەڕێز شیفا بارزانی و قبووڵکردنی بانگهێشتەکەم، وەك پاڵپشتییەکی بەهێز بوو بۆ من، پاڵپشتییە مەعنەوییەکەی تەنیا ئامادەبوون نەبوو، بەڵکو نامەیەکی هاندەر بوو بۆ ئەو گەنجانەی کە بە کارەکانیان بەشدار بوون لەگەڵمدا و منی زیاتر سوورکرد لەسەر پێشکەشکردنی کارێکی جوانتر لە وەرزی داهاتوودا. ئەم پێشانگەیە تەنیا چالاکییەك نەبوو، بەڵکو هەنگاوێکی یەکەم بوو بەرەو پڕۆژەیەکی کلتووری بەردەوام کە مۆرکی تایبەتی خۆمی پێوە بێت.





دەریا عومەر

یاریزانی کاراتێی یانەی سەیدسادق:

# کاراتێ یارییەکی شەڕاناگێزی نییە، بەڵکو هونەری بەرگریکردنە

**لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید و قەزای سەید سادق گرنگییەکی زۆر بە یارییە تاکییەکان دەدرێت و یاریزانانی ئەم ناوچەیەش ئەنجامی شایستەیان لەسەر ئاستی وڵاتانی ئاسیا و عێراق و کوردستانیش بەدەست هێناوە، یانەی سەید سادقی دەڤەری شارەزوور یەکێکە لەم یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی ئافرەتان دەدات، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێز و بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خول و پاڵەوانێتییەکان بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە «دەریا عومەر»ی لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ ی قەزای سەید سادقە و ماوەی نۆ ساڵە لە تیپی کاراتێ یانەکە یاری دەکات، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەکو کچێك چی وای لێ کردیت بچیتە نێو جیهانی وەرزشی؟**

- من هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای وەرزشکردنم هەبووە، هاتمە نێو ئەم یارییە بەمەبەستی پەرەپێدانی ئەو خولیایەی کە هەمە.

*** یاریی کاراتێت وەکو حەز یان بۆ بەرگریکردن هەڵبژاردوە؟**

- سەرەتا وەکو حەزێك بەشداریم کرد، بەڵام دەتوانین وەکو بەرگرییش بەکاری بێنی.

*** هەست ناکەی یارییەکی زیاتر شەڕانگێزیت هەڵبژاردوە؟**

- کاراتێ یارییەکی شەڕاناگێزی نییە، بەڵکو هونەری بەرگریکردنە.

*** یاریی کاراتێ چ ئاستێکی تێپەڕاندووە لە کوردستان؟**

- دەتوانم بڵێم کاراتێ لە چاو ساڵانی پێشوو بە شێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتووتر بووە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- پێویستە لە ڕووی مەسروفەوە هاوکاریی یاریزانان بکرێت و زیاتر پاڵەوانێتی بکرێتەوە بۆ یاریزانان تاوەکو ئارەزووی بەرەوپێشچوونی زیاتریان هەبێت.

*** زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە دەڵێن یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان پشتگوێ خستووە؟**

- لە کوردستان تا ئاستێکی زۆر باش یاریی کاراتێ پەرەی پێ دراوە بە کردنەوەی هۆڵ چ بۆ کچ یان کوڕ، هەروەها کردنەوەی پاڵەوانێتی ساڵانە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- هاوکاریکردنی ئەو یاریزانانەی بەشدارن لەم جۆرە وەرزشە لە هەموو ڕوویەکەوە، هەروەها ساڵانە کردنەوەی پاڵەوانێتی زۆر گرنگە بۆ پەرەوپێشبردنی یاریزانەکان، چونکە وایان لێدەکات ترسیان بشکێت و متمانە بەخۆبوونیان زیاتر بێت.

*** سەرکەوتن چ مانایەك دەبەخشێ لای تۆ؟**

- بەردەوامی و کۆڵنەدانە لە ئامانجەکەت.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- بەرنامەی من ئەوەیە لە داهاتوودا بتوانم بەشداریی پاڵەوانێتیی ئاسیا بکەم.

*** دەڵێن لە بەشێك لە پاڵەوانێتییەکاندا یاریزانان لەسەر گیرفانی خۆیان بەشداری دەکەن، ئەمە ڕاستە؟**

-بەڵێ ڕاستە، لە چەندین پاڵەوانێتیی کوردستان و عێراق و ئێران لەسەر ئەرکی خۆمان و ڕاهێنەرەکانمان بەشداریمان کردوە، سەرەتا کاراتێ بۆ کچان کەمێك زەحمەت بوو، چونکە بە یاریی کوڕان ناسراوە، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئێستا کچان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لەم جۆرە وەرزشە کردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین شان بە شانی کوڕان بەشدارن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گرنگییەکی باشی پێدراوە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چیە لەم یارییە؟**

-ئاواتی من ئەوەیە ببینم کچی کوردستان وەکو کچانی دەرەوە هیچیان کەمتر نییە و دەتوانن بەشداریی ئەم جۆرە یارییانە بکەن، ببنە جێگەی شانازی بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان، منیش ببمە سومبولێك بۆ شارەکەم.

*** تا چەند کچان هیوایان بە وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیە؟**

- بێگومان کچانیش وەکو کوڕان حەزیان بە وەرزشکردن هەیە، بەڵام دەکەوێتە سەر جۆری وەرزشەکە، هەروەها کۆمەڵێك ئاستەنگ هەیە کە لەوانەیە ڕێگر بێت لە بەردەمییاندا.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی بۆ یاریکردن؟**

- نەخێر تا ئێستا نەبووە


*** کێ بەهاوکار و پاڵپشتی خۆت دەزانی؟**

- خێزانەکەم و ڕاهێنەرەکانم، کە زۆر ماندوو بوون لەگەڵم.

*** ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ خزمەتی بەردەوامی گەنجانی وەرزشکار لە شارەکانی کوردستان.





# بۆچی دابەزاندنی کێش بە خێرایی باش نییە؟



دابەزاندنی کێشی لەش مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، چونکە جگە لە ڕیجیم و مەشقی وەزرشی، پەیوەندی هەیە بە: بۆماوە (جینەکان)، سرووشتی خەو، سترێس، بەکارهێنانی دەرمان، لەگەڵ تەندروستیی کەسی. هەر کەسێك هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە بۆ دابەزاندنی کێشەکەی، بەڵام دابەزاندنی خێرا ئاکامی نێگەتیڤی دەبێت. دابەزاندنی زانستییانە و لەسەرخۆی کێشی لەش، نەك نابێتە هۆی ئاکامیی تەندروستیی خراپ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاندەرە بۆ باشتربوونی تەندروستی.

ئاکامەکانی دابەزاندنی کێش بە خێرایی:
ونکردن یان کەمبوونەوەی بارستایی ماسوولکە و زیاد وونکردنی ئاو نەك چەوری، بەتایبەتی لەکاتی پەیڕەوکردنی ڕیجیمێکی زۆر توندی خۆراك، دووبارە زیادبوونەوەی کێشی لەش لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی تێکڕای میتابۆلیزمی بنەڕەتی BMR کە بریتییە لە خێرایی سووتاندنی کالۆری لەکاتی حەسانەوەدا، زیادبوونی ئەگەری دروستبوونی بەردی زراو، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، کاردانەوەی دەروونیی نێگەتیڤ، هەروەها تووشبوون بە کەمیی ماددە خۆراکییە گرنگەکان کە دەبێتە ئەگەری: کەمخوێنی، پووکانەوە و بێهێزبوونی ئێسك، زیاد هەڵوەرینی قژ، هەروەها بێهێزیی گشتی لەش.

# شیرەی چەوەندەر پەستانی خوێن دادەبەزێنێت



لە لێکۆڵینەوەیەکی پەیمانگەی بەریتانی بۆ توێژینەوەکانی تەندروستیی دڵ BHF هاتووە کە شیرەی چەوەندەر Beetroot juice پەستانی خوێن دادەبەزێنێت، چونکە دەوڵەمەندە بە نایترەیتەکان کە لە لەشدا دەگۆڕێن بۆ ئۆکسیدی نایتریك، کە بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەکاتەوە و سووڕی خوێن باشتر دەکات، بەمەش پەستانی خوێن دادەبەزێت، هەروەها شیرەی چەوەندەر پۆتاسیۆم و ماددەی دژەئۆکسان لە جۆری فلاڤۆنۆیدەکان و پۆلیفینۆلەکان لەخۆدەگرێت کە ڕۆڵیان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێندا. ئاماژە بەوەش کراوە کە پێویستە لەسەر تووشبووانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن کە دەرمان وەردەگرن ئاگاداری دکتۆر بکەنەوە ئەگەر شیرەی چەوەندەر بە بڕی زیاد بخەنە خۆراکی ڕۆژانەیان. شیرەی چەوەندەر سوودی تەندروستیی تریشی هەیە وەکو: سووککردنی پەستی و سترێس، پاراستنی تەندروستیی مێشك، باشترکردنی سووڕی خوێن و باشترکردنی توانای بەرگەگرتن لە وەرزشواناندا، پاراستنی تەندروستیی دڵ، باشترکردنی فرمانەکانی جگەر، باشترکردنی تەندروستیی ڕیخۆڵە بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵ، هەروەها خۆپاراستن لە چەند جۆرێکی شێرپەنجە بەوەی کە ماددەی بیتانین Betanin لەخۆدەگرێت.

# چۆن جگەرەکێشان دەبێتە ئەگەری نەخۆشیی شەکرە؟

لە توێژینەوەکاندا هاتووە کە جگەرەکێشان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو زیاد دەکات، بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە ڕۆژانە ٣٠-٤٠ جگەرە دەکێشن، تا ژمارەی جگەرەکان زیاتر بێت هێندە ئەم ئەگەرەش زیاتر دەبێت. میکانیزیم لەپاڵ ئەم ئەگەرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جگەرەکێشان کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر فرمانی دروستی خانەکانی لەش. پێکهاتە کیمیاییەکانی دوکەڵی جگەرە جگە لەوەی کە زیان بە خانەکانی لەش دەگەیەنن، هەوکردنیش لە هەموو لەشدا پەیدا دەکەن کە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی چالاکیی هۆرمۆنی ئینسولین کە ئاستی شەکر لە لەشدا ڕێك دەخات، هەروەها دەبنە ئەگەری دروستبوونی فشاری ئۆکسان Oxidative stress کە هاوکات لەگەڵ هەوکردندا و ڕیسکی نەخۆشیی شەکرە بەرزدەکاتەوە. ئەمەش سەلمێندراوە کە جگەرەکێشان ئەگەری کۆبوونەوەی چەوریی کەرش(ورگ) زیاد دەکات کە هاندەرێکی دیکەیە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لە ڕێگەی پەیداکردنی بەرگریی خانەکانی لەش بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین و تێکدانی فرمانەی خانەکانی بیتا cells □ لە گلاندی بەنکریاسدا، کە سەرچاوەن بۆ دروستکردنی هۆرمۆنی ئینسولین.



# ژیریی دەستکرد وچـ

**لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا یەکێك لەو ئامێرانەی کە بەرەو ژیریی چووە و پاڵپشتی لە ژیریی دەستکرد دەکات، چاویلکەکانن. دەیان جۆری چاویلکەی زیرەك بەرهەم هاتووە و هەرکام لەو چاویلکانە تایبەتمەندی**



## چاویلکەیەکی وەرگێڕ و ژیریی دەستکرد

یەکێك لەو ئامێرانەی بەهۆی ژیریی دەستکردەوە گۆڕانکاری بەسەرداهات، چاویلکەیە.. چاویلکە لەم سەردەمەدا تەنیا بۆ دیتن و نزیك کردنەوەی مەوداکان نییە، بەڵکو بەهۆی ژیریی دەستکردەوە دەکرێت، وەك وەرگێڕ و یاریدەدەر و کۆمپیوتەر و تیڤی سەیر بکرێت. چاویلکەی زیرەکی جۆری INMO Air 2 AR یەکێکە لەو چاویلکە زیرەکانە، لە یەك کاتدا بۆ دە زمان کاری وەرگێڕان دەکات، دۆزرەوەی نەخشەکانی ڕێگایە و ئەوانەی سواری پایسکیل یا مۆتۆڕ دەبن دەکرێت سوودی لێوەربگرن، دەکرێت فیلمی پێ سەیر بکەی. لەگەڵ چاویلکەکە ئەڵقەیەکی هەیە کە لە پەنجە دەکرێت و وەك ڕیمۆت کۆنترۆڵی چاویلکەکە سوودی لێوەردەگیرێت. چاویلکەکە دەکرێت وەك چاویلکەی هەتاویش سوودی لێوەربگیرێت، کامێرای هەیە بۆ فیلم هەڵگرتن و کێشی ٧٢١ گرامە.



## چاویلکەی زیرەکی بایدۆ چەند هەنگاوێک بەرەو پێشەوە

# اویلکە نوێیەکان

**خۆیان هەیە، بەکارهێنەر تێدەگا چاویلکە تەنیا بۆ بینین نییە و دەکرێ زۆر سوودی دیکەشی لێببیندرێ. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەك لەو چاویلکانە دەکەین کە سوود لە ژیریی دەستکرد دەبینن.**




## چاویلکە زیرەکەی شیاومی بناسن

کۆمپانیای شیاومی چینی (Xiaomi) چاویلکەکی زیرەکی خستەڕوو کە سێ کامێرای هەیە و چاویلکەکە لە ڕیزی چاویلکەکانی واقیعی- مەجازی دێتە ژمار. چاویلەکەکە لە فایبەر و ئالۆمینیوم دروستکراوە و کێشی ٢١٦ گرامە. چاویلکەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بەبێ مۆبایلیش دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. کاتێك بەکارهێنەر سەیری دەکات مێزێکی مەجازی لەبەردەمی دروست دەبێت و لەسەر مێزەکە دەکرێت کۆمپیوتەرێکی مەجازی بکەیەوە و سوودی لێوەربگری. چاویلکەکە لەگەڵ ئامێرەکانی ئەلکترۆنیماڵەوە وەك گلۆپە زیرەکەکان و تیڤی و سپلیت و سەلاجە و هەر ئامێرێکی دیکەی زیرەك پەیوەند دەدرێت و بەکارهێنەر دەتوانێت هەر لە ڕێگای مۆبایلەکەوە کۆنترۆڵیان بکات. پێچەوانەی چاویلکەکانی دیکە بەکارهێنەر دەتوانێت بە دوگمەیەك چاویلکەکەی لە تارماییەوە بەرەو شەفافی بەرێت و سەیری دەرەوە بکات.

کۆمپانیای بایدۆ کە کۆمپانیایەکی چینییە چاویلکەی (Xiaodu) نوێترین و پێشکەوتووترین چاویلکەی زیرەکی خۆی خستەڕوو، چاویلکەیەك کە کێشەکەی تەنیا ٤٥ گرامە. بەڵام کامێرایەکی ١٦ میگاپیکسلی لەسەر داندراوە و دژە لەزرینە. کامێراکە پاڵپشتکراوە بە زیرەکی دەستکرد و چوار مایکی هەیە بۆ تۆمارکردنی دەنگ و سپیکەری هەیە و بەکارهێنەرەکەی دەنگێکی بێ ژاوەژاو دەبیسێت. دەکرێت بەهۆی ئەو چاویلکەوە ڕاستەوخۆ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا چات بکەی و یادداشت هەڵبگریەوە و ڕێژەی بەکارهێنانی کالۆری بزانی و کەلوپەل دەناسێ و کاری وەرگێڕان دەکات. تاکو ٥٦ کاتژمێر شەحنی باترییەکەی دانابەزێت.







# پرینتەرێکی دەستی و کاراییەکی زۆر



پرینتەر ئەو ئامێرە گرنگەکەی کە داتاکان لەسەر کۆمپیوتەر یا مۆبایل یا هەر ئامێرێکی دیکە دەخاتە سەر کاغەز یا پارچە یا دار و ئاسن و هەر شتێکی دیکە. پرینتەری سێ ڕەهەندیش هەیە کە دەکرێت لەبری حیبر مادەیەکی تێبگرێت و کەلوپەلی پلاستیکی دروست بکات.

پرینتەری بچووکیش هەیە کە بەدەست کۆنترۆڵ دەکرێت و بەکارهێنەر دەتوانێت بە دەست بە شوێنێك دایبێنێت بۆ ئەوەی مەبەستیەتی چاپی بکات. پرینتەرە بچووەکان بە ئاسانی هەڵدەگیردرێن و لەسەر هەر شتێکیش چاپ دەکەن، وەك پارچە، دار، ئاسن..تاد. یەکێك لە پرینتەرە بچووکەکان، پرینتەری جۆری IINCOOYیە. وەك دەمانچەیەك دەچێت، شاشەیەکی ٤,٣ ئینجی هەیە و بەهۆی کۆمپیوتەرەوە داتاکان بۆ پرینتەرەکە دەگوازرێنەوە، لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێن. خێراییەکەی ٥٠ مەترە لە خولەکێکدا. بەبێ کۆمپیوتەریش دەکرێ داتای پێبنوسرێت و پرێنت بکرێت، پشتیوانی لە ٢٤ زمان دەکات. کێشی پرینتەرەکە ٦٢٠ گرامە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت ئایا هۆشی دەستکرد تا رادەیەك شوێنی مرۆڤ دەگرێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز دەبێ وەڵامدانەوەکەی جەنابت لە چەند ڕەهەندێکەوە بۆی بچین، یەکەم ئایا بەتەواوی ژیریی دەستکرد کۆنترۆڵی لەدەستی مرۆڤ دێنێتەدەر؟ نەخێر، بەتایبەتی لە ڕەهەندی ئەخلاقی و سۆزداری و هەستەوە.. نموونەیەك: دەتوانێ لە خوێندنەوەی داتاکانی تایبەت بە پزیشکیدا وەك پزیشکێك زانیارییەکانت پێبەخشێ، پشکنینەکانت بە روونی بۆ بخوێنێتەوە و دەرمانەکانیشت بۆ دەستنیشان بکا، بەڵام دڵدانەوە و هەستی مرۆیی پزیشکی تێدا بەدی ناکرێ و ئەو تەنیا نەخۆشی دەزانێ، بەڵکو باری دەروونی نەخۆشەکە نازانێت. لە پەروەردەدا بۆ فێرکردن و راهێنان لە مامۆستایەك باشتر فێر دەکات، بەڵام هەستی هاندان و ژینگەی قوتابخانە بە قوتابی نابەخشێت. لایەنەکانی پەیوەندی بە هەست و سۆز و ئەخلاقەوە هەیە ژیریی دەستکرد ناتوانێ ببێتەوە جێگرەوەی مرۆڤ.

## ئامێرێکی جۆکەر بۆ ئاسانکاری لە ئەرکدا

سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیای نوێ ئەو خاڵە ئەرێنییە هەیە کە دەتوانرێت یەك ئامێر چەندین ئامێر پێکەوە لێکبدرێنەوە. ئامێری macroDock ئامێرێکی پێشکەوتووە، هەم هاپێکی باشە و هەم پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دوگمەی مایکرۆ بۆ ئاسانکاری لە ئەرك و کارەکان. بەهۆی دوگمەکانەوە دەکرێت لە هەر پرۆگرامێکدا ٣٦ فەرمانی جیاجیای پێ بسپێردرێت. پرۆگرامەکانی تایبەت بە ئەدۆب، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبوك، واتسپاپ، ئینستاگرام... دیسکۆرد. هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ پلاگینی جیاجیای بۆ پرۆگرامەکان تێدایە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە، ئاسانکاری تەواو لە پرۆگرامەکانی نەخشەسازی، گرافیك، سینەما و پرۆگرامنووسی دەکرێت.

هەموو جۆرە میمۆری کارتێك دەخوێنێتەوە، وەك هاپێك بە خێرایی ٥ گیگابایت لە چرکەیەکدا داتاکان دەگوازێتەوە. کێشی ئامێرەکە ٣٦١ گرامە.





# تەبلێتێک بۆ هەلومەرجە دژوارەکان

کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێت لەگەڵ ئەوەیدا کارایی و تواناییان زۆرە، بەڵام ئامێرەکان ناسکن و بە بچووکترین بەرکەوتن و بەربوونەوەو و تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاو تێکدەچن. هەندێك لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری ئامێری دیجیتالی ئەو ئامێرانەی ئاماژەم پێدان بە کوالیتی ئاست بەرز بەرهەم دێنن، ئەگەر بەریش بنەوە و بکەونە ناو ئاویش تێکناچن. تەبلێتی جۆری Oukitel Tablet RT٧ یەکێکە لەو تەبلێتانە، ئەگەر لە بەرزایش بەرێتەوە یا بکەوێتە ناو ئاویش تێکناچێت، زیاتر ئەندازیارانی بواری بیناسازی و ڕێگاوبان سوودی لێوەردەگرن. شاشەکەی ١٠,١ ئینجە. ڕامەکەی ١٢ هەتا ٢٤ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٢٥٦ گیگابایت تا یەك ترا بایتە.. کامێراکەی ٤٨ میگاپیکسەلە. باترییەکی بەهێزی هەیە (٣٢٠٠٠) میلی ئامپێرە و دەکرێت ٣٢ کاتژمێری بەردەوام فیلمی پێ سەیر بکەی یا ١٨٠ ڕۆژ بۆ پەیوەندییەکان سوودی لێوەربگری. سیستەمی ئەندرۆید ١٣ی لەسەرە.



## به ژیریی دەستکرد ئەپلکەیشن دروست بکە

ژیریی دەستکرد وای کردووە کە لە هەموو ئەرکەکاندا ئاسانکاری بکات، پێشووتر دروستکردنی ئەپلکەیشن بۆ مۆبایل ماوەیەکی زۆری دەخایاند بەهۆی کۆدنووسین و دیزاین کردنیەوە. ئێستا بەهۆی ژیریی دەستکرد بە ئاسانی ئەوە دەکرێت. یەکێك لەو ژیرە دەستکردانە ماڵپەڕی دروستکردنی ئەپلکەیشن (lovable.dev)ە. لەو ماڵپەڕەدا دوای کردنەوەی ئەکاونت لە بۆکسێکدا هەر ئەوەندە بەسە مەبەستەکەیت لە ئەپلکەیشنەکە بۆ دیاری بکە واتە مەبەستە چ ئەپلکەیشنێك دروست بکەی، لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا ئەپلکەیشنەکەت ئامادە دەبێ و دەتوانی دایبەزێنی. ماڵپەڕی ناوبراو تەنیا بۆ سیستەمی ئەندرۆید نییە، بەڵکو سیستەمی iosیش دەگرێتەوە.

# پرۆگرامێکی ژیریی دەستکرد بۆ گۆڕینی ئاسمان لە وێنەدا

یەکێك لە پرۆگرامەکانی ژیریی دەستکرد کە تایبەتە بە وێنەگری پیشەیی بەتایبەتی وێنەی سروشتی، پرۆگرامی ON1 Sky Swap AIە. پرۆگرامەکە توانایەکی زۆری هەیە بۆ گۆڕینی دیمەنی ئاسمان. ئێمە لە ئەلبۆمی وێنەی دیجیتالیماندا هەزاران وێنەمان هەیە، بەڵام ڕەنگە ئەو وێنانەی لە سروشت گیراون دیمەنی ئاسمانەکانیان بەدڵمان نەبێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت دیمەنی ئاسمانەکە بە هەموو جۆرێك بگۆڕی بە جۆرێك کاتێك سەیری دەکەی هەست بەوە نەکەی دیمەنەکە گۆڕاوە. پرۆگرامەکە خۆکار دیمەنی ئاسمان لە وێنەیەکدا دەناسێ و بە ویستی بەکارهێنەر دەیگۆڕێ. گۆڕانەکەش بەهۆی ژیریی دەستکردەوەیە. لەو پرۆگرامەکەدا زیاتر لە ٢٣١ دیمەنی ئاسمان هەیە لە هەموو کەشو هەوایەکدا. بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ ئەگەر شارەزایەکی کەمیشی هەبێت.





# جیاوازیی نێوان کلی جێڵ و کلی شل.. کامیان گونجاوترە بۆ ماکیاژ؟

کلی جێڵ بە پێکهاتەیەکی کرێمی و نەرم تایبەتمەندە، ئەمەش وادەکات بەکارهێنانی ئاسان بێت. بەهۆی توانای تێکەڵبوونی بە ئاسانی، هەڵبژاردەیەکی باشە بۆ ئەوانەی ئارەزووی ماکیاژ دەکەن و بەدوای بەدیهێنانی دیمەنێکی هەمەجۆردا دەگەڕێن کە کۆکەرەوەی لێهاتوویی و نەرمی بێت. بە شێوەیەکی گشتی کلی جێڵ لەسەر پێڵوی چاو بە فڵچەی تایبەت بەکار دەهێنرێت، دەکرێت وەك هێڵی باریك بەکار بهێنرێت یان تێکەڵ بکرێت بۆ ماکیاژێکی سوکتر. کلی جێڵ بە کۆمەڵێك ڕەنگی فراوان بەردەستە کە گونجاون بۆ هەموو دەرکەوتنەکان، بەتایبەتی شەوانە، چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی کاڵ ببێتەوە.

کلی شل: کلی شل، یەکێکە لە بەربڵاوترین بەرهەمەکانی ماکیاژ. بەهۆی پێکهاتە شلەکەی و فڵچە وردەکەیەوە، ڕێگە دەدات بە کێشانی هێڵی باریك و تیژ بە ئاسانی، جوانیی چاوەکان دەردەخات، و هەستێکی شیك و نایاب بە دەرکەوتنی خانمان دەبەخشێت. کلی شل بە پێکهاتەی هەمەجۆر بەردەستە کە گونجاوە بۆ دەرکەوتنی ڕۆژانە و شەوانە بە یەکسانی.



# پاکوخاوێنیی سەرینەکان

تۆز و خۆڵ و مادده هەستیارییەکان و تەنانەت دڵۆپەی ئارەقی جەستەش لەسەر سەرین و پشتی کۆدەبنەوە و پەڵە دروست دەکەن. بۆ شوشتنی سەرینەکان بەبێ زیانگەیاندن، لە هەر پێکهاتەیەك بن، دەتوانرێت لە جلشۆرەکەدا بشۆردرێن، لەگەڵ چەند ڕێگەیەك بۆ پارێزگاریکردن لێیان.

• بۆ ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی تۆز و خۆڵ، هەمیشە بەرگی پارێزەر بەکار بهێنە.


• هەفتانە جارێك بەرگی سەرینەکەت بگۆڕە، لایەنی کەم مانگانەش جارێك بیشۆ.

• هەرگیز لەسەر سەرین مەخەوە کاتێ کە قژت تەڕە.

• سەرینەکان لە وشککەرەوەی جلوبەرگدا دابنێ لەسەر خولی هەوا بۆ ماوەی دە خولەك، بۆ یارمەتیدان لە لابردنی تۆز و خۆڵ.

• هەر جارێك کە بەرگی سەر جێگاکەت دەگۆڕیت، سەرینە ئیسفنجییەکان بە باشی بە گسکی کارەبایی پاك بکەرەوە، بۆ لابردنی خانە مردووەکانی پێست و پەڵەی تۆز و هۆکارە هەستیارییەکانی دیکە کە لەسەری کۆدەبنەوە.

•دوای ئەوەی نوێ دەکرێتەوە ئەگەر سەرین نەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، یان دوای شوشتن نەکشابێت، ئەوا کاتی ئەوە هاتووە بیر لە کڕینی سەرینێکی نوێ بکەیتەوە.





# بۆنە گرانبەهاکان بۆ ئەم وەرزە

لە ماوەی ئەم وەرزەدا، کۆمەڵێك بۆنی خانمانە دەردەکەون کە ناتوانیت دەستبەرداریان بیت. ئەمەش وا دەکات ببنە هەڵبژاردەیەکی نموونەیی بۆ هەموو کەسێك کە بەدوای هەستێکی تایبەت و شیکدا بگەڕێت. لە بۆنە گوڵاوییە گەرمەکانەوە تا بۆنە ڕۆژهەڵاتییە جادوویییەکان، ئەم بۆنانە سەرنج ڕادەکێشن و کاریگەرییەکی لەبیرنەکراو بەجێ دەهێڵن.

**بۆنی Libre Eau de Parfum Intense لە ئیڤ سان لۆران Yves Saint Laurent**

یەکێکە لە دیارترین بۆنەکانی ئەم وەرزە. ئەمە تایبەتمەندترین وەشانی بۆنە ڕەسەنەکەیە، کە هەستێکی ناسك و دەوڵەمەند دەبەخشێت سەرنجی هەمووان ڕادەکێشێت. پێکهاتەکەی تێکەڵەیەکە لە کورتەی لاڤاندای فەرەنسی و گوڵی پرتەقاڵ، کە هەستێکی تازەگەری و خانمانەیی دەبەخشێت.

**بۆنی Donna Born in Roma لە ڤالێنتینۆ Valentino**

بۆنێکی گوڵاوی ڕۆژهەڵاتیی مۆدێرنە، کە گوزارشت لە شیکپۆشیی گرانبەها و تاکەکەسی دەکات. ئەم بۆنە بە تێکەڵەیەکی ناوازە لە سێ جۆر یاسەمین وەرگیراوە، کە هەستێکی ناسك و خانمانەیی ڕەسەن دەبەخشێت بە بۆنەکە، لە هەمان کاتدا لەگەڵ ڤانێلای بۆربۆن تێکەڵ دەبێت، کە یەکێکە لە گرانبەهاترین پێکهاتەکان لە جیهانی بۆنەکاندا.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# تاڤگەی خوێن



تاڤگەی خوێن دیاردەیەکی سرووشتیی سەیر و سەرنجڕاکێشە لە ئەنتارکتیکا و لە ساڵی ١٩١١دا، ئەم دیاردە سەیرە دۆزرایەوە. لە سەرەتادا، زاناکان پێیان وابوو ڕەنگەسورەکە لە خوێنەوە دێت، بەڵام دواتر دەرکەوت کە هۆکارەکەی ئاسنی ئۆکسیدکراوە. لەژێر بەستەڵەکەکەدا دەریاچەیەك هەیە کە تەمەنی دەگاتە نزیکەی دوو ملیۆن ساڵ، سەرەڕای ئەوەی کە پلەی گەرمی ئاوەکە -٥ پلەی سەدییە، بەڵام ناتوانێت ببەستێت بەهۆی ڕێژەی زۆری خوێ و کانزاکانی تێیدا. یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە لە ناو ئەم ئاوەدا جۆرە بەکتریایەکی تایبەت دەژی، کە توانیویەتی خۆی لەگەڵ ئەم ژینگە سەختەدا بگونجێنێت. ئەم بەکتریایانە دەتوانن بەبێ ئۆکسجین بژین و وزە لە ئاسن وەربگرن.







# تونێلی هەڵاتن لە ڤاتیکان

ئایا دەزانیت کۆریدۆرێکی ٨٠٠ مەتری هەیە کە ڤاتیکان بە کاستێل سانت ئەنجێلۆ دەبەستێتەوە، و وەك ڕێگەی هەڵهاتن بۆ پاپاکان درووست کراوە؟ لە سەرووی دیوارە کۆنەکەی ڤاتیکانەوە لە نێوان بازلیکای سانت پیتەر و کاستێل سانت ئەنجێلۆدا پاسێتۆ دی بۆرگۆ هەیە، ڕێڕەوێك کە درێژییەکەی ٨٠٠ مەترە، ئەوە نزیکەی نیو میلە! لە دەرەوە ئەم کۆریدۆرە لە دیواری شارێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێڕەوێکی تێدایە کە پاپا دەتوانێت تێیدا تێپەڕێت ئەگەر مەترسی لەسەر بێت.

ساڵی ١٤٩٤ لە سەردەمی چارڵی هەشتەمدا فەرەنسا لە کاتی جەنگی ئیتاڵیا لە ساڵانی ١٤٩٤-١٤٩٨ هێرشی کردە سەر ئیتاڵیا. کاتێك سەربازەکانی چارڵی هەشتەم لەسەر شاری ڤاتیکان دابەزین، پاپا ئەلێکساندەری شەشەم بەناو پاسێتۆدا تێپەڕی بۆ ئەوەی لە مەترسی دوور بکەوێتەوە. دوایین هەڵهاتنی پاپا لە ڕێگەی پاسێتۆ لە کاتی شەڕی ڕۆما بوو لە ساڵی ١٥٢٧، کاتێك پاپا کلیمنتی حەوتەم خۆی لەدەست ٢٠ هەزار سەرباز لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە سەردەمی چارڵی پێنجەمدا ڕزگار کرد، زۆربەی پاسەوانی سویسرا لە کاتی بەرگرییکردن لە پاپا لەم داگیرکارییەدا کوژران، بەڵام کلیمەنتی حەوتەم ڕزگاری بوو، پاسێتۆ بە تێپەڕبوونی کات دوای شەڕی ڕۆما تێکچوو و بە داخراویی بەڕووی خەڵکدا مایەوە. بەڵام بۆ ڕێزلێنان لە پاپا لە ساڵی ٢٠٠٠، پاسێتۆ نۆژەن کرایەوە.



### محەمەد سابر مێکاپ ئارتیست:

# مەیکئەپ ئارتیستی فیلم دەبێت لێهاتوو و ئاست بەرز بێت

**محەمەد سابر مەیکەپ ئارتیستێکی بەتوانای شاری هەولێرە، تا ئێستا کاری بۆ چەندین فیلم و دراما و کلیپ کردووە. لە کاری کلیپی کوردی لە ساڵی ٢٠١٦وە تا ئێستا کار بۆ هونەرمەندە ناودارەکانی عەرەب دەکات. کارەکانی وای کردووە ببێتە جێی داواکاریی زۆربەی دەرهێنەرانی دەوروبەر. بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد:**



**• ماوەی کارکردنت تا ئێستا خاوەن چەند ڤیدیۆ کلیپیت، کە کارت بۆیان کردووە، هەروەها لە چەند دراما و فیلمدا کاری مەیکئەپت کردووە؟**

- لە هەشت درامادا بە فەرمی کاری مەیکئەپم کردووە، لە چواردە کورتە فیلمدا بەشداریم کردووە و مەیکئەپم بۆیان کردووە، هەروەها کارم بۆ شەش فیلمی سینەمایی کردووە. جگە لەوانەش زیاتر لە ٢٠٠ کلیپ کاری مەیکئەپم بۆیان کردووە، جگە لەوانەش کاری ڕیکلامی بازرگانیی زۆرم کردووە.

**• بەحوکمی ئەوەی کارت بۆ چەند درامایەك کردووە وەك مەیکئەپ و وەك ئەکتەر، ئەگەر زانیاریت هەبێت، ئایا لە کاتی دابەشکردنی ڕۆڵدا ڕۆڵەکە دەدرێت بە کەسی شیاو، یان واسیتە و واستەکاری هەیە بۆ دابەشکردنی ڕۆڵ؟**

- بێ گومان ئەوە هەیە، ڕۆڵ دابەشکردن بە واسیتە هەیە. ماوەیەك بەر لە ئێستا درامایەکی عەرەبی هەبوو، ئەو ئەکتەرەی دانرابوو بە ئەکتەری سەرەکیی دراماکە، نزیکەی ١٢ ڕۆژ من تێکستی مەیکئەپم بۆی کرد. لە نزیك کۆتاییەکان ئەکتەرەکەیان گۆڕی بۆ کەسێکی دیکە، لەبەر ئەوەی هاوڕێ بوو و چەند سپۆنسەرێکی هێنابوو بۆ دراماکە، بۆیە ئەویان دانا.

**• مەیکئەپ لە ئێستادا لە چ ڕوویەکەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە؟**

- لە ئێستادا ئێمە مەیکئەپمان زۆرە، بەڵام مەیکئەپ کارمان کەمە. هەرکەسێك هەڵدەستێت دەڵێت من مەیکاپ ئارتیستم، نەخێر وانییە. مەیکەپ ئارتیست هەر ئەوە نییە بچیت فلّچە و کۆندیشنەر و کرێمێك دەست بدەیتێ و بڵێیت مەیکئەپ ئارتیستم، چونکە لە دراما بێت، یان لە فیلمدا بێت، دەبێت بزانیت ڕۆڵەکان چۆنن و پێستی کەسەکە چۆنە. دەبێت دەور و سیناریۆکە ببینم، ئەو کات دەبێت وەك مەیکئەپ کاری لەسەر بکەم. نەفەر هەبووە زانیویەتی مەیکاپی کردووە ٣٠ ڕۆژ بە نرخێك کاری کردووە کە من سی ساڵی دیکەش بەو نرخە ئەو کارە ناکەم، لەبەر ئەوەی زانیارییەکی تەواوی نییە. بێ ئیش و کارن، لەوانەیە ١٢ وەرەقە بۆ ئەو زۆر بێت لەبەرامبەر کارەکەی. کارێکی دیکە لەگەڵ خۆی ڕێك بخات، ئەوەش نییە بە پرۆفیشناڵی کار بکات.

**• هەموو کەس شایەنی ئەوەیە پێیان بڵێیت مەیکاپ ئارتیست؟**

- نەخێر، ئەوانەی لە سالۆنیش کار دەکەن هەموویان شایەنی ئەوە نین پێیان بڵێیت مەیکئەپ ئارتیست، بەڵام ئەوانەی سالۆن هەرکامێکیان بێت لەمن باشترن، لەبەر ئەوەی من کاری ڕازاندنەوەی بووك ناکەم. من تەنیا کاری دراما و سینەما و کلیپ دەکەم، بۆ نموونە شێوەگۆڕین و پیرکردن و گەنج کردن، لەوانەیە ئەوان هونەرەکەی من نەزانن.

**• بۆچی لە کارێکی هونەریدا دەنگ مێکاپ ئارتیستێکی زۆر باش مان دەست دەکەوێت، کەچی مەیکئەپ ئارتیستمان زۆرە؟**

- ئەو کەسەی مەیکئەپ ئارتیستێکی باشی دەوێت ئەوکەسە خۆی زۆر پرۆفیشناڵە. دەبێت بۆ کارێکی بەپێز نرخێکی باش بدات، چونکە کارکردن بە نرخی هەرزان ئەو کارەت پێ نادات کە دەرهێنەر یان ستافی فیلم دەیانەوێت.

**• کۆتا فیلمت کە وەك مەیکئەپ ئارتیست بەشداریت کردووە چ فیلمێك بووە؟**

- بەشداریی فیلمێکی سینەماییم کردووە بەناوی زارێ، کە لە سلێمانی پەخش دەکرێت و من مێکاپم بۆ کردووە، ئەو فیلمەش تەواو بووە.



# قەبارەی مرۆڤەکان لە پێشوودا








شێوە و قەبارەی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بەرەوبچووکبوونەوە و وردبوونەوە دەچێت، بەڵگەی مێژوویی لەسەر ئەم لایەنە هەن و زۆرن، مرۆڤەکان لە سەردەمی ڤیکتۆریادا جەستەیان زەبەلاح بووە، لە سەردەمی ڤیکتۆریا (١٨٣٧-١٩٠١)، دیاردەی وەك ڕیشی درێژی نائاسایی مایەی شانازی بووە، پیاوێك کە سمێڵ و ڕیشی درێژی سەرنجڕاکێشی هەبوو بێت، هێمای پیاوسالاری و حیکمەت و تاکایەتی بووە، سەردەمێك کە تێیدا ڕواڵەتی کەسی، گرنگییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی گەورەی پێ دەگەیاند لە ڕابردوودا.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە مەترسیی جگەرەکێشان دەکات، وەك پاشکۆیەك لە دوای ژیانی مرۆڤەیەوە، تا ئەو کاتەکەی فریشتەی ڕۆح کێشان لەگەڵ خۆی دەهێنێت.



## دیمەنە سەیرەکان

**ئێسکە پەیکەری گۆریلا و مرۆڤ**

جیاوازیی نێوان ئێسکەپەیکەری گۆریلایەکی پێگەیشتوو لەگەڵ مرۆڤدا.

## یاسا



**تاوانی (ناوزڕاندن و جنێودان)**

یاسادانەری عێراقی حوکمەکانی تاوانی تۆمەتدانەپاڵ یان ناوزڕاندن و جنێودانی ڕێك خستوە پاڵپشت بە مادەکانی ٤٣٣ بۆ ٤٣٦ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩؛ تاوانی السب (جنێودان یان قسە پێگوتن) جنێودان بە کەسێك بە جۆرێك ڕێز و شکۆمەندیی بشکێنێ، یان پێگەی کەسەکە لەکەدار بکات، یان هەستی بریندار بکات، هەرچەندە ڕووداوێکی دیاریکراوی نەدابێتەپاڵ. هەرکەسێ جنێوی بەکەسێکی دیکە دا، سزادەدرێت بەپێی مادەی ٤٣٤ لە یاسای سزادان بە بەندکردن زیاتر نەبێت و بە غەرامەکردن زیاتر نەبێت لە٢٢٥٠٠دینار، یان بە یەکێك لەو دوو سزایە. ئەگەر جنێوەکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەوە بوو لەڕۆژنامەدا بڵاو کرایەوە، یان هەر ڕێگەیەکی دیکەی ئاشکرا ئەمە بە بارودۆخی توندکردنی سزا دادەنرێت».

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر بە شێوەیەکی هاوسەنگ ڕەفتار بکەیت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هیچ کێشەیەك ڕوو نادات لە نێوان تۆ و کەسانی چواردەورتدا، پلانی گەورت هەیە بۆ لایەنی پیشەییت، هەوڵ بدە پلانەکانت جێبەجێ بکەیت و ئێستاش کاتی هاتووە، ڕۆژێکی باشە بۆ ئەوەی گەشت ئەنجام بدەیت، تەندروستیت زۆر باشە لە ئێستادا.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەگشتی چانست دەبێت لە هەر هەنگاوێك کە دەینێیت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت لە ئاستێکی زۆر باشدایە، پاڵپشتیی یەکتر دەکەن، ڕێگە مەدە سەرقاڵیی زۆر کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر تەندروستیت، کاتی زیاتر بە خێزانەکەت ببەخشە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە تەواوی دڵخۆش دەبیت و لە سترێس و دڵەراوکێ بەدوور دەبیت، دوای ماوەیەکی زۆر چانسی ئەوەت دەبێت پشوو وەربگریت و دەروونت بحەوێتەوە، لە کاتی دروستبونی هەر کێشەیەکدا لە پیشەکەتدا، خێزان و هاوڕێکانت پاڵپشتیت دەکەن، ئەم چەند ڕۆژە هیچ کێشەیەك لە ژیانی تایبەتیتدا ڕوو نادات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە چەند ڕوویەکەوە تاقی دەکرێیتەوە لەلایەن کەسانی چواردەورتەوە، ئەگەر لەلایەنی داراییەوە لەکاتی تووڕەبون یان بێ بیرکردنەوە پارە خەرج بکەیت، دواتر پەشیمان دەبیتەوە، لەبارەی ژیانی تایبەتیت زیاتر بەرپرسیارانەتر ڕەفتار بکە، کەمێك هێواشتر کاردەکەیت، ئەمەش وا دەکات زۆرینەی کارەکانت بە تەواونەکراوی بمێنێتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕۆژێکی باش دەبێت و هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، زۆرینەی کاتەکانت لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانت بەسەر دەبەیت، ئەگەر پلانەکانت لەبارەی پیشەکەتەوە جێبەجێ بکەیت، ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، گرنگی بە پیشەکەت بدە و بە ئاسانی متمانە بە هاوپیشەکانت مەکە، کێشە تەندروستییەکانت چارەسەر دەبن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەگەر بەبێ پلان کارەکانت ئەنجام بدەیت، زۆرینەکەی ڕۆژەکەت بە سەرقاڵییەوە بەسەر دەبەیت بە شێوەیەك کە کاتت بۆ خێزانەکەت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانت نابێت، لەبارەی لایەنی داراییت زیاتر وریابە و پارە لە چەند شتێکی بێسوددا سەرف مەکە، زیاتر گرنگی بە خواردنەوەی ئاو بدە.



## پەند و وتە

جوزی ساراماگۆ، نووسەری پورتوگالی، لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری ئەژانگا لە پورتوگال لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کات دەڵێ: «بەپێی تێپەڕبوونی کات، برینەکان سارێژ دەبن، هەموو شتێك دەبێتە فانی و دەڕوات، بەڵام هەندێ کات هەن برینەکان کاتیان پێویستە تا دەگەنە چارەسەربوون».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا خانوویەك هەیە، دیزاینێکی سەیری هەیە، هەوڵ بدە بزانیت دیزاینەکە بە ڕەنگ کراوە یان دیزاینەکە ڕاستەقینەیە.








بۆ زانیاریت

## وەڵامەکانی ChatGPT





توێژینەوەیەکی نوێ دەری دەخات کە وەڵامەکانی ChatGPT لە سیناریۆی چارەسەری دەروونیدا زۆرجار بەرزترە لەو چارەسەرانەی لەلایەن مرۆڤەوە نووسراوە، توێژەران زیاتر لە ٨٠٠ کەسیان بەشداری پێکرد لە چارەسەرکردن لەگەڵ چارەسەرکەر و وەڵامی دروستکراوی AI، هەژدە کورتە وەڵامی چارەسەرکردنی هەردوو لە مرۆڤ و ژیریی دەستکردیان پێشکەش کردن. دواتر بەشداربووان نەیانتوانی وەڵامەکانی مرۆڤ و ژیریی دەستکرد AI جیا بکەنەوە، ئەمەش پشتگیریی پێشبینییەکەی «ئالان تورینگ»ی دەکرد کە دەقی دروستکراوی ئامێر لە نووسینی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە. لەگەڵ بەشداریی ژیریی دەستکرد لە چاودێریی تەندروستیی دەروونی، توێژەران جەخت لەسەر پێویستیی چاودێری ئەخلاقی و یەکخستنی بەرپرسیارانە دەکەنەوە.





فیلم

## قەڵای خۆڵ - The Sand Castle

فیلمێکی ترسناك و سەرکێشییە، باس لە خێزانێك دەکات بە گەشتێك ڕوو لە بیابانێکی وشك دەکەن، لەوێدا بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە دارمانی لمی بیابان تووشی چەندین کێشە و گرفت دەبنەوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٠ خولەکە، لە دەرهێنانی ماتی براون، نووسینی میادە هیراکی، بە زمانی عەرەبییە، لە نواندنی: نادین لەبەکی، زەین ئەلریفا، زیاد باکری، ڕیمان ڕیفیا.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

چانسی ئەوە دێتە پێشت کە کار لەسەر پرۆژەیەکی نوێ بکەیت لەلایەنی پیشەییەوە، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانتدا بکەیت، هەندێك لێکتێنەگەیشتن لە نێوان تۆ و ئەندامانی خێزانەکەتدا ڕوو دەدات، تەندروستیت باشتر دەبێت ئەگەر خۆت لە سترێس و دڵەڕاوکێ بەدوور بگریت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بەهۆی زۆریی ئەرکەکانتەوە سترێسێکی زۆرت هەیە، دەربارەی پلانەکانت پێویستە بەردەوام چاوت لەسەریان بێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت باشتر دەبن بەهۆی پیشەکەتەوە، لەبارەی ژیانی تایبەتیتەوە هەموو شتێك ئاساییە، لەم کاتەدا پێویستە سەرنجی زیاتر لەسەر تەندروستیت بێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕۆژێکی کەمێك سەخت دەبێت بۆت، کارەکانت بەپێی ئەو پلانە ناڕۆن بەڕێوە کە داتنابو، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نیگەران و تووڕەیت، باشترە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت، زیاتر گرنگی بە ئەندامانی خێزانەکەت بدە و فەرامۆشیان مەکە، چەند ناکۆکییەك لە نێوان تۆ وخۆشەویستەکەتدا ڕوو دەدات بەهۆی کێشەی بچوکەوە، بەڵام زوو کۆتایی دێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەمڕۆ پێویستە زۆر وریا بیت، دووربکەوە لەوەی هیچ وشەیەکی نەرێنی بە خۆشەویستەکەت بڵێیت و ناکۆکی لە نێوانتاندا دروست ببێت، چونکە ئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە، ئەم چەند ڕۆژە بە تەواوی سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت، دەربارەی تەندروستیت وزەیەکی زۆرت هەیە و هەست بە باشی دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە کاتی تووڕەبوون پێویستە وریای وشەکانت بیت، دەنا دەکەویتەوە کێشەوە، بەتایبەتی لەلایەنی پیشەییەوە، لەلایەنی داراییەوە ڕۆژێکی ئاسایی دەبێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت زۆر بەهێزن، بەتایبەتی لەگەڵ خۆشەویستەکەت و خێزانەکەت، بەهۆی سەرقاڵیتەوە تەندروستیت فەرامۆش مەکە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دەتوانیت تەواوی ئەرکەکانت ئەنجام بدەیت بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەك بێتە پێشت، خۆشەویستەکەت هاندەرتە بۆ ئەوەی لەلایەنی پیشەییەوە زیاتر بەرەوپێش بچت و ئەنجامی ئەرێنی بەدەست بهێنیت، تەندروستیت باشە، تەنیا بەهۆی پیشەکەتەوە هەست بە ماندوێتی دەکەیت و پێویستت بە پشووە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly February 24, 2025 Issue,No.1452

